# تەنها 30% پڕناکەینەوە

**رووداو-سلێمانی**

ژنە کاندیدەکانی لیستە جیاوازەکان دەڵێن بە بێ جیاوازی لەسەر بەهێزکردنی پێگەی ژنان لەنێوەندەکانی بڕیاردا دەکەن. هاژە شێخ سلێمانی کاندیدی لیستی ئازادی وعەدالەتی کۆمەڵایەتی دەڵێ دەمانەوێ شانبەشانی پیاوان کاربکەین "نەک تەنها رێژەی 30 % پڕبکەینەوە". لانە محەممەد کاندیدی لیستی کوردستانی هەموو کاندیدە ژنەکان بە شیاو دەزانێ ودەڵێ دەتوانن ئەرکی خۆیان لەپەرلەمانی داهاتوو راپەڕێنن. کەژاڵ محەممەد کاندیدی لیستی پێشکەوتن دەڵێ دەبێ ژنان بە هەموو مافەکانیان بگەن.



4

# 20چاودێری تورک دێنە کوردستان

**رووداو-هەولێر**

سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند "نزیکەی 15-20کەسی تورک وەک چاودێری تورک هاتوونەتە کوردستان". سەفین دزەیی، لە درێژەی لێدوانەکەیدا رایگەیاند "ئەو چاودێرانەی کە هاتوون هیچیان سەر بە حکومەتی تورکیا نین، زیاتر سەر بە ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەن لە تورکیا، بەڵام بە رەزامەندی حکومەتی تورکیا هاتوون". ئەو هاتنی ئەم چاودێرانەی بە"هەنگاوێکی گرنگ" ناوبردو گوتی "هاتنی ئەو چاودێرانە هەنگاوێکی زۆر گرنگە، ئەگەر بۆ پشتگیریش نەبێ، دەبێتە جۆرێک لە دانپێدانان بە پرۆسەکە و ئەو رەوشەی ئێستا هەیە". جگە لەوە پەیامنێرانی دەیان دەزگای راگەیاندنی تورکیاش بۆ گواستنەوەی هەواڵەکانی هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25 هاتوونەتە کوردستان.



# رێژەی بەشداریکردن لەهەولێر زیاتر دەبێ



**رووداو-هەولێر**

بەکر مستەفا، بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتی لەهەولێر، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دڵخۆشی خۆی نیشاندا بەرامبەر بەهێمنی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی بانگەشەکردن لەهەولێر، گوتیشی "رێژەی بەشداریکردنی خەڵکی هەولێر لەو هەڵبژاردنە زۆر زیاتر دەبێ لە شارەکانی دیکە، بەڵام سروشتی خەڵکی هەولێر وایە ئارامی دەوێت و، لە هەولێر زۆر هەڵپەڕین نییە". هەروەها گوتیشی پێشێلکارییەکانیش لەهەولێر زۆر بچووکن. لەلایەکی دیکەوە گوتی هەر ئەندامێکی یەکێتی دەنگبداتە لیستی گۆڕان یەکێتی نییە و گوتیشی"ئەو یەکێتیانەی دەنگ نادەنە کاک مەسعود ژمارەیان زۆر کەمە".

4


ژمارە (70)
پێنجشەممە 2009/7/23
1ی خەرمانان 2709
(750) دینار
www.rudaw.net
چاپی کوردستان
Rûdaw
رووداو
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


## لیستەکان دەتوانن لە رۆژی هەڵبژاردندا ئەنجامەکان ئاشکرا بکەن

# 3 رۆژ دوای هەڵبژاردن ئەنجامەکان رادەگەیێنرێن

**جیاکردنەوەی دەنگەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێ**

**مەرەکەب لە بەریتانیاوە هێنراوە و سێ رۆژ بە پەنجەی دەنگدەرەوە دەمێنێتەوە**

**تایبەت بەرووداو**

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند کە کۆمسیۆن، سێ رۆژ دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان رادەگەیێنێ، بەڵام لیستەکان ئازادن لەوەی هەمان رۆژی دەنگدان ئەنجامی بنکەکانی هەڵبژاردن رابگەیێنن.

هەندرێن محەممەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) جەختیکردەوە کە جیاکردنەوەی دەنگەکان لەنێو بنکەکانی دەنگدان دەبێ بە ئامادەبوونی کارمەندانی کۆمسیۆن و چاودێرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیستەکان و کەناڵەکانی راگەیاندن بێ. گوتیشی" ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەخرێنە سەر فۆرمی 401، بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش دەخرێنە سەر فۆرمی 402، پاشان ئەو فۆرمانە کۆدەکرێنەوەو لە رێگەی فرۆکەوە دەنێردرێنە مەکتەبی نیشتیمانی کۆمسیۆن لە بەغدا، لەوێ ئەنجامە کۆتاییەکان رادەگەیێنرێن". ناوبراو گوتیشی "هەوڵدەدەین ئەنجامەکان لە زووترین کاتدا دەربچن، چونکە دواکەوتنی ئەنجامەکان کار لەشەفافییەتی پرۆسەکە دەکات". گوتیشی ئەوان بۆیە سێ رۆژ دوای رۆژی دەنگدان ئەنجامەکان رادەگەیەنن، چونکە دەبێ 3 رۆژ چاوەڕێی وەرگرتنی سکاڵاکان بکەن.

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان جەختی لەسەرئەوە کردەوە کە جیاکردنەوەی دەنگەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێ نەک بەغدا و گوتی" سێ رۆژ دوای هەڵبژاردن ئەنجامی سەرەتایی رادەگەیێنین، بەڵام ئەنجامی سەرەتایی قابیلی گۆڕانە".

سەبارەت بە مەرەکەبی هەڵبژاردنیش کە گومان دەکرێ وەک هەڵبژاردنەکانی رابردوو بە ئاسانی لە پەنجە ببێتەوە، هەندرێن گوتی مەرەکەبی ئەوجارە کە لە بەریتانیاوە هێنراوە "کاریگەری زۆرەو سێ رۆژ بە پەنجەی دەنگدەرەوە دەمێنێتەوە".

نزیکەی 2 ملیۆن کارتی دەنگدان وەکو یەدەگ هێنراون، سەبارەت بە گومانی ساختەکردن بەو کارتە زیادانە هەندرێن محەممەد دەڵێت "لەوانەیە خەڵک هەڵە بکات لەکاتی دەنگداندا بەهۆی نەخوێندەوارییەوە، لەو کاتەدا کارتێکی دیکە وەردەگرێت و ئەوەیتری پووچ دەکرێت". ناوبراو گوتیشی "هەر ناوەندێک 400 دەنگدەری هەیە، ئەگەر 300 کەس واژۆی کرد، دەبێت 300 کارت لەناو سندوقدا بێت، ئەگەر لە 300 زیاتر بێت و زیادەکەش لە 4% تێپەڕێت ئەو سندوقە شریتێکی سووری لێدەدرێت و هەڵدەوەشێنرێتەوە".

سەبارەت بە هاتووچۆش لە رۆژی هەڵبژاردن، جەلال کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاند "هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لەو رۆژەدا دەوەستێ، تەنیا رێگە بەو ئۆتۆمبێلانە دەدرێت کە بۆ کاری رۆژنامەڤانیو ئەمنی باجی تایبەتیان پێدراوە". گوتیشی "رۆژانی 24 و 7/25 گەشتە ئاسمانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەوەستن و لەکاژێر 12ی شەوی 7/24 بۆ کاژێر 12ی شەوی 7/25 هاتووچۆ لەنێوان شارەکاندا نابێ".

2 و 3

## قوباد تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمریکا:

# ژمارەی گێرەشێوێنان لە کوردستان کەمە



قوباد تاڵەبانی دەڵێ، ئێستاش پەیوەندی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا و کوڕەکەی باشە (فۆتۆ: رووداو)

**تایبەت بەرووداو**

نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمریکا دەڵێ حکومەتی ئەمریکا لەبەر کۆمەڵێک کێشەی نێودەوڵەتی ئاگای لە کورد نییە، بەڵام ئێمەی کورد "وادەزانین سەرۆک ئۆباما و جۆ بایدن لە سەر مێزێک دادەنیشن و دەڵێن: (دوو رۆژ لەمەوبەر لە شەقامی تووی مەلیکی سلێمانی شتێک روویدا و ئێمە دەبێ لەمبارەوە کۆبوونەوەیەک بکەین!)".

قوباد تاڵەبانی، نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمریکا، دەڵێ خۆشحاڵە کە دەبینێ خەڵک لە سلێمانی زۆر دڵگەرمن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا،بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێ "بەداخەوە هەندێک خەڵک هەن بەدوای کێشەو ئاژاوەدا دەگەڕێن. بەڵام گێرەشێوێنەکان ژمارەیان کەمە، خەڵکی سلێمانی بوێر و ژیرن و زۆر باش ئەم گێرەشێوێنانە دەناسن". قوباد تاڵەبانی پێیوایە بوونی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا "وزەی بەخشیوەتە هەموو پارتە سیاسییەکان". قوباد تاڵەبانی کە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی لەگەڵ کوڕەکەی نەوشیروان مستەفای سەرۆکی لیستی گۆڕان دا هەیە دەڵێ ئێستاش " پەیوەندیم لەگەڵی هەیە و، هەرگیز پەیوەندیم لەگەڵ ئەو و باوکی ناخۆش نەبووە".

قوباد تاڵەبانی، ئەوە بەڕاست نازانێ کە هەندێ کەس پێیوایە شاری سلێمانی پشتگوێخراوەو، دەڵێ" رکابەرێتییەکی راست و دروست لەنێوان پارێزگاکانی کوردستاندا هەیە. ئەگەر لە پارێزگایەک نەخۆشخانەیەک یان کۆلێژێک کراوە پارێزگاکەی دیکەش لەچاوی دەکاتەوە. ئەمەش ئەو جۆرە رکابەرێتییەیە کە کوردستان بەرەوپێش دەبات". قوباد تاڵەبانی دەڵێ" من تێکەڵەیەکم لە زاخۆ و کۆیە و کەرکووک و سلێمانی".

قوباد شانازی بە پەیوەندی بەهێزی خۆی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکات و دەڵێ "ئەو سەرکردەیەکی لێهاتووە و کاری باشی بۆ کوردستان کردووە".

7

# ئەمریکا بۆ دیموکراتیکردنی حکومەتی کوردستان هانی گەنجان دەدات



**تایبەت بەرووداو**

گەورە بەرپرسی ئەمریکا لە کوردستان لە رێگەی (رووداوە)وە دەڵێ ئەوان پشتیوانی لە هیچ پاڵێوراو و لیستێک ناکەن بەڵکو "پشتگیریی لە پرۆسەیەکی دیموکراتیانە دەکەین". لەهەمانکاتدا دەڵێ گەشبینن بەرامبەر ستراتیژیی نێچیرڤان بارزانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە کوردستاندا.

ئەندروو سنۆ، بەڕێوەبەری تیمی پەرەپێدانی هەرێمیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، کە گەورەترین نوێنەرایەتی ئەمریکایە لە کوردستان، لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) هەڵوێستی وڵاتەکەی لەبارەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان روونکردەوەو گوتی "خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە لە رێگەی ئێوەوە دەمەوێ بە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانی رابگەیێنم، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە پاڵپشتی لە هیچ کاندید و لیستێک و حیزبێک ناکەین، ئێمە پشتگیری لە پرۆسەیەکی دیموکراتیانە دەکەین". لەهەمانکاتیشدا گوتی ئەوان لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان دانیشتوون، بەڵام گوتی بۆ ئەوەی متمانەی نێوانیان بمێنێ نێوەڕۆکی ئەو دانیشتنانە ئاشکرا ناکات و هیوای خواست کە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا نەکرێ " ئاواتەخوازین هەڵبژاردنەکان فرۆفێلیان تێدا نەکرێ و هەموو دەنگدەران واهەست بکەن دەنگەکانیان بە هەند وەرگیراون و پرۆسەکە دادوەرانە بەڕێوەچووە". گوتیشی " ئێمە و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەین".

سنۆ، جۆش وخرۆشی "گەنجانی کوردستان" بۆ هەڵبژاردنەکان بە "گرنگ" وەسفکرد و گوتی " ئێمە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی گەنجان هاندەدەین کە پاش ئەم هەڵبژاردنانەش بەردەوام بەشداربن لە پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی حکومەتەکەیاندا". هەروەها گوتیشی " خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم گەشبینیمانە بەرامبەر ستراتیژییەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی شەفافییەت کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە راگەیێندراوەو مایەی شانازیم بوو، کە توانیم لە مەراسیمی راگەیاندنەکەیدا بەشداری بکەم. پێموایە ئەمە هەنگاوێکی زۆر ئەرێنییە لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەتە زۆر گرنگە". جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە ئەمریکا هەستێکی دۆستانەی بەرامبەر گەلی کورد هەیە، لەبەرئەوەش یەک ملیار دۆلاری خەڵکی ئەمریکا بۆ بووژاندنەوەی کوردستان خەرجکراوە "ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیهان بڕێکی زۆرە".

3

# ژن و پیاوێکی عەرەب کوردێک لە هەولێر دەڕفێنن و لە بەغدا دەیکوژن



**رووداو- هەولێر**

ژن و پیاوێکی عەرەب بە فێڵ شوفێرێکی کورد لە شاری هەولێر دەبەنە بەغدا و تەسلیمی گرووپێکی دەکەن، رفێنەرەکانیش 13 هەزار دۆلار لە بەرامبەر ئازادکردنیدا لەکەسوکارەکەی وەردەگرن، کەچی دواتریش دەیکوژن.

بارزان عەبدولهادی، 28 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی ئیسکانی شاری هەولێر، کە تازە ئۆتۆمبێلێکی بار هەڵگری کڕیبوو، رۆژی 2009/7/6 ژن و پیاوێکی عەرەب دێنە گەراجی بارهەڵگرەکان لە هەولێر و دەڵێن ماڵمان لەگەڕەکی خانەقایە و بارێکمان هەیە بۆ بەغدا، بەوشێوەیە بارزان لەسەر قسەی باوکی لەگەڵیان دەچێ بۆ بەغدا، بەڵام دوای دوو رۆژ بۆ کەسوکاری ڕووندەبێتەوە کە رفێندراوەو رفێنەرەکانیش داوای 150 هەزار دۆلار لە باوکی دەکەن، دواتر رێکدەکەون کە بەرامبەر13 هەزار دۆلار ئازادی بکەن.

عەبدولهادی ئەحمەد، باوکی بارزان بەدەستی خۆی پارەکەی بردووە بۆ بەغداو داویەتییە نوێنەری رفێنەرەکان لەنێو بازاڕێکی بەغدا کە دوو مێرد منداڵ بوون. باوکی بارزان بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی پارەکەم پێدان، ماچمکردن گوتم بەس کوڕەکەم بەردەن پارەکەتان حەڵاڵ بێت". گوتیشی "دوای نیو کاژێر بارزان پەیوەندی بە ماڵەوە کردبوو گوتبووی وا پارەکە دەژمێرن نیو کاژێری دیکە بەرمدەدەن، دواتر رفێنەرەکان تەلەفۆنیان کردو گوتیان ئێستا رۆژە ناتوانین، شەو ئازادی دەکەین، بەڵام هەر ئەو شەوە کوشتبوویان و پۆلیس تەرمەکەی هەڵگرتبووەوەو تا 12 رۆژ ئێمە نەمانزانی کوژراوە". بەپێی راپۆرتی پۆلیسی بەغدا، بارزان بەپەت خنکێنراوەو بەدوای ئۆتۆمبێلەوە کراوە.

هۆزانی برای بارزان دەڵێت، براکەی گوتبووی پارەکە بدەن چونکە ئەوانەی منیان رفاندووە پۆلیسن. بارزان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دایکی و ژنەکەی و کوڕە دوو ساڵانەکەیشی کردبوو. هۆزان دەڵێت کوڕەکەی بارزان نازانێت قسە بکات، بەڵام باوکی داوای کرد قسەی لەگەڵ بکات، منداڵەکە هەندێک دەنگی لێوەهات، بارزان دەستی بە گریان کردو تەلەفۆنەکەیان لەسەر داخست "دەنگی چۆن بڕا، ئێستاو ئێستاش دەنگی بارزانمان نەبیستەوە". هۆزان دەڵێ عەرەبەکان ئۆتۆمبێلەکەشیان بردووەو،داوا لە حکومەت دەکات بەدواداچوونی ئەو رووداوە بکات چونکە ئەو ژن و پیاوە عەرەبە دانیشتووی هەولێرن.

10

لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پاشکۆی ناونیشان بنکەکانی دەنگدان وەربگرە

# ڕاپۆرتە هەواڵ

## ئەنجوومەنی موسڵ دابەش دەکرێت



ڕووداو-ڕۆیتەرز
درمان خیتاری ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگەی نەینەوا لەسەر لیستی برایەتی ڕایگەیاند ئەگەر چارەسـەرێک بۆ کێشەکانی ئەنجوومەنی موسڵ نەکرێت" ناچارین ئەنجومەنێک بۆ 16 یەکەی کارگێڕی پێک بێنین" . گوتیشی داوا لە حکومەتی عێراق دەکەین بودجەی ئەنجوومەنی پارێزگەی نەینەوا دابەش بکات.

# ئەنجوومەنی وەزیران دەڵێ بێتاوانەو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاش دەڵێ فۆتۆکۆپییە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو-سلێمانی**

هەرچەندە زیاتر لە دوو هەفتەیە ئەنجوومەنی وەزیـــران و وەزارەتـــی ناوخۆ بەنووســـراوێک بێتاوانی جێگری پێشووی پارێزگاری سلێمانی ڕاگەیاندووەو نووسراوەکەی داوەتە ئەنجوومەنی پارێزگای ســـلێمانی، کەچی تائێستا جوتیار نوری نەگەڕاوەتەوە سەرکاری خۆی و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای ســـلێمانیش دەڵێ "من کار بەنووسراوی فۆتۆکۆپی ناکەم".

چەند مانگێـــک لەمەوبەر جوتیـــار نوری، جێگری پێشووی پارێزگاری سلێمانی بەتۆمەتی وەرگرتنی بەرتیل لە کۆمپانیایەک لیژنەیەکی لەســـەر پێکهێنرا و لەکارەکەی دوورخرایەوە، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێ " لـــە کارەکانیدا کەمتەرخەم بووە بۆیە متمانەی جێگری پارێزگاری ســـلێمانیمان لێ سەندەوە".

ماوەی 17ڕۆژە نووســـراوێکی ئەنجومەنی وەزیران، کـــە بێتاوانی ناوبـــراو دەردەخات، دەرچووە، بەڵام تائێســـتا کار بەو نووســـراوە نەکراوە .

جوتیار نوری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوان کاتێک بڕیاری دوورخســـتنەوەی منیشیان دا، چاوەڕوانـــی بڕیاری لیژنەکەیان نەکردو بڕیاری خۆیاندا، هەرچەندە تۆمەتەکەشیان هیچ ڕاست نییە " . ئەو گوتیشـــی " کێشـــەی من لەگەڵ پارێزگاری سلێمانییە، بێ ئەوەی بزانم کاک دانا چ کێشەیەکی لەگەڵ من هەیە".

ئەنجوومەنی پارێزگای ســـلێمانی تۆمەتی وەرگرتنی بڕی زیاتر لـــە 60 دەفتەر دۆلار لە بازرگانێکی شـــاری سلێمانی دایە پاڵ جوتیار نـــوری، بـــەڵام جوتیـــار نوری ئـــەو تۆمەتە ڕەتدەکاتـــەوەو دەڵێ، لیژنەکەی ئەنجوومەنی وەزیران بۆخۆی ئەوەی ســـەلماندووە کە ئەو تۆمەتە ڕاست نییەو ئەنجوومەنی پارێزگاشی لـــەوە ئاگادارکردووەتـــەوە، بەڵام ســـەرۆکی ئەنجوومەنـــی پارێزگای ســـلێمانی کە ماوەی زیاتر لە 15 ڕۆژە ئەو نووسراوەی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆی لەبەردەســـتدایە، نووسراوەکەی شاردووەتەوەو کاری پێناکات.

کاوەعەبدوڵڵا،سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی گوتی"نووسراوەکە فۆتۆکۆپییەو من کار بە نووسراوی فۆتۆکۆپی ناکەم" . گوتیشی " ئەو کێشەی لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی هەیەو نووســـراوەکەم داوەتەوە پارێزگارو قسەکانی کاک جوتیار هیچ ڕاست نین " . کاوە عەبدوڵڵا زیاتر گوتی " ئێمە خۆمان لیژنەمان دروستکرد لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، بەڵام کاک جوتیار بە دەم داواکانی ئەو لیژنەیەوە نەهات، ئیتر نازانم چۆن ڕووی دێت باسی ئەنجوومەنی پارێزگا بکات " . جوتیار نوریش دەڵێ، جگە لە لیژنەی ئەنجوومەنی وەزیران "هیچ لیژنەی دیکە دروست نەکراون و من نازانم کاک کاوە باسی چ لیژنەیەک دەکات؟ ".

(ڕووداو) پەیوەنـــدی بەبەشـــی یاســـایی وەزارەتـــی ناوخـــۆوە کردو، ســـەرچاوەیەک لەو بەشـــە ڕایگەیاند " نووسراوی فۆتۆکۆپی نەنێـــردراوە بۆ ئەنجوومەنـــی پارێزگا، بەڵکو بەنووســـراوێکی وەزارەت نووســـراوەکەی ئەنجوومەنـــی وەزیرانمان هاوپێـــچ کردووە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی" .

جێگری لـــەکار دوورخـــراوەی پارێزگاری ســـلێمانی گوتی " خـــۆ ئـــەو لێکۆڵینەوەیە بەبەلاش نەکـــراوە، ئەنجوومەنـــی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ شـــەش مانگە خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەیەن " . جوتیار نوری گوتیشـــی " داوام لە ئەنجوومەنی پارێزگا کردووە هەرکات کۆبوونەوەیان کرد ئاگادارم بکەنەوە بۆ ئەوەی بچمە کۆبوونەوەکە و لەوێ هەموو شتەکانیان بۆ ڕوون بکەمەوە" . ســـەبارەت بەدوا ڕێگەشی گوتی " مـــن تەنهـــا لەڕێگەی یاســـاوە ئەو کێشەیەم هێناوەو بەردەوامیش دەبم لەڕێگەی یاســـاوە بیگەیێنمە ئەنجام و بگەڕێمەوە سەر کاری خۆم " .

(ڕووداو)پەیوەندی بە دانا ئەحمەد مەجید پارێزگاری ســـلێمانییەوە کـــرد، بەڵام بەوەی کە کۆتایی هاتنـــی کاتی دەوامە، ئامادەنەبوو هیچ لێدوانێـــک لەوبارەوە بدات. جوتیار نوری گوتی " بڕواناکەم کێشـــەی نێوان من و کاک دانـــا پەیوەندی بەتەکەتول و ئەو شـــتانەوە هەبێـــت، بەڵام من لـــەکاک دانا تێناگەم و نازانم چ کێشـــەیەکی لەگەڵ من هەیە، چونکە دڵنیام کێشەکە بابەتی شەخسییە" . سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێـــزگاش دەڵێ " کاک جوتیار کێشەی لەگەڵ پارێزگار هەیە" .

جوتیار نوری، ڕایگەیاند کە ئەو نەک کاری نایاســـایی نەکردووەو بەرتیلی وەرنەگرتووە، بەڵکـــو ئیمزای لەســـەر تەندەری نایاســـایی نەکردووە و گوتیشـــی " ئەوکاتەی سەرۆکی لیژنەی ئیحالەکردنی تەندەر بووم، هەندێک لە تەندەرەکان بەبێ ئاگاداری من ئیحالە کراون، چونکە من ئامادەنەبووم ئیمزایان لەسەر بکەم لەبەرئەوەی نایاسایی بوون" .

## بەرتیلم وەرنەگرتووە و گرێبەستی نایاسایشم مۆرنەکردووە



جوتیار نوری، جێگری لەکار لادراوی پارێزگاری سلێمانی

## قسەکانی جوتیار ڕاست نین و ئەو کێشەی لەگەڵ پارێزگار هەیە



کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی

# ئۆپۆزسیۆن لەدهۆکیش هەیە




**ولادیمێر فان ویلخنبێرخ**
**ڕووداو-دهۆک**

خەڵکی پارێزگای دهۆک بەوە ناسراون کە مەسعودبارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتانیان خۆش دەوێت و دەڤەرێکی هێمنە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لەساڵی 2005 بنکەکانـــی یەکگرتووی ئیسلامی لەو شـــارەدا لەلایەن لایەنگرانی پارتـــی ڕووبـــەڕووی هێـــرش بوونـــەوە، چونکە خۆیان لە هاوپەیمانی کوردســـتان جیاکردەوە . بەڵام پێدەچـــێ ئەو ڕووداوە ئێســـتا لەبیرکرابێت و لایەنگرانی هەموو لیســـتەکان لەماوەی بانگەشەدا خەریکی بانگەشـــەکردن بوون لە دهۆک، بە لیستی گۆڕانیشەوە.

بەرپرســـێکی یەکگرتووی ئیســـلامی لە دهـــۆک بەناوی بەیـــان ئەحمەد دەڵێ ســـەرەڕای ڕووداوەکانـــی 2005، بـــەڵام ئەندامانی یەکگرتوو و لیستی کوردستانی پەیوەندییان لەگەڵ یەک هەیەو قسە لەگەڵ یـــەک دەکەن چونکـــە وەک خۆی گوتی" لەدهـــۆک هەموو کەس یەکتر دەناســـن"، بەڵام بەیان گوتیشی ئێمە شەهیدەکانمان لەبیر ناکەین.

هەرچەندە جێی سەرسوڕمان نەبوو بەلای منەوە کە بینیم ئامینـــە زکری پاڵێوراوی لیســـتی کوردســـتانی و هەردوو ئەندامی یەکگرتووی ئیســـلامی سەروو محەممەد و بەیان ئەحمەد زۆر دۆستانەو بەگەرموگوڕی قسەیان لەگەڵ یەکتردەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لیستی کوردستانی، یەکگرتووبەوە تۆمەتبار دەکات کە ئیسلام بۆ مەبەستی سیاســـی بەکاردەهێنێت، لەبەرامبەریشدا یەکگرتـــوو، لیســـتی کوردســـتانی بـــە گەندەڵی وخزم خزمانێ تۆمەتبار دەکات.

هەردوولاش دەڵێن پۆستەرەکانیان لەلایەن نەیارەکانیانەوە لێکراونەتەوە .

جادەکانـــی دهۆک بە پۆســـتەرەکانی لیستی کوردستانی ولیستی چوار حیزبەکە داپۆشـــراون، بەڵام پۆستەرەکانی لیستی گۆڕان بەبەراورد کەم و سنووردارن.

ئامینە زکری دەڵێ لیســـتی جیاواز لە دهۆک هەن و لیستی کوردستانی پێویستی بە بانگەشـــەکردن هەیە "جیاوازی لەنێوان هەڵبژاردنـــی پەرلەمـــان و هەڵبژاردنـــی ســـەرۆکایەتی هەرێم هەیە، هەندێ خەڵک دەنگ دەدەنە بارزانی، بەڵام دەنگ نادەنە لیستی کوردستانی".

بەرپرســـی لقی یەکی پارتی لە دهۆک سەربەســـت لەزگین، دەڵـــێ گەورەترین ڕکابەری لیســـتی کوردســـتانی لە دهۆک لیستی چوار حیزبەکەو لیستی چەپەکانە، ئەو دەڵێ لیستی گۆڕان درەنگتر هاتووەتە دهـــۆک . سەربەســـت ڕەتـــی دەکاتەوە هەڕەشیان لە لیستی گۆڕان کردبێت لەدهۆک و دەڵێ " ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن ڕاست ناکەن، پۆســـتەرەکانی لیســـتی گۆڕان لە هەموو شوێنێکی دهۆک هەن، بەڵام تائێستا لەلای خەڵک زۆر ناسراو نین".

بەڵام بەرپرســـی لیســـتی گـــۆڕان لە دهۆک هشیار عابد، دەڵێ نووسینگەکەیان داخـــراوەو لایەنگرەکانیشـــیان لەلایـــەن ئاسایشەوە دەستگیرکراون. هشیار دەڵێ "ئەوان لە لیستی گۆڕان دەترسن".

هەرچەندە مرۆڤ چ پشـــتگیرییەکی گەورەی لیســـتی کوردســـتانی و چوار حیزبەکـــە دەبینێت، بـــەڵام عابد دەڵێ بەپێی ڕاپرســـییەک لیستی گۆڕان 15-20% دەنگەکان لە دهۆک بەدەستدێنێت " ئێمە ســـەرەتا وامانزانی تەنیا خەڵکی یەکێتی دەنگمـــان پێدەدەن، بەڵام جێی سەرسوڕمانە خەڵکێکی زۆر پشتیوانی لە بەرنامەی ئێمە دەکەن" . بەڵام سەربەست لەزگین دەڵـــێ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وێنەیەکی زۆر جیاواز نیشاندەدەن .

هەرچەندە زۆربـــەی خەڵک لە دهۆک دەڵێن دەنگ بە لیســـتی کوردســـتانی دەدەن، بەڵام بوونی لیستەکانی دیکە ئەوە نیشـــاندەدا کە لە دهۆکیش ئۆپۆزسیۆن هەیە.

### لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا

# هاتوچۆی ئاسمانی و زەمینی دەوەستێ

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی ڕێنماییەکانـــی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان، لە ڕۆژی هەڵبـــژاردن دا هاتووچـــۆی ئۆتۆمبێـــل لە تەواوی شـــارەکانی هەرێمی کوردســـتاندا دەوەســـتێ، تەنیا ڕێگە بـــەو ئۆتۆمبێلانە دەدرێت کە بـــۆ کاری ڕۆژنامەڤانیو ئەمنی باجی تایبەتیان پێدراوە .

جەلال کەریم، بریکاری وەزیری ناوخۆ لە ســـلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەزارەتی ناوخـــۆ باجـــی دروســـتکردووەو بەســـەر پارێزگاکاندا دابەشـــیکردووە و باجەکانیش دەدرێتـــە لیژنـــەی ئەمنـــی و ئـــەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی دەتوانن باجی تایبەت وەربگرن بۆ هاتووچۆی ئۆتۆمبێلەکانیان، ڕۆژانی 24 و 7/25 گەشـــتە ئاسمانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان دەوەستن و لەکاژێر 12ی شەوی 7/24 بۆ کاژێر 12ی شەوی 7/25 هاتووچۆ لەنێوان شارەکاندا نابێ" .

شێخ جەعفەر مستەفا، وەزیری پێشمەرگە، ڕایگەیانـــد کە هێزی پێشـــمەرگە دەســـت لەکاروبارەکانـــی ڕۆژی هەڵبژاردن وەرنادات و "پێشـــمەرگە تەنیا دەنگی خۆی دەدات و ڕۆژی هەڵبژادنیش سنوورەکان دەپارێزێت" .

### بەهۆی سێ مانگ دواکەوتنی مووچەیان

# سەحوەو قاعیدە لە کەرکووک لێک نزیکدەبنەوە



**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**ڕووداو-کەرکووک**

بەهۆی ئەوەی ســـێ مانگـــە مووچەیان وەرنەگرتووە، مەترسی ئەوە هەیە هێزەکانی سەحوە لە ســـنووری پارێزگای کەرکووک پەیوەندی بە هێزەکانـــی قاعیدەوە بکەن، ئەمـــە لەکاتێکدایە کە نزیکـــەی 10 هەزار چەکداری ســـەحوە لەسنووری پارێزگای کەرکووکدا هەن.

مولازم عەمـــار حەیدەر، لـــە هێزەکانی ســـەحوە لە ســـنووری قەزای حەویجە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ماوەی ســـێ مانگە مووچەیان وەرنەگرتووەو دووچاری بێزاریەکی زۆربـــوون و خەریکە چەکدارەکانیان لە ژێر کۆنترۆل دەردەچن" چەندین جار داوای دانی مووچەمان لەحکومەت کردووە، بەڵام ئەوان تاوەکو ئێســـتا هیچ وەڵامێکیـــان نەبووە"، هەروەها گوتیشی "ئێمەش ئەوانەمان ئاگادار کردووەتەوە لە هەبوونی مەترسی ئەو هێزانە لە ناوچەکەدا، چونکە بەشێکی زۆریان بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو مووچەیە" .

بەڕێوەبەری ئاسایشی نیشتمانی عێراق لە کەرکووک ئاماژە بەوە دەکات مانەوەی ئەو هێزانە بەبێ مووچە مەترسی گەیشتنی دەســـتی هێزەکانی قاعیدەیان لێدەکرێت. عەمید نەوزاد بەرزنجی، بەڕێوەبەری ئاسایشی نیشـــتمانی لـــە کەرکووک بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"گومانی ئـــەوە دەکەین هێزەکانی قاعیدە لەناوچەکەدا ئـــەو هەلە بقۆزنەوەو دەســـت بخەنە ناو ڕیزەکانی ســـەحوەو بۆ کاری تووندوتیـــژی بەکاریان بێنن،ئێمەش ســـەرووی خۆمان لە مەترســـی ئەو کارە ئـــاگادار کردووەتەوە، چونکە گەیشـــتنی دەستی قاعیدە بۆ ناو ئەو هێزانە مەترسی تووندوتیژی زیاتر دەکات لەسنووری شاری کەرکووک" .

بەپێی ئامارێکی نارەسمی لە کەرکووک نزیکـــەی 10 هەزار چەکداری ســـەحوە لە ناوچەکانـــی حەویجە و ڕیازو شـــوێنەکانی دیکەی کەرکووک هـــەن، لەکاتێکدا هەموو چەکدارەکانی ئەو هێزانە عەرەب و بەشێکی کەمیان تورکمانن.

### دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر تیرۆرکردنی سۆران مامەحەمە دا

# ڕێکخراوێکی ئەمریکی داوای دۆزینەوەی تیرۆرکەرانی دەکات

**ئاکۆ محەممەد شوانی**
**ڕووداو-کەرکووک**

کەسوکاری سۆران مامە حەمە یەکێتی و پارتـــی تۆمەتبار دەکەن بە کوشـــتنی کوڕەکەیان، گلەییش لـــە پۆلیس دەکەن کە تائێســـتا بکوژانی ســـۆرانی دەستگیر نەکردووە، بەرپرســـێکی پۆلیســـیش لە شارەکە دەڵێت "کەسوکاری سۆران داوای یاســـاییان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە و دەستیان لە دۆسیەکە کێشاوەتەوە".

ڕۆژی 2008/7/21، ڕۆژنامەنـــووس سۆرام مامە حەمە، 23 ساڵ، کە پەیامنێری گۆڤاری لڤین بوو، پێشـــتریش پەیامنێری ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت بوو، لەلایەن چەنـــد چەکدارێکی نەناســـراوەوە لە بەر دەرگای ماڵەکەیـــان لە کەرکوک درایە بەر دەســـترێژی گوللەو تیرۆر کرا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەســـەر ڕووداوەکەدا تائێستا ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە دیار نین و دەستگیر نەکراون.

فەرمان مامە حەمە، کە برای ســـۆرانە، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر تیرۆرکردنی براکەی هێشتا گومانی لە یەکێتی و پارتییە کە براکەیان تیـــرۆر کردبێ و گلەییش لە هێزەکانـــی پۆلیس دەکات کە تائێســـتا بکوژانـــی براکەیان دەســـتگیر نەکردوون "بۆچی ڕۆژانە گرووپی تیرۆریستی دەسگیر دەکرێـــن، کەچی تاوەکو ئێســـتا بکوژانی سۆران دەسگیر نەکراون".

فەرمـــان ئامـــاژەی بـــەوەدا کـــە هەر یەک لـــە مەســـعود بارزانی، ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتان و د.بەرهەم ســـاڵح جێگری ســـەرۆک وەزیرانی عێراق بەڵێنی بەدواداچوونی دۆسیەی سۆرانیان دا "بەڵام بەداخەوە هەر لەبیریان کردووە" . گوتیشی "یەکێتی و پارتی باش دەزانن کێ سۆرانی تیرۆر کردووە، بەڵام خۆیان کەڕ دەکەن" .

بەڵام عەقید یادگار شوکر، بەڕێوەبەری سەنتەری هەماهەنگی پۆلیسی کەرکووک ڕایگەیاند کەسوکاری سۆران دەستیان لە دۆسیەکەی هەڵگرتووەو گومانیان لەسەر کەس نییە "ئەوان گومانیان لەســـەر هیچ کـــەس نییە، بۆیە دۆســـیەکەی داخراوە، داوایان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە،لەبەر ئەوە ئەوان خۆیـــان کەمتەرخەم بوون لە ئاست شەهیدکردنی سۆران دا" .

ســـۆران پێش تیرۆرکردنـــی بابەتێکی لەبارەی پەیوەندی بەرپرســـانی کەرکووک لەگەڵ تۆڕەکانی لەشفرۆشی لە گۆڤاری لڤین دا بڵاوکردبووەوە . سۆران لە ڕاپۆرتەکەیدا بانگەشەی ئەوەیکردبوو کە ناوی چەندین "عەقید و موقەدەم و ئەفســـەری پۆلیس و ئاســـایش"ی لەلایـــە کە کڕیـــاری ئەو لەشفرۆشانەن.

لیوا جەمال تاهیر لە پۆلیسی کەرکووک بە کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان، کە ڕێکخراوێکە بنکەی لە ئەمریکایە ڕاگەیاندووە کە لێکۆڵینـــەوە لە تیرۆرکردنی ســـۆران "بەردەوامە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئەنجامێک نییـــە" . ئەحمـــەد میرە، سەرنووســـەری گۆڤاری لڤیـــن لە لێدوانێکدا بۆ کۆمیتەکە باوەڕی وایە هیچی وا نەکراوە "بەرپرســـان دەیانەوێت بەهەر شێوەیەک بۆیان بکرێت مەسەلەکە پشتگوێ بخەن" .

هەروەها محەممەد عەبدولدایم، ڕێکخەری بەرنامەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لەو ڕێکخراوە دەڵێ "زۆر نیگەرانین کە بکوژانی ســـۆران مامە حەمە هێشـــتا ئازادانە دەســـوڕێنەوە، داوا لە بەرپرسان دەکەین ئەو کەســـانەی کە بەرپرســـن لە تیرۆرکردنی سۆران ڕاپێچی دادگا بکرێن" .

لەتیـــف فاتح فەرەج، ســـکرتێری لقی کەرکووکی ســـەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردســـتان لـــە ســـاڵیادی تیرۆرکردنی ســـۆران مامە حەمـــە دا بـــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوەندەی گرنگی بە یادکردنەوە دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە بەدواداچوون بۆ دۆسیەکەی نییە، من پێموایە، پۆلیسی کەرکووک کەمتەرخەمبووە لە ئاســـت ئەو کارەســـاتە، بۆیە تائێستا کەس دەستگیر نەکراوە" .



سۆران مامە حەمە



## راپۆرت

**UN دژی ریفراندۆمە لە کەرکووک**

ڕووداو-ڕۆیتەرز
دیپلوماتکارێکی ڕۆژئاوایی ڕایگەیاند کە نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە کورد دەکات چیتر گوشار نەکەن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووک. دیپلوماتکارەکە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت گوتی " UN پشتگیری لەو ریفراندۆمە ناکات کە داوا لە هاووڵاتیانی کەرکووک بکرێت ئایا دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا، چونکە ئەوە شەڕی



## ئەندروو سنۆ، بەڕێوەبەری تیمی پەرەپێدانی هەرێمیی ئەمریکا لە کوردستان:

# ئەمریکا پشتگیریی لە هیچ کاندید و لیستێک ناکات

**ئەندروو سنۆ، بەڕێوەبەری تیمی پەرەپێدانی هەرێمیی ئەمریکایە لە کوردستان، ماوەی دوو هەفتەیە هاتووەتە کوردستان و ئەو بەرپرسیارێتییەی وەرگرتووە. سنۆ، لەساڵی 1991ەوە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاردەکات، لە چەندین وڵات لە پۆستی دیپلۆماسیدا کاری کردووە، خێزاندارە و چوار کوڕی هەیە.**

**ڕووداو-هەولێر**

**ڕووداو: چۆن دەڕوانییە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی کوردستان؟**

**ئەندروو سنۆ:** هێشتا زۆر زووە بۆ هەڵسەنگاندنیان. ئەمریکا پشتگیری لە هەڵبژاردنێکی سەربەخۆو دادوەرانە و باوەڕپێکراو دەکات، هیوادارین هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ئەم ئاکارانەی پێوە دیار بن. ئێمەش لەم هەڵبژاردنانەدا هاوشان لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاودێری هەڵبژاردن دەکەین.

**ڕووداو: ریفراندۆم لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان دواخرا، سەرۆک وەزیرانی عێراق نووری مالیکیش لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ وۆل ستریت جورنال گوتی من داوام لە جۆ بایدنی جێگری ئۆباما کرد ئەم ریفراندۆمە دوابخات، چ تێبینییەکت لەوبارەوە هەیە؟**

**ئەندروو سنۆ:** من هیچ تێبینیەکم نییە لەسەر لێدوانەکەی مالیکی، بەڵام تێبینیم لەسەر دواخستنی ریفراندۆم هەیە. هیوادارین دواخستنی ریفراندۆم کاتی زیاتر بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی تاوەکو کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. دواکەوتنی ئەم ڕاپرسییە لەوانەیە کاتێکی پتر بداتە خەڵکی کوردستانیش بۆ زێتر گفتوگۆکردن لەسەر دەستوور.

**ڕووداو: بەپێی چاودێریکردنتان، هیچ پێشێلکارییەک هەبووە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە کوردستان؟**

**ئەندروو سنۆ:** ئەرکی ئەمریکا نییە لەم بارەوە حوکم بدات، بڕیاردان لە سەر ئەم بابەتە کاری کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەسەڵاتی دادوەری عێراقە. بەگرنگی دەزانم جەخت لەوە بکەمەوە کە ئێمە پشتگیریی لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەین، داوا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانیش دەکەین بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراتیانە چالاکییەکانیان ئەنجامبدەن. ئەگەر هەر سکاڵایەکیش هەبێت دەکرێ لە ڕێی کەناڵەکانی بەردەستەوە بگاتە کۆمیسیۆن. پێمانوایە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق کە لەلایەن کۆمیسیۆنەوە بەڕێوەچوون یەکجار باش و سەرکەوتوو بوون. بۆیە ئێمە پشتگیریی لە ڕۆڵی کۆمیسیۆن و ئەم پرۆسەیە دەکەین و هەموو لایەنێک هاندەدەین کە لە حاڵەتی بوونی پێشێلکاری پەنا بۆ کۆمیسیۆن ببەن.

**ڕووداو: کارتی کاری کەمال میراودەلی لە سەر بۆردی ڕاگەیاندنی پشت مێزەکەتانە، ئایا کەمال میراودەلی هیچ سکاڵایەکی بۆ لای ئێوە هێناوە؟**

**ئەندروو سنۆ:** ئێمە لەگەڵ هەموو کاندید و لیستەکان چاوپێکەوتن دەکەین، خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کە لە ڕێگەی ئێوەوە دەمەوێ بە هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستانی ڕابگەیێنم، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە پاڵپشتی لە هیچ کاندید و لیستێک و حیزبێک ناکەین، ئێمە پشتگیری لە پرۆسەیەکی دیموکراتیانە دەکەین. ئێمە تەواو بێلایەنین. ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنێکیش هەڤدیتنمان هەیە و پێموایە ئەمە کارێکی باشە چونکە پێویستە هەموو حیزبە سیاسییەکان بناسین. لەگەڵ حکومەت و زۆر دامەزراوە و لایەنی ئێرە چاوپێکەوتنمان هەبووە.

**ڕووداو: ئاخۆ هیچ لیست یان پارتێک سەبارەت بە نیگەرانییەکانیان لەمەڕ ئەگەری ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا سەردانیان کردوون؟**

**ئەندروو سنۆ:** هەروەک پێشتریش گوتم ئێمە تا بۆمان کرابێت لەگەڵ زۆربەی حیزبەکان نەک هەموویان قسەمان کردووە. بەڵام ناتوانین وردەکارییەکانی ئەم گفتوگۆیانەمان بۆ ئێوە بدرکێنین، لەبەرئەوەی ئەگەر وابکەین کەس متمانەمان پێ ناکاتەوە بێتەوە لامان.

**ڕووداو: لێکدانەوەت چییە بۆ نیگەرانی یان پێشبینییەکانی ئەم لیستانە سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

**ئەندروو سنۆ:** بە دڵنیاییەوە ئاواتەخوازین هەڵبژاردنەکان فروفێڵیان تێدا نەکرێ و هەموو دەنگدەران واهەست بکەن دەنگەکانیان بە هەند وەرگیراون و پرۆسەکە دادوەرانە بەڕێوەچووە. ئێمە و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکەین.

**ڕووداو: هەندێک کێشەی هەڵپەسێردراو لەنێوان بەغدا و هەرێمی کوردستاندا هەن، ئەو هەڵبژاردنانە هیچ تەکانێک بە چارەسەری ئەو کێشانە دەدەن؟**

**ئەندروو سنۆ:** باڵیۆزی ئێمە، بەڕێز کریس هیڵ جەختی لە سەر دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ کردووەتەوە بۆ چارەسەری ئەم کێشانە و ئەمەش زۆر گرنگە. هیوادارین بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا درێژە بە دانوستان و گفتوگۆکانیان بدەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان.

**ڕووداو: دەڵێن ئەمریکا لەسەر هەندێ کێشە دژی بۆچوونی پارتی و یەکێتییە، ئایا بەم مۆیەشە کە ئەمریکا لە کوردستاندا بە دوای جێگرەوەیەک بۆ دوو حیزبی دەسەڵاتدارا دەگەڕێت؟**

**ئەندروو سنۆ:** زۆر پێم خۆش بوو ئەم پرسیارەتان کرد چونکە هەروەک پێشتر پێمگوتن ئێمە پشتگیریی هیچ حیزبێک ناکەین لەم هەڵبژاردنەدا، ئێمە پشتگیریی لە پرۆسەیەکی دیموکراتی دەکەین و بەتەواوی بێلایەنین.

**ڕووداو: ڕاتان بەرامبەر ئەو گەرموگوڕییەی خەڵکی کوردستان بۆ دەنگدان چییە؟**

**ئەندروو سنۆ:** زۆر خۆشحاڵین کە ئەم گەرموگوڕییەی گەنجانی کوردستان و جۆشوخرۆشی جەماوەر بۆ ئەم هەڵبژاردنانە دەبینین، چونکە ئەمە بۆ پرۆسەی دیموکراسی گرنگە. لە هەمانکاتدا ئێمە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی گەنجان هاندەدەین کە پاش ئەم هەڵبژاردنانەش بەردەوام بەشداربن لە پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی حکومەتەکەیاندا. خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم گەشبینیمانە بەرامبەر ستراتیژییەتی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی شەفافییەت کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە ڕاگەیێندراوەو مایەی شانازیم بوو، کە توانیم لە مەراسیمی ڕاگەیاندنەکەیدا بەشداری بکەم. پێموایە ئەمە هەنگاوێکی زۆر ئەرێنییە لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەتە زۆر گرنگە. لە کۆتاییدا تەنیا دەمەوێت ئاماژە بە هەستی دۆستانەی حکومەتی ئەمریکا بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بکەم. دەمەوێت ئێوە ئەوە بزانن کە باجەدەرانی حکومەتی ئەمریکا لەدوای ساڵی 2003ەوە بڕی پتر لە یەک ملیار دۆلاریان بۆ بووژاندنەوەی هەرێمی کوردستان لە زۆر پرۆگرامی جیاوازدا خەرجکردووە، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی جیهان بڕێکی زۆرەو ئێمە دڵخۆشین بەوەی کە بەشمان لەو یارمەتیدانەدا هەبووە. بەڵام یارمەتی و پێشکەوتنەکە فرە لایەن بووە و ئەمریکا تەنیا ئەو نووسینگەی ئێمەی نییە.

### یەک ملیار دۆلاری باجدەرانی ئەمریکا لە بووژاندنەوەی کوردستان خەرجکراوە

### گەشبینین بە ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەلایەن سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە

# لیستەکان لە ڕۆژی هەڵبژاردن دا ئەنجامەکان ئاشکرا دەکەن



## بەرپرسی کۆمسیۆن لە هەولێر: هەوڵدەدەین ئەنجامەکان لە زووترین کاتدا دەربچن، چونکە دواکەوتنی ئەنجامەکان کار لەشەفافییەتی پرۆسەکە دەکات

**ڕووداو-هەولێر**

بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند پاش کۆتایی هاتنی هەلبژاردن لە بنکەکانی دەنگدان، بەئامادەبوونی نوێنەرانی لیستەکان و نوێنەرانی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی هەرێم و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەنگەکان جیادەکرێنەوەو لیستەکان بۆیان هەیە ڕاستەوخۆ ئەنجامەکان ڕابگەیێنن و پاش سێ ڕۆژیش کۆمسیۆن ئەنجامە سەرەتاییەکان ڕادەگەیێنێت.

هەندرێن محەممەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆن ئەوەشی ڕاگەیاند کە تەواوی پێویستییەکانی هەڵبژاردن، وەک فۆرمی دەنگدان و مەرەکەب، فانۆس، پەڕاوگەو نایلۆن گەیشتوونەتە کوردستان. هەروەها 33317 کارمەندیش بۆ بنکەکان ئامادەکراون. جگە لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کە ئەوانیش لە بنکەکانیان لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی دەنگدان دا بەشداردەبن.

### 90% هەڵبژاردنەکە پاک دەبێت

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو ڕێگایەکیان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک گرتووەتەبەر. هەندرێن محەممەد، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تاوەکو ئێستا 7500 باجمان داوەتە چاودێرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زیاتر لە 900 باجیشمان داوەتە نوێنەری قەوارە سیاسییەکان و 250 چاودێری نێودەوڵەتیش هەن کە باجەکان لە مەکتەبی نیشتیمانی وەردەگرن".

هەندرێن پێیوایە چاودێری ڕێکخراو و لیستەکان لە بنکەکانی دەنگدان پێوەر دەبێ بۆ پاکی هەڵبژاردنەکان "ئەگەر قەوارە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گرەنتی ئەوە بدەن 90% ی نوێنەرەکانیان لە بنکەکانی دەنگدان دەبن، منیش 90% گرەنتی دەدەم کە ئەو هەڵبژاردنە، پاک دەبێت".

لەهەڵبژاردنی 2005دا، زۆر کەس چەند جارێک دەنگیاندا، بۆیەش دەنگەکانی هەندێ لە شوێنەکان زۆر زیاتری دەنگدەرانی ئەو ناوچانە بوو، لەبەر ئەوەش دەنگەکانی قەزای سۆران و کۆیە حساب نەکران.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمجارە دەرفەتی ئەوە نییە، دەنگدەر زیاتر لە جارێک دەنگبدات، لەبەرئەوەی تەنیا بۆی هەیە لەو بنکەیە دەنگبدات کە ناوی لێ هەیە، نەک وەک جاری ڕابردوو بتوانێ بچێتە نزیکترین بنکە لە شوێنەکەیەوە، وەک جاری پێشوو لە هەموو بنکە و سندوقەکاندا ناوی نییە، هەروەها بەقسەی کۆمسیۆن ئەو مادە کیمیاوییە تایبەتەی کە پێی دەگوترێت مەرەکەب، کاریگەری زۆرەو سێ ڕۆژ بە پەنجەی دەنگدەرەوە دەمێنێتەوە.

26 هەزار دەنگدەر لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە ناویان بۆ دەنگدان لە ڕۆژی 23 (ڕۆژی دەنگدانی تایبەت) نەگەڕایەوەو، بەپێی بڕیاری کۆمسیۆن ئەوانە لە 7/25 دەنگ دەدەن، ئەمەش گومانی ئەوەی دروستکردووە کە بەهۆی ئەو 26 هەزار کەسەوە لە هێزی پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش خەڵکی دیکە هەبێت دووبارە دەنگبداتەوە. هەندرێن دەڵێت "پێشمەرگە ئەگەر 7/23 دەنگبدات لە 7/25 بۆی نییە دەنگ بدات و ناوی نییە، ئەو 26 هەزار کەسەش ڕۆژی 25ی مانگ دەنگ دەدەن و ئەوانەش لە 7/23 ناویان هەیە لە 7/25 ناویان نییە بۆ دەنگدان".

### سزای لیستەکان

تائێستا چەندلیستێک بەهۆی سەرپێچیکردن لە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن، بەپارە سزا دراون، هەندێک سەرپێچیش دیاریکراوە ئەگەر هەر لیستێک لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا ئەو سەرپێچییانە بکات دەردەکرێت لەململانێی هەڵبژاردن. بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دەڵێت "ئەگەر لیستێک تەعەدا لە دەنگدەر بکات یان گوشار بخاتە سەر کارمەندانی کۆمسیۆن بۆ ئەوەی ساختەکاری بکەن یان کەلوپەلی کۆمسیۆن بدزن، ئەو لیستە لەکێبرکێی هەڵبژاردن دوور دەخرێتەوە".

### 2 ملیۆن کارتی دەنگدانی زیادە هاتووە

ژمارەی دەنگدەرانی کوردستان 2ملیۆن و 500 هەزار کەسە، بەڵام کۆمسیۆن بۆ هەریەک لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان 3ملیۆن و 500هەزار کارتی هێناوە. بوونی ئەم کارتە زیادانەش گومانی ئەوە دروستدەکات کە دەرفەت بۆ ساختەکاری بخولقێنێت.

هەندرێن، هۆکاری هێنانی ئەم کارتە زیادانە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لەوانەیە خەڵک هەڵە بکات لەکاتی دەنگدان دا بەهۆی نەخوێندەوارییەوە، لەو کاتەدا کارتێکی دیکە وەردەگرێت و ئەوەیتری پووچ دەکرێت "لە2005دا کارتەکانی ناوچەی خەلیفان هەموویان سووتان، سەرلەنوێ بۆمان ناردنەوە، ئەو ئەگەرانەمان ڕەچاوکردوون". ناوبراو گوتیشی "هەر ناوەندێک 400 دەنگدەری هەیە، ئەگەر 300 کەس واژۆی کرد، دەبێت 300 کارت لەناو سندوقدا بێت، ئەگەر لە 300 کەمتر بێت گرفت نییە، بەڵام ئەگەر لە 300 زیاتر بێت و زیادەکەش لە 4% تێپەڕێت ئەو سندوقە شریتێکی سووری لێدەدرێت و هەڵدەوەشێنرێتەوە".

### دەنگ جیاکردنەوە لە کوردستان دەبێت

دوای کۆتایی هاتنی دەنگدان، ڕاستەوخۆ دەنگەکان جیادەکرێنەوە، بەپێی بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، جیاکردنەوەی دەنگەکان لەنێو بنکەکانی دەنگدان دەکرێت و هەر سندوقێک لە کۆتایی پرۆسەی دەنگدان لەبەردەم نوێنەری لیستەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و چاودێران دا دەکرێتەوەو دەنگەکان دەژمێردرێن و، ئەنجامەکەی دەخرێتە سەر فۆرمی 401 بۆ پەرلەمانی کوردستان و بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش دەخرێتە سەر فۆرمی 402.

هەندرێن محەممەد دەڵێت "ئەو فۆرمانە کۆدەکرێنەوەو لە ڕێگەی فرۆکەخانەوە دەنێردرێنە مەکتەبی نیشتیمانی کۆمسیۆن لە بەغدا، لەوێ ئەنجامە کۆتاییەکان ڕادەگەیێنرێن".

بەڵام ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆن دەڵێ، لیستەکان بەهۆی زانیارییەکانی نوێنەرانیان لە بنکەکانی دەنگدان دەتوانن لە هەمان کاتی جیاکردنەوەی دەنگەکان دا لە بنکە و ناوچەکان دا، ئەنجامەکانیان ڕابگەیێنن، ئەوە بە پێشێلکاری دانانرێ " بەڵام ئەنجامە فەرمییەکان ئەو ئەنجامانەن کە کۆمسیۆنی باڵا ڕادەگەیێنێ و ڕاگەیاندنی لیستەکان نابێتە مەرجەع، چونکە لەوانەیە نوێنەری حیزبێک بۆ ئەوەی خۆی لای بەرپرسانی خۆشەویست بکات بڵێت لەو وێستگەیە 90% مان هێناوە، لەکاتێکدا واش نەبێ".

هەندرێن محەممەد گوتیشی "ئەنجامە سەرەتاییەکان دوای سێ ڕۆژ لەلایەن کۆمسیۆنەوە ڕادەگەیێنرێن، بەڵام ئەوە ئەنجامی کۆتایی نییە، چونکە دەبێ 3 ڕۆژ چاوەڕێ بکەین بۆ وەرگرتنی سکاڵاکان"، ئەو بەرپرسەی کۆمسیۆن گوتیشی " هەوڵدەدەین لە زووترین کاتدا ئەنجامەکان دەربچن، چونکە دواکەوتنی ئەنجامەکان کار لەشەفافییەتی پرۆسەکە دەکات".

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) جەختی لەسەرقسەکانی بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆن کردەوەو گوتی " پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت، دوای تەواوبوونی دەنگدان بنکەکان دادەخرێن پاشان بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری بنکەو وێستگەکان و کارمەندان و چاودێری ناوخۆ و دەرەوە و نوێنەری قەوارە سیاسییەکان پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکان ئەنجامدەدرێ"، هەروەها گوتیشی "پاش سێ ڕۆژ ئەنجامی سەرەتایی ڕادەگەیێنین، ئەنجامی سەرەتایی قابیلی گۆڕانە".



کۆکردنەوە و هەژمارکردنی دەنگەکان لە نووسینگەی نیشتیمانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە بەغدا، لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا

# ڕیپۆرتاژ

## سوپای عێراق پەیوەندی هەولێروبەغدا تێکدەدات



ڕووداو-سەوا

**خەسرۆ گۆران بەرپرسی لقی پارتی لە موسڵ چەند لایەنێکی سوپای عێراقی تاوانبارکرد کە کێشە و گرژییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تووندتر دەکەن. گۆران گوتیشی "کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان گەورەترین مەترسیدارترین کێشەی نێوان هەولێر و بەغدان و حکومەتی عێراق لەو کێشەیە بەرپرسە".**

## بەکر مستەفا، بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتیی لە هەولێر:

# تەنیا ژمارەیەکی کەم لەیەکێتییەکان دەنگ بە کاک مەسعود نادەن



**عیسا عەبدولقەهار**
**ڕووداو-هەولێر**

بەکر مستەفا بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتی لە هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) پێشبینی دەکات لە دوو ڕۆژی پێش هەڵبژاردن ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی گۆڕان بێنەوە ناو یەکێتی و هەروەها دەڵێت "ئەو یەکێتیانەی دەنگ بە کاک مەسعود نادەن ژمارەیان زۆر کەمە".

بەپێچەوانەی ئەوانەی دەڵێن هەولێر نووستووەو لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا سیمای هەڵبژاردنی پێوە دیار نییە، بەکر مستەفا، بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتی دڵخۆشە بەو شێوەی ئێستای بەڕێوەچوونی پرۆسەکە لە هەولێر "چونکە بانگەشەی هەڵبژاردن بە ئارامی بەڕێوەدەچێ، نابینم خەڵک هەراسان بکرێ، یاخود ڕێگە لە کاسبکاران و کاری خەڵک بگیرێ، ئەوەی من لە هەولێر هەستی پێدەکەم، کارەکان زۆر بە ڕێکوپێکی بەڕێوەدەچن، بۆیە ئەگەر وا بڕوات، ئەنجامێکی باش و سەرکەوتوومان لە هەڵبژاردن دەبێ".

بەرپرسی مەڵبەندی 3ی یەکێتی ڕەتیکردەوە کە خەڵکی هەولێر سارد بن لە دەنگدان و یان بە ترسەوە دەنگ بدەن "ڕێژەی بەشداریکردنی خەڵکی هەولێر لەو هەڵبژاردنە زۆر زیاتر دەبێ لە شارەکانی دیکە، بەڵام سروشتی خەڵکی هەولێر وایە ئارامی دەوێت، لە هەولێر زۆر هەڵپەڕین نییە، لەوانەشە لە چەند ڕۆژیتر تۆزێک گەرم و گوڕی لە هەولێر زیاد بکات".

تائێستا لیستی کوردستانی و گۆڕان زیاتر لە 150 سکاڵایان لەسەر یەکتری تۆمار کردووە، کە بەشێک لەو پێشێلکاریانە لە شاری هەولێر بوون. بەرپرسی مەڵبەندی سێ دان بەوە دادەنێت کە بەشێک لە پێشێلکارییەکان لەشاری هەولێر ڕوویانداوە "بەڵام پێشێلکارییەکانی هەولێر زۆر بچووکن، لەوانەیە لافیتەیەک بە هۆی باوە لە دیوار بووبێتەوە، هەردوو لیست دەڵێن بەرامبەرەکانمان لێی کردووەتەوە".

ڕەنگە پێشبینی کردنی دەنگهێنانی لیستەکان کەمێک ئەستەم بێ و، زۆربەی لیستەکان پێشبینییەکان بەلای خۆیاندا لار دەکەنەوە، جگە لەوەش تائێستا لە کوردستان دەزگایەکی ڕاپرسی پرۆفیشناڵ نییە. بەکر مستەفا لەبارەی پێشبینی لیستەکەیان دەڵێت "دەنگێکی زۆر دەهێنین، بە تایبەتیش لە شاری هەولێر، بەڵام حەز ناکەم بڵێم ئەوەندە کورسییە دەهێنین".

سەبارەت بە دەنگهێنانی لیستەکانی دیکەش، بەکر مستەفا گوتی "زەحمەتە بتوانم ئەوە دیار بکەم، لە هەر شوێنێک بە جۆرێکە و، هەرچەند ڕۆژ جارێک بە جۆرێک وەزعەکە دەگۆڕێ، بۆیە ناتوانم بڵێم لە دوای ئێمە چ لیستێک زۆرترین دەنگ دەهێنێ".

بەشێک لە چاودێران پێیانوایە ئەو ڕێککەوتنەی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ قۆرخکردنی دەسەڵاتە لە کوردستان،

## ئەوەی دەنگبداتە لیستی گۆڕان یەکێتی نییە

بەڵام بەکر مستەفا پێچەوانەکەی دەبینێ و دەڵێ "زۆر مەترسیدارە ئەو دوو حیزبە گەورەیە لەو کاتەدا تەبا نەبن، چونکە هەر گرژیەک لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا ڕوووبدات ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر هەموو خەڵکی کوردستان، وەک ئەوەی لە ڕابردوو بینیمان". بەڵام گوتی "باوەڕ ناکەم جارێکی دیکە شەڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی ڕوو بداتەوە".

ماوەیەکە سەنگەر گواستنەوە لەنێوان یەکێتی و لیستی گۆڕان دا دەستپێکردووەو ڕۆژانە لایەنگرانی هەردوولا لە شاشەکانی تەلەڤزیۆن دەردەکەون و باسی هۆکاری سەنگەر گواستنەوەکەیان دەکەن.

بەرپرسی مەڵبەندی 3ی هەولێر لەبارەی ئەو سەنگەر گواستنەوەیە دەڵێت "کادیر هەیە ئەمڕۆ لە ناو یەکێتییە سبەی دەبێتە لیستی گۆڕان، هاووڵاتی هەیە ئەمڕۆ لەگەڵ لیستی گۆڕانە، لەوانەیە پاشان بێتەوە ناو یەکێتی، هەڵبژاردن هەر وایە، لەوانەیە لە دوو ڕۆژی پێش هەڵبژاردن ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی لیستی گۆڕان بێنەوە ناو یەکێتی، هەر کەسێک بە عەقلی خۆی تەماشای ڕووداوەکان دەکات".

هەندێ کەس وابیر دەکەنەوە دروستبوونی لیستی گۆڕان سیناریۆیەکی یەکێتییە، پاش هەلبژاردن دێنەوە ناو یەکێتیی، بەڵام بەکر مستەفا لەو بارەوە دەڵێت "ئەوەی دەنگ بە لیستی گۆڕان بدات یەکێتی نییە، ئەوە بڕیاری مەکتەبی سیاسییە".

سەبارەت بە دانانی مەرج بۆ ئەو کەسانەی لەنێو لیستی گۆڕانەوە دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی، بەکر مستەفا گوتی "هیچ مەرجێکمان دانەناوە بۆ ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی، خەڵکی کوردستان ئازادە کە دەنگ بە کێ و چ لیستێک دەدات؟ ئەوە زەمانی شاخ نییە، کە ئامر کەرتێک بگەڕێتەوە و پلەیەکی دیکەی پێبدرێت، ماوەیەک بیری کردووەتەوە و پێی باش بووە، کە دەنگ بە لیستی گۆڕان بدات، ئێمە پێشوازی لەو کەسانە دەکەین کە دەگەڕێنەوە ناو یەکێتی".

سەفین مەلا قەرە، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە ماوەیەکە چووەتە پاڵ لیستی گۆڕان و سەرپەرشتی هەڵمەتی بانگەشەی ئەو لیستە دەکات لە هەولێر لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت ئەندامانی یەکێتی دەنگ بە مەسعود بارزانی نادەن بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان. بەکر مستەفا ئەوە ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ "لەوانەیە هەندێک ئەندامی یەکێتی دەنگ بە کاک مەسعود نەدەن، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە".

دەنگۆی ئەوە هەیە کە لیستی کوردستانی لەکاتی سەردانیکردنی ماڵەکان پارە بەسەر خەڵکدا بەشێتەوە، بەکر مستەفا لەبارەی ئەو پارە بەشینەوەیە دەڵێت "لەوانەیە ئەگەر کەسێک مەغدور بێ، لە سەردانەکانمان بتوانین لە ڕووی داراییەوە بەگوێرەی توانامان یارمەتی بدەین، کادیری خۆمانە کە پێویستیەکی بە ئێمە هەیە، چ ڕێگریەک هەیە، هەم لەکاتی هەڵبژاردن و هەمیش پێش هەڵبژاردن".



بارزانی گوێ لە قسەکانی منداڵێکی لایەنگری لیستی کوردستانی دەگرێت لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی شاری سلێمانی (فۆتۆ:AFP)

# لیستەکان پەنا بۆ عەشیرەت دەبەن

## سەرۆک عەشیرەتێک:

### سەرۆک عەشیرەتی وا هەیە بەشەو لای کاک نەوشیروانە و بەرۆژیش لەگەڵ مام جەلال کۆدەبێتەوە

**ڕووداو-سلێمانی**

ڕێبوار محەممەد،28، ساڵ جارێکیش بیری ناکەوێتەوە ئەو سەر بە چ عەشیرەتێکە، ڕێبوار دەڵێت "گەنجی ئێستا ئینتیمای بۆ خێزانەکەی نەماوە، چ جای عەشیرەتەکەی". ڕێبوار کاتێک کۆبوونەوەی عەشیرەتێک لەگەڵ حیزبێک یان لیستێک دەبینێ پێکەنینی پێدێت.

لەکاتێکدا سەتان گەنجی وەکو ڕێبوار دەڵێن خۆیان خاوەنی بڕیاری خۆیانن دەنگ بەکێ دەدەن و کاریگەری سەرۆک هۆزەکانیان لەسەر نییە، بەڵام عەشیرەتەکان بوون بەو نیشانە گەورەیەی کە لیستەکان بۆیان دەچن.

لیستەکان لەو بڕوایەدان کە هێشتا سەرۆک عەشیرەتەکان لەهەرێمی کوردستان کاریگەری خۆیان لەدەستنەداوە، بۆیە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، سەردان و پێشوازی حیزب و لیستە جیاوازەکان لە سەرۆک عەشیرەتەکان بەشێکی زۆری ماوەی پەخشی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی داگیرکردبوو، بەتایبەتی لەلایەن لیستی کوردستانی و گۆڕان.

گوتەبێژی لیستی کوردستانی، هەرچەندە بۆخۆی پێیوانییە کە عەشیرەت پێگەو ڕۆڵی جارانی مابێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێت "هەموو لیستەکان پەنایان بۆ عەشیرەتەکان بردووە". پاڵێوراوێکی لیستی گۆڕانیش دەڵێ "هەرکەسێک بێتە لامان پێشوازی دەکەین".

لە ماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکێتی چەندین دیداری لەگەڵ کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەتەکان سازدا، کە لەهەریەک لەودیدارانەدا داوای پشتیوانی لێکردوون بۆ لیستی کوردستانی و بارزانی. هاوکات نەوشیروان مستەفاش هەمان ماکینەی تاڵەبانی خستووەتە کار بۆ باشترکردنی چانسی لیستەکەی.

سابیر فەرەج کە سەرۆک عەشیرەتی وردە شاترییە لەدەڤەری شارەزوور، هەفتەیەک بەر لە ئێستا هەندێک لەکەسایەتیەکانی عەشیرەتەکەی لەگەڵ خۆی بردە دیداری نەوشیروان مستەفا. ئەو سەرۆک عەشیرەتە بە (ڕووداو)ی گوت "من بڕوام بە گۆڕان هەیەو لەگەڵ ئەوەم کە ئیتر دەسەڵات بگۆڕێت و بۆخۆشم لەگەڵ مام جەلال پێشمەرگە بووم". ئەو سەرۆک عەشیرەتە ڕەتیشیکردەوە کە هیچ بەڵێنێکی لەنەوشیروان مستەفا وەرگرتبێت و گوتی "سەرۆک عەشیرەت هەیە بەشەو دەچێتە لای کاک نەوشیروان و بەرۆژیش لەگەڵ مام جەلال دادەنیشێت، بەڵام من بۆخۆم هیچ بەڵێنێکم لەو پیاوە وەرنەگرتووەو ئامانجم تەنها گۆڕانە".

هەندێک لەسەرۆک عەشیرەتەکان لە دوورەوە تەماشای ئەو گەمەیە دەکەن و بێدەنگییان هەڵبژاردووە. یەکێک لەو سەرۆک عەشیرەتانەی کە بڕیاری داوە پشتیوانی خۆی بۆ هیچ کام لە لیستەکان ئاشکرا نەکات، گوتی "بەداخەوە هەندێک کەس بەبێ ئەوەی هیچ ناوێکی دیاریش بن، چەند کەسێک لەگەڵ خۆیان دەبەن و وەک عەشیرەت خۆیان دەناسێنن و پارەو بەڵێن وەردەگرن". گوتیشی "ئەگەر من ئێستا بەناوی عەشیرەتەکەمەوە بڕۆمە لای بەرپرسێک، دڵنیام چەند کەسێکی دیکەش بەناوی هەمان عەشیرەتەوە دەچنە لای لیستێکی دیکە". بێدەنگی ئەو سەرۆک عەشیرەتانە وایکردووە، کە لیستەکان ناچاربن بۆ خۆیان هەندێک لەوانە بەپیاوماقوڵ و سەرۆک عەشیرەت ناو ببەن، کە دەچنە لایان.

سالار نەسروڵڵا، سەرۆک عەشیرەتی شێخ سمایلی کە هێشتا لەگەڵ تاڵەبانی دانەنیشتووە، ئەو دانیشتنەی بەپێویست نەزانی و گوتی "80%ی عەشیرەتەکەمان لەگەڵ لیستی کوردستانین". سالار گوتیشی کەس ناتوانێ خۆڵ بکاتە چاوی خەڵک و بەناوی عەشیرەتەوە خەڵک بخەڵەتێنێت "سەرۆک عەشیرەتەکان دیارو ناسراون".

کارنامەی زۆربەی لیستەکان، کارنامەیەکی مۆدێرنن و باس لەکۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتی یاسا و کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن بەڕووی مافەکانی تاکدا، بەڵام ئەوەی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا وەدیار دەکەوێت پەنا بردنەوەیە بۆ عەشیرەت . سۆزان شەهاب، گوتەبێژی لیستی کوردستانی، ڕای وایە کار لەسەر تاک بکەن باشترە، بەڵام گوتیشی "خۆ کۆمەڵگەی ئێمە تائێستاش ڕۆڵی عەشیرەتی تێدا ماوە". ئەو نەیشاردەوە کە هەندێک کەس ئەو دۆخە بەکاردەهێنن "هەندێک هەن دەیانەوێ ئەو دۆخە بۆ بەرژەوەندی خۆیانی بەکاربێنن، یان خۆیانی تێدا دەربخەن".

عەدنان عوسمان، کاندیدی لیستی گۆڕان دەڵێ ئێمە وەک لیستی گۆڕان باسی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەروەری یاسا دەکەین . ئەو کاندیدەی لیستی گۆڕان نایشارێتەوە کە تائێستا ژمارەیەک کەسایەتی و سەرۆک عەشیرەت پەیوەندی بەوانەوە کردووەو دڵخۆشیشە بەوە "هەرکەس بێتە لامان پێشوازی دەکەین، ئیتر عەشیرەت بێت یان هەرچی بێت".

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شێخ عەبدولڕەحمان نەقشبەندی داوای لەمورید و مەنسوبانی تەریقەتی نەقشبەندی کرد کە دەنگ بەلیستی گۆڕان بدەن، دوای ئەو پەیامەش لە بەیاننامەیەکدا کە بەناوی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندییەوە بڵاوکرایەوە، ڕایانگەیاند کە شێخ عەبدولرەحمان ناتوانێ بەناوی شێخانی نەقشبەندی ئەو پەیامە ڕابگەیێنێت.

# ژنە پاڵێوراوەکان لە خەمی پیاوانیشدان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەریەک لەو ژنە کاندیدانەی لیستە جیاوازەکان کە چاوەڕوانی 7/25 دەکەن تا چانسی پەڕینەوەی خۆیان بۆ نێو هۆڵی پارلەمان ببینن، دەڵێن بەبێ جیاوازی کار بۆ ژن و پیاو دەکەن و هاوکات پێداگیری لەسەر زیاترکردنی پێداگیری ژنان لە نێوەندەکانی بڕیاردا دەکەن.

ساکار ڕەزا 21ساڵ، دڵخۆشە بە بوونی ڕێژەی 30%ی ژنان لە پەرلەمان "تا شەش ساڵ لەمەوبەر کچ لەم وڵاتەدا بێبەش دەکران لەخوێندن". ساکار لەم بەراوردە سادەیەوە پێشکەوتنی پرسی ژن لە هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنێت و دەڵێ "دڵنیام لە چەند ساڵی داهاتوودا 50%ی پەرمانتاران ژن دەبن".

هاژە شێخ سلێمان 38 ساڵ، یەکەمین ژنە کە بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی داهاتوو، سەرلیستی لیستێک دەکات کە (لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی)یە. بە بڕوای ئەو چیتر ناکرێت ژنان تەنیا بۆ پارەو دەرخستنی ڕێژەی خۆیان بچنە نێو ناوەندەکانی دەسەڵات و پەرلەمان "دەمانەوێ بەشێوەیەکی مەیدانی شانبەشانی پیاوان کار بکەین، نەک تەنها وەک ژمارەو پڕکردنەوەی 30%یەکە". هاژە گوتیشی "من زۆر پێداگیری لەسەر یەکسانی ژن و پیاو لەماف و ئەرکدا دەکەم".

تائێستا ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە پرسی ژن ژمارەی زۆر لەبارەی کوشتن و چەوساندنەوەی ژن دەخەنەڕوو، هەرچەندە ئەو کابینەیەی حکومەت لەماوەی کاری خۆیدا، بایەخی بەرچاوی بە پرسی ژنان داوەو بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتی بەنێوی بەدواداچونی توندوتیژی دژی ژنان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا کردووەتەوە.

بەپێی بڕیاری کۆمسیۆن دەبێ هەر لیستێک یەک لەسەر سێی کاندیدەکانی ژن بن، ئێستا لە کۆی 507 پاڵێوراوی سەرجەم لیستەکان 169 ژن خۆیان کاندید کردووە. بەو پێیەش دەبێ 37کورسی پەرلەمان ژنان لەسەری دابنیشن.

لانە محەممەد عەلی حافز، کاندیدی لیستی کوردستانی، کە مامۆستای زانکۆیە دەڵێ بەرنامەی لیستی کوردستانی بۆ ئافرەتان بەرنامەیەکی چڕوپڕەو هەوڵێشدەدەین بەبێ جیاوازی کار بۆ هەموو مرۆڤێکی ئەو وڵاتە بکەین . لانە گوتیشی "هەلی یەکسانی کار و گەیشتنی ئافرەت بەناوەندەکانی بڕیاردان، لەبەرنامەکانی منن". لیستی کوردستانی کە لە100 کاندید 33 کاندیدی ژنی ئادەکردووە، لانە هەموو کاندیدە ژنەکان بەکاندیدی شیاو دەزانێ و پێیوایە دەتوانن کاری خۆیان لەپەرلەمانی داهاتوودا ئەنجامبدەن.

هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی ئەو خولەی ئێستای پەرلەمان، لیژنەی داکۆکی لەمافەکانی ژنان دەستبەکاربوو، پەخشان زەنگەنە سەرۆکی ئەو لیژنەیە دەڵێ "ئەگەر بە ویژدانەوە قسە بکەین، ئێمە کاری زۆرباشمان کرد بۆ پرسی ژن". دوای پەسەندکردنی یاسای باری کەسێتیش لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەو لیژنەیە لەلایەن زۆربەی هەڵسووراوانی بواری مافەکانی ژنانەوە ڕەخنەی لێگیرا. چرۆ محەممەد کە ئێستا پەرلەمانتارە لەسەر لیستی زەردو ئەندامی لیژنەی ناوبراوە پێیوایە زەمینەی سیاسی پەرلەمانی داهاتوو بەشێوەیەک دەبێت کە کاندیدە ژنەکانی داهاتوو کاراتر دەبن و کاری باشتر دەکەن "زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی بەرزن و گەنجن و هاوکات ئەوکێشانەش چارەسەربوون کە خولی پێش ئێمەو ئێمەش هەمان بوو".

د.پەریخان محەممەد عەبدولڕەحمان، ڕاگری کۆلێژی زانست لە زانکۆی سلێمانی پێی باش نییە ژنان لەپەرلەمانی کوردستان تەنها خۆیان بەکێشەی ژنەوە خەریکبکەن. ئەو دەڵێ، خۆ ژن بۆ ئەوە ناچێتە پەرلەمان تاوەکو هەر بەرگری لە ژنان بکەن، دەبێت بەرگری لەهەموو مرۆڤایەتی بکەن. پەریخان گوتیشی "ئەگەر ژنان بەو ڕێژەیە بڕۆن و تەنها خۆیان بە پرسی ژنەوە سەرقاڵ بکەن باش نییەو ڕەنگە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کاریگەری خراپیشی هەبێت لەسەر هەڵبژاردنەوەی ژن".

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی لیستی گۆڕان لەو زنجیرە گوتارە تەلەڤزیۆنیانەی بۆ خستنەڕووی بەرنامەی لیستەکەی پێشکێشی دەکات گوتی "کارێک بۆ ژنان دەکەین کە چیتر ئاخ و داخ بۆ چەوساندنەوە هەڵنەکێشن". کوێستان محەممەد کاندیدی لیستی گۆڕان دەڵێ لەسۆنگەی خراپی ڕەوشی ژنانەوە، لیستی گۆڕان بەرنامەیەکی زۆر چڕی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان. گوتیشی "لەدژی توندوتیژی و چەوساندنەوەی ژنان کار دەکەین".

هەرچەندە کاندیدە ژنەکان نایانەوێ تەنها وەک کاندیدی ژن خۆیان بناسێنن و دەڵێن وەک نوێنەری هەموو چین و توێژەکان بەژن و پیاوەوە دەڕۆین بۆ پەرلەمان، هاوکات وێنای بەهەشتێکی ئەفسووناوی و پڕاوپڕ لەماف و خەون دەخەنە پێش چاوی ژنان. پارێزەر کەژاڵ محەممەد ئەحمەد، کاندیدی لیستی پێشکەوتن دەڵێ "کار دەکەم بۆ خستنەڕووی بودجەی وڵات و سەرجەم داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، داواش دەکەم هەر وەزیرێک گەندەڵی و بێ توانایی لەسەر ساخ ببێتەوە دەست لەکاربکێشێتەوە". ئەو کاندیدەی لیستی پێشکەوتن گوتیشی "دەبێت ژن بگاتە هەموو مافەکانی".

دکتۆرە ڕووناک محەممەد عەبدوڵڵا، کە ئەویش لەلیستی پێشکەوتن خۆی کاندید کردووەو مامۆستای زانکۆی سلێمانییە، لە بواری خوێندنی باڵا کار بۆ ژنان و گەنجان دەکات و دەڵێ، گۆڕینی سیستەمی خوێندن و خوێندنی باڵا لەئامانجەکانی منە و کاری بۆ دەکەم.



## پێداگیری لەسەر یەکسانی دەکەم

هاژە شێخ سلێمان



## کار بۆ گەیشتنی ئافرەتان بە ناوەندەکانی بڕیار دەکەم

لانە محەممەد



## کار بۆ خستنەڕووی بودجەی وڵات دەکەم

کەژاڵ محەممەد ئەحمەد

# کوردستانی

**سوریا کوردێک بەهۆی ڕەخنەگرتن لە گەندەڵی دەداتە دادگا**



ڕووداو-قامشلۆ
ئەمنی سوریا سێ گەنجی کوردی بەناوەکانی (محەممەد سەعید،فەهەد ئەحمەدو ئەمیر فاروق) دەستگیرکرد، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هۆکارێکی گرتنیان و شوێنی گرتنیان ڕانەگەیێندراوە. لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی 2009/7/11 عەبدولحەلیم حوسێن، سکرتێری ڕێکخراوی کۆمۆنیستانی سوریا لە پارێزگای حەسەکە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وتارێکی ڕەخنەیی لە ڕۆژنامەی ( قاسیون) لەسەر بوونی گەندەڵی لە قامشلۆ، دادگایی کرا.

دوای 63 ساڵ

# ئێران ڕێگە بە خوێندنی کوردی لە چەند زانکۆیەک دەدات

**سابیر قادری**
**ڕووداو-هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی 63 ساڵ بەسەر قەدەخەکردنی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی، کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاریدا لە چەند زانکۆیەکی ئەو وڵاتە زمانی کوردی بخوێنرێ. ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی ئێران داوا دەکەن زمانی کوردی لە قۆناخی سەرەتاییش لە ناوچە کوردییەکان بخوێنرێ.

لە وڵاتی ئێران، تەنیا لە 11 مانگی تەمەنی کۆماری کوردستان لە ساڵی 1945-1946 زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا خوێندراوە، بەڵام دوای ڕووخانی ئەو کۆمارە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا قەدەخەکرا. هەرچەندە بەپێی مادەی 15ی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران خوێندن بەزمانی زکماکی ئازادە بۆ نەتەوەکانی ئێران، بەڵام حکومەتی ئێران ئەو مادە دەستووریەشی جێبەجێنەکردووە، بەڵام ئەمساڵ خوێندن بە زمانی کوردی بووە یەکێک لە خاڵەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردن لەلایەن پاڵێوراوانی خولی دەیەمی سەرۆکایەتی ئێران.

لە ئێران، پتر لە 8 نەتەوە دەژین، بەڵام زمانی فەرمی ئەو وڵاتە تەنیا فارسییە، ئەمەش وایکردووە کە نەتەوەکانی دیکەی غەیرە فارس لەسەرەتاییترین ماف بێبەشبن، کە ئەویش خوێندنە بە زمانی دایک .

دوای جەنگی جیهانی یەکەم، لەساڵی 1921 ڕەزاخانی میرپەنجە، لەژێر ناوی یەک دروشم و یەک زمان و یەک نەتەوە،بڕیاریدا جگە لە زمانی فارسی هیچ زمانێکی دیکە لەو وڵاتە نەخوێندرێت. تەنیا لە قۆناخێکی کورتی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان، لەساڵی 1945-1946 هەردوو زمانی کوردی و ئازەری لە قوتابخانەکاندا خوێندراون و لە دامەزراوە فەرمییەکاندا کاریان پێکراوە.



دیمەنێک لە زانکۆی ڕازی لە کرماشان

دوای ڕووخانی ڕژێمی شا لە ساڵی 1979، دیسان کورد و نەتەوەکانی دیکە بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە زمانی دایک بێبەشکران . بەپێی مادە 15ی دەستووری ئێران "زمانی فەرمی ئێران فارسییە و بەڵگەنامەو نووسراوە فەرمییەکانی حکومەت دەبێ بە زمانی فارسی بن، بەڵام لەو ناوچانەی کە نەتەوەکانی دیکە زۆرینەی پێکدەهێنن، دەتوانن لە پاڵ زمانی فارسی زمانی نەتەوەکەیان بەکاربێنن". بەڵام تا ئێستا کار بەو ماددە دەستوورییە نەکراوە.

دوای 30 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو مادە دەستوورییەدا، خوێندن بە زمانی زگماکی بووە هەوێنی پروپاگەندەی پاڵێوراوانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری ئێران. سەرەتا هەردوو کاندیدی باڵی ڕیفۆرمخواز موسەوی و کەڕوبی بانگەشەی پشتیوانی مافی کەمینەکانی ئێرانیان دەکرد، دواتر ئەحمەدی نەژادیش هاتە سەر هێڵ و بڕیاریدا لە زانکۆکاندا بە زمانی غەیری فارسیش بخوێندرێ.



## پێویستە لە قوناخی سەرەتاییش زمانی کوردی بخوێندرێ

مەحموود زادە، نوێنەری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران

جەلال مەحموود زادە، نوێنەری شاری مەهاباد لە پەرلەمانی ئێران، ئەو هەنگاوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بە "هەنگاوێکی ئەرێنی" وەسفکردو لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بەپێی دەستووری ئێران زمانی فەرمی دەوڵەت فارسییە، بەڵام ئێستا دەتوانرێ لە پاڵ زمانی فارسی سوود لە زمانی نەتەوەکانی دیکەش وەربگیرێ و بەکاربێنرێ".

مەحموود زادە، هەروەها گوتیشی "ئەو هەنگاوە سەرەتایەکی باشە بۆ نزیکبوونەوەی خەڵک و دەسەڵات، بەڵام تەنیا زانکۆکان بەس نین زمانی کوردیان لێبخوێندرێت، بەڵکو پێویستە لە قوناخی سەرەتاییش زمانی کوردی بخوێندرێت".

بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤان، خوێندن بە زمانی زکماکی مافی هەموو منداڵێکە، بەڵام دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان، کوردیان لەو مافە سەرەتاییەش بێبەشکردووە.

د.ڕەحیمی فەرەهمەند وتەبێژی بەرەی یەکگرتووی کورد، خوێندن بە زمانی زگماکی بە سەرەتاییترین مافی هاووڵاتیان دادەنێ و دەڵێ "30 ساڵ لەمەوبەر ئەو مافە لەدەستووری ئێران باسکراوە، بەڵام ئەمڕۆ کاری پێدەکرێ، ئەو هەنگاوەش هەنگاوێکی باشە بۆ قەرەبووکردنەوەی گەلی کورد کە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە زمانەکەی لێ قەدەخە کراوە".

فەرەهمەند لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتیشی "ئەو مافانەی کورد بانگەشەیان بۆ دەکات لەچوارچێوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا پەسەندکراون، بەڵام بەداخەوە تائێستا بە کردەیی هەنگاویان بۆ نەنراوە، ئەوەش بە تەنیا بەس نییە کە تەنیا دوو خوێندکار لە زانکۆ ئەو مافەیان هەبێت، ئەو مافە دەبی بۆ هەموو قۆناخەکانی خوێندن بێ".

هەرچەندە سیاسەتمەدارانی کورد ئەو هەنگاوە بە ئەرێنی وەسفدەکەن، بەڵام مامۆستایانی کورد وێڕای گرنگی بڕیارەکە، دەڵێن بۆ جێبەجێکردنی ڕووبەڕووی چەند گرفتێک دەبنەوە. بە تایبەتی لە رووی نەبوونی پسپۆری زمانەوانی کوردی لە ئێران.

بایەزید مەردۆخی، مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی تاران لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گرفتەکە لەوەدایە کە هەر کەسێک مامۆستا بێت و کورد بێت، مەرج نییە بتوانێ وانەی کوردی بڵێتەوە، وانە گوتنەوە بە زمانی کوردی یا زمانی زکماکی پسپۆری تایبەت بە خۆی دەوێ".

ئەو مامۆستا کوردە بە پێویستی دەزانێ کە وەزارەتی خوێندن و زانکۆکانی کوردستان پلان و پرۆژەی تایبەتیان هەبێ بۆ فێر کردن و ڕاهێنانی مامۆستایانی کوردی بە پسپۆری جۆراوجۆر "سەرکەوتنی ئەو پرۆژە بە هاوکاری نێوان زانکۆکانی کوردستان و خوێندنگاکانی زمانی کوردی دەبێ".

# دیموکرات و PKK لە قەندیل گفتوگۆ دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەوڵی کۆکردنەوەی هێزە کوردییەکاندایە بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی کوردی و بۆ ئەو مەبەستەش پەیامێکی بۆ سەرجەم حیزبە کوردییەکان ناردووەو لە قەندیلیش لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان دانیشتووە.

هەرچەندە وا بڕیار بوو لە هاوینی ئەمساڵ لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی نەتەوەیی بۆ دانانی بنچینەیەکی یەکگرتوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتیانە، بە سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سازبکرێ، بەڵام بەبێ ئەوەی هۆکاری دواکەوتنی بزانرێ، تاوەکو ئێستا نەکراوە.

ئێستا PKK دەیەوێ مەسەلەی ئەو کۆنفرانسە زیندوو بکاتەوەو کار بۆ کۆنفرانسێکی لەو شێوەیە دەکات. بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون ڕۆژی 2009/7/19 شاندێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان (باڵی عەبدوڵڵا حەسەن زادە)، سەردانی قەندیلیان کردووەو لەوبارەوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان کۆبوونەتەوە.

حەسەن ڕەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە یەکێکبوو لە بەشدارانی کۆبوونەوەکەی قەندیل، لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بە نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکە دا و گوتی "تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکان بریتبوون لە تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای ئێران، پەیامەکەی PKK بۆ بەستنی کۆنفرانسی نەتەوەیی و پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشووری کوردستان".

گرێ کوێرەی کورد لەوەدایە کە زۆربەی ئەو پێشنیازانەی بۆ یەکخستنی گوتاری هێزە سیاسییەکانی کورد دەکرێن زۆر بە زوویی لەبار دەبرێن و هیچ ئەنجامێکیان نابێ، چاودێران پێیانوایە خۆ بەسەنتەر زانینی هەریەک لەو هێزانە و گوشارە دەرەکییەکان دوو هۆکاری سەرەکی لەباربردنی ئەو هەوڵانەن.

حەسەن ڕەستگار ئاماژەی بەوەدا ئەو هەنگاوەی PKK یەکەمین هەنگاو نییە بۆ لێک نزیککردنەوەی هێزە سیاسییەکانی کورد لە یەکتری بەڵکو پێشتریش هەنگاوی لەو شێوەیە نراون "ئەو جۆرە پێشنیازانە تازە نین، لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوودا گەلێک پێشنیازی لەو جۆرە کراون، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە دەبێ بیر لە میکانیزمێکی نوێ بکرێتەوە، کە لایەنێک باڵا دەست نەکات بەسەر لایەنێکی دیکەدا، بەڵکو خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کورد بکات".

هاتنە بەرباسی نووسینی " نەخشە ڕێگا" لەلایەن عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری بەندکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە باکووری کوردستان و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕەنگە سەرەتاییەکی دیکە بێت بۆ درێژەکێشانی ڕەوتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بەگوتارێکی هاوبەش، یان لە کۆتاییدا لەیەک دوورکەوتنەوەیەکی دیکە لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورد.

ئەحمەد دەنیز، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی PKK، گوشارە دەرەکییەکان بە هۆکاری سەرەکی پێکنەهاتنی کۆنفرانسی نەتەوەیی دەزانێ و دەڵێ "کوردستان لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، ئەوەش وادەکات کە ئێمە بە گیانێکی بەرپرسانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دەسکەوتانە بکەین، بۆئەوەش پێویستیمان بە یەکگرتوویی نێوخۆیی کورد هەیە، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە، دەمانەوێ پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو هێزێکی سیاسی کوردی هەبێت".

دەنیزگوتیشی "دیالۆگ‌ولێک‌نزیکبوونەوە لە نێوان هێزە سیاسیەکانی کورد ئێستا لە هەموو کاتێک پێویستترە و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ حیزبی دیموکراتیش هەر لەو چوارچێوەدا بوو".



# مۆدێلی جەزائیری بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا پێشنیاز دەکرێ



هێمن خۆشناو
heminxoshnaw@yahoo.com

**ڕووداو - هەولێر**

ئیحسان ئەرسەلان پەرلەمانتاری شاری ئامەد لەسەر لیستی AKP، بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی کورد پێشنیازی "مۆدێلی جەزائیری" دەکات و هەردوو پارتی کۆماری گەل CHP و پارتی نەتەوەی تورکیا MHP لەدژی ئەو مۆدێلە دەوەستنەوە، DTPش بە هەستیاریەوە پێشوازی لێدەکات.

دوای سەرکەوتنی بەرەی ئیسلامی لە جەزائیر لە هەڵبژاردنی 1992 پشێوی کەوتە نێو ئەو وڵاتە و شەڕی ناوخۆ سەری هەڵدا و بووە هۆی گیان لەدەستدانی پتر لە 150 هەزار جەزائیری . دواتر سوپای جەزائیر بە پشتگیری فەڕەنسا کودەتایەکی بەسەر ئیسلامیەکاندا کردو زۆربەی سەرکردە ئیسلامییەکانی ئەو وڵاتەی دەستگیرکرد. لەوانەش عەباس مەدەنی، عەلی بەلحاج، کە دوو سەرکردە هەرە دیارەکەی بەرەی ئیسلامی بوون، بۆ ماوەی 12 ساڵ زیندانیکردن. ئەوەش وایکرد کە چەندین ئیسلامی چەک هەڵبگرن و شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێ.

لەساڵی 2000 لایەنە شەڕکەرەکانی جەزائیر لەگەڵ یەکتر لەسەر مێزی گفتوگۆ کۆبوونەوە. چەندین ڕێگە چارەیان تاوتوێکرد و دواتر لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمێک بەناوی (ئاشتی و سازشی کۆمەڵایەتی) ڕێککەوتن، کە 97%ی هاووڵاتیانی جەزائیر بە بەڵێ دەنگیان بۆ ریفراندۆمەکەدا. بەوشێوەیە لێبووردن بۆ چەکدارە ئیسلامییەکان دەرچوو. عەبدولعەزیز بوتەفلیقە لەژێر دروشمی (وەرن با ڕابردوو لەبیر بکەین) داوای لە چەکدارە ئیسلامیەکان کرد دەستبەرداری چەک بن.

شەڕی ناوخۆی جەزائیر لەنێوان ئەو هێزە ئیسلامیانەی لەژێر چەتری بەرەی ئیسلامی جەزائیر خۆیان ڕێکخستبوو لەگەڵ سوپای جەزائیر، سروشتێکی ئایینی زەقی هەبوو. بۆیە بەراوردکردنی ئەو کێشەیە بە کێشەی کورد، لەلایەن زۆر کەسەوە بە وێکچواندنێکی ڕاست دانانرێ، چونکە کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکە کە نکۆڵی لەناسنامەو بوونی خاکی دەکرێت.

سرِی ساکیک، نوێنەری شاری موش لە پەرلەمانی تورکیا لەسەر لیستیDTP بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، گەڵاڵەکردنی نەخشە ڕێگایەک، بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەلایەن ئەنقەرە پێشکەوتنێکی ئەرێنییە "بەڵام پێویستە ئەو نەخشە ڕێگایەی ئۆجەلان لە15ی ئاب پێشنیازی دەکات لەبەر چاو بگیرێت، پێویستە پارتە سیاسی و دەزگاکان خۆیان لە گومان لەیەکتر کردن و بێ متمانەیی بەیەکتر ڕزگاربکەن و ئەو هۆکارانەی وا لە خەڵکی دەکەن بچنە چیا نەمێنن و، دەستوور هەمواربکرێ".

ئیحسان ئەرسەلان، کە لەنێو 75 ئەندامە پەرلەمانە کوردەکەی پارتی دادو گەشەپێدان بە سەرۆکایەتی ئەردۆغان لە هەمووان زیاتر باسی کێشەی کورد دەکات، هەندێ کەس بە مێشکی کوردیی ئەردۆغان ناوزەدی دەکەن. ئەرسەلان لە دوایین لێدوانیدا پێشنیازی مۆدیلی جەزائیری کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

مستەفا ئۆزیورەک گوتەبێژی پارتی کۆماری گەل CHP، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی AKŞAMی تورکی ڕەخنە لە پێشنیازەکەی ئەرسەلان دەگرێت و دەڵێ کێشەی کورد بەقسە چارەسەر ناکرێت"با پێشنیازی



## کێشەی کورد بە قسە چارەسەر نابێ

مستەفا ئۆزیورەک گوتەبێژی پارتی کۆماری گەل CHP

دیاریکراو بکەن، کێشەی کورد کێشەیەکی گرنگی تورکیایە، نابێت چاوەڕوانی لێدوانەکانی ڕێبەرانی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بکەین"، ئەو ڕەخنە لەوە دەگرێ کە هەندێ لە سیاسەتکار و پەرلەمانتارانی تورکیا چاوەڕوانی نەخشە ڕێگای ئۆجەلان دەکەن.

ئۆزیورەک دەڵێ " با کۆسپەکانی بەردەم زمانی کوردی نەمێنن، با کەناڵی تایبەتی کوردی بکرێنەوە، با زانکۆ و پەیمانگا بە زمانی کوردی بکرێنەوە".

دەستەواژەی "هەلێکی مێژوویی" بۆ چارەسەری کێشەی کورد بۆ یەکەمجار لەلایەن عەبدوللا گیول، سەرۆک کۆماری تورکیا لەمانگی ئایاری ڕابردوو لەکاتی سەردانەکەی بۆ سووریا بەکارهات . ئیحسان ئەرسەلان پەرلەمانتاری AKP لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئیسماعیل کوچوک کایا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی AKŞAM جەخت لەوە دەکاتەوە کە وادەی چارەسەری کێشەی کورد نزیک بووەتەوە. وەک ئەو دەڵێ حکوومەتی ئەردۆغان سەرەتا دەربارەی نەخشە ڕێگای ئۆجەلان هەڵوەستە دەکات، ئەرسەلان پێشنیاز دەکات : لێبووردنی گشتیی بۆ گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بدرێ، یارمەتی کەسوکاری گەریلا کوژراوەکان بدرێ، یارمەتی ئەو خێزانانە بدرێ کە لە گوندەکانیان دربەدەربوون، بازنەی دیموکراسی و یەکسانی لە تورکیادا فراوانبکرێ.

ئاکین بیردال، پەرلەمانتاری ئیستەنبول لەسەر لیستی DTP، لە ئاخاوتنێکیدا بۆ (ڕووداو) زۆر گوێناداتە ئەو پێشنیازانە و نەخشەی ڕێگای ئۆجەلان بە کلیلی سەرەکی چارەسەری دادەنێ "چونکە پرۆژەکەی ئۆجەلان دەبێتە سەرەتایەک بۆ بێدەنگکردنی چەکەکان، ئەگەر چەکیش بێدەنگ بوو ئەوکات لایەنەکان دەتوانن پرۆژە ئامادەبکەن و گفتوگۆی لەسەر بکەن".

سیاسەتمەدارانی کوردو تورک پێیانوایە هەلومەرجی تورکیا و جەزائیر زۆر لەیەکتر جیاوازن، تەنیا خاڵی هاوبەشی هەردوو کێشەکە ئەوەیە کە هەردووکیان بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەر دەبن. بۆیە بەگەرمی پێشوازی لە پێشنیازەکەی ئەرسەلان ناکەن.

نیهاد عەلی ئۆزجان، پسپۆری پرسی تیرۆر و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو بارەیەوە بە ئاکشامی ڕاگەیاند "پێویستە لەبیر نەکەین هەر وڵاتێک کاتێک ڕووبەڕووی تیرۆر دەبێتەوە، شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەکە جیاوازە لەوڵاتێکی دیکە. بەرەی ئیسلامی و PKK لەهەموو ڕوویەکەوە لەیەکتر جیاوازن. PKK ڕێکخراوێکی ئەتنیکییە، بەڵام بەرەی ئیسلامی جەزائیر ڕێکخراوێکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیایەکی ئایینی شەڕی کردووە. لەجەزائیر حکوومەت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە دانیشت. بەم شێوەیە لێبووردنێکی بێ مەرجی دەرکردو ئەو ڕێکخراوەش بڕیاری خۆ هەڵوەشاندنەوەی دا. بۆیە من پێموانییە ئەو مۆدێلە بۆ تورکیا گونجاو بێت".

د.ئەرجان چیتیل ئۆغلۆ، سەرۆکی دەزگای لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سەر بەزانکۆی بەخچەلی شەهیر، دەربارەی پەیڕەوکردنی مۆدێلی جەزائیر لەتورکیا بۆ (ڕووداو) گوتی "مۆدێلی جەزائیر بۆ تورکیا گونجاو نییە، چونکە بنەمای ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژی PKK جیاوازە، پێویستە تورکیا بەگوێرەی ڕاستییەکانی خۆی مۆدێلێکی چارەسەری گەڵاڵە بکات،



## مۆدێلی هەرە باش مۆدێلی تورکیایە

هاشم هاشمی پەرلەمانتاری پێشووی ANAP

لە مۆدێلی جەزائیر حکوومەت دانوستاندنی ڕاستەوخۆی بەبنەماگرت و بەرەی ئیسلامی وەکو لایەنێکی کێشەکە پەسند کرد، بەڵام لەتورکیا پێویستە دانوستاندنی ناڕاستەوخۆ بە بنەما بگیرێت".

هاشمهاشمی،سیاسەتمەداروپەرلەمانتاری پێشووی پارتی نیشتمانی دایک ANAP، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، مۆدێلی هەرەباش مۆدێلی تورکیایە "مۆدێلی تورکیاش دەبێت دان بە کوردانی تورکیا دابنێت و هیچ جیاوازیەک لەنێوان ئامەدو ئەنقەرەدا نەمێنێ".

# کاروباری سیاسی

## لە نزیکبوونەوەی عەللاوی و کورد ناترسین



رووداو-اوان

عەباس بەیاتی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی ئیئتیلاف بەدووری زانی شەڕە قسەی نێوان هەولێر و بەغدا نابێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان هەردوولادا. بەیاتی گوتیشی ئیئتیلاف لە نزیکبوونەوەی نێوان ئەیاد عەللاوی سەرۆکی لیستی عیراقییەو لیستی هاوپەیمانی کوردستانی ناترسێت "ئەم نزیکبوونەوەیە مەرج نییە ببێتە هۆی دروستبوونی لیستێکی رکەبەری ئیئتیلاف".

## پڕۆفیسۆری ئەمریکی جێری واینبێرگەر:

# دەستوەردانی وڵاتانی دراوسێ لە هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا شتێکی سەیر نابێ



جێری واینبێرگەر پڕۆفیسۆرە لە بواری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی میشیگن لە ئەمریکا و توێژەرە لە پەیمانگەی هادسن کە سەنتەرێکی ئەمریکییە و تایبەتە بە توێژینەوە لە سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا. ناوبراو چەندین کتێبی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نووسیووەو چەند جارێکیش سەردانی کوردستانی کردووە و راپۆرتی لەبارەی ژیان و بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە میدیاکانی ئەمریکا بڵاوکردووەتەوە.

هەڤپەیڤین: هاوار عەبدولڕەزاق

**رووداو: بەپێی شارەزایی خۆت لە هەڵبژاردنەکانی 25ی ئەم مانگەدا لە هەرێمی کوردستان، پارتی و یەکێتی سەردەکەون، یاخود پارت و لیستەکانی دیکە رکابەری بەهێزیان دەبن؟**

**جێری واینبێرگەر:** لەو باوەڕەدام لیستی هاوبەشی کوردستانی سەردەکەوێ، بەڵام رەنگە لیستی گۆڕانیش لە سلێمانی دەنگی باش بێنێت و لە هەولێریش موفاجەئە دروست بکات. هەموو شتێک پابەند دەبێت بەوەی ئایا هەڵبژاردنەکە دادپەروەرانە دەبێت و لیستی پارتی و یەکێتی لە ترساندنی خەڵک دوور دەکەونەوە.

### لیستی گۆڕان سەرکەوتن بەدەست ناهێنن بەڵام دەبنە ئۆپۆزسیۆنێکی کارا

**رووداو: لیستی گۆڕان دەڵێن سەرکەوتنێکی گەورە بەدەستدێنین، پێتوایە ئەو سەرکەوتنە بەدەستبێن کە ئەوان پێشبینی دەکەن؟**

**جێری واینبێرگەر:** هەمووی پابەندە بەوەی مانای سەرکەوتن و دۆڕاندن چییە. لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بەڵام رەنگە بایی ئەوەندە کورسی بەدەستبێنێ کە ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی جیدی لە پەرلەمان دا.

**رووداو: بۆچوونی فەرمی بەرپرسانی ئەمریکی بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە چییە و ئایا هیچ باسی لێوە دەکرێت؟**

**جێری واینبێرگەر:** ئەمریکا هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانەی دەوێت، بەڵام هەتا ئێستا دیارنییە حکوومەتی ئەمریکا چ ئامادەکارییەکی کردووە تا هەڵبژاردنەکان دادپەروەرانەبن.

### ئەمریکا هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانەی دەوێ

بەگشتی لە ئەمریکا ئەوەندە بایەخ بە کاروباری کورد نادرێ.

**رووداو: چانسی پارتە ئیسلامییەکان چۆن دەبینی لەم هەڵبژاردنەدا؟**

**جێری واینبێرگەر:** بەڕاستی نازانم، بەڵام پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان هەمیشە قازانج لەو ناڕەزاییەی خەڵک بەرامبەر هەبوونی گەندەڵی و کەموکورتی لەنێو حکوومەتدا دەکەن. ئەو هەستی نیگەرانییەش زۆر بووە بەتایبەتیش لە سلێمانی.

**رووداو: پێتوایە وڵاتانی دراوسێ هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە هەبێت، ئایا وڵاتانی دراوسێ پاڵپشتی هیچ پارت و لیستێک دەکەن؟**

**جێری واینبێرگەر:** بەتەواوەتی ئەوەیان نازانم، بەڵام هیچ پێم سەیر نابێ ئەگەر دەستتێوەردانی دەرەکی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە هەبوو. بەتایبەتی پرسی "کوردستانی گەورە" زۆرجێی سەرنج وگرنگییە بۆ ئەو دراوسێیانە.

**رووداو: ئایا بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما سیاسەتێکی روونی بەرامبەر کورد هەیە؟**

**جێری واینبێرگەر:** بە بۆچوونی من، بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما بەشێوەیەکی سەرەکی زیاتر گرنگی بە سەقامگیری ناوچەکە دەدات، لەنێوان سەقامگیری و دیموکراسییەکی راستەقینە و پتەویشدا، ئەوان سەقامگیری هەڵدەبژێرن.

**رووداو: هەستێکی نوێ لە هەولێر پەیدابووە کە بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما زیاتر گرنگی بە حکوومەتی مالیکی دەدات و کوردی پشتگوێ خستووە، رات بەرامبەر بەو هەستە چییە؟**

**جێری واینبێرگەر:** لە هەر سیاسەتێکی بەرامبەر کوردستاندا، ئەمریکا پێویستە بیر لە پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بکاتەوە، ئەمریکا حیساب بۆ کورد دەکات، بەڵام تەنیا لە چوارچێوەی سەقامگیری ناوچەکەدا.

**رووداو: پێویستە کورد چی بکات بۆ خۆ نزیککردنەوە لە کامپی ئۆباما؟**

**جێری واینبێرگەر:** میانڕەو بن لەسەر مەسەلەی کەرکووک، رەشنووسی دەستووری نوێش هەنگاوێکی باش نییە بەرەو ئەو رێگایە.

**رووداو: لۆبی کوردی لە واشنتن چۆن دەبینی، ئایا ئەوان چالاکن لە ناساندنی کارەکان و داواکانی کورد بە ئەمریکییەکان؟**

**جێری واینبێرگەر:** ئەوان چالاکن لە نوێنەرایەتیکردنی یەکگرتوویی پارتی و یەکێتی، بەڵام چالاک نین لەخستنەڕووی ئەو بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

### لە ئەمریکا زۆر بایەخ بە کاروباری کورد نادرێ

**رووداو: داهاتووی کەرکووک چۆن دەبینی؟**

**جێری واینبێرگەر:** وابزانم چارەسەرەکە بریتی دەبێت لە "ناسنامەیەکی تایبەت" بۆ کەرکووک، بەڵام من جادووگەر نیم و هەر کەس بەپێی لێکدانەوەی خۆی پێشبینیی دەکات.

**رووداو: بۆچوونت بەرامبەر بەم ناکۆکییەی ئەمدوایەی نێوان سەرکردەکانی کورد و مالیکی چییە؟**

**جێری واینبێرگەر:** ئەوە کارێکی باش نییە بۆ گەورەیی و سەقامگیری عێراق. هەمیشە گەورەترین مەترسی ئەوە بووە فیدراڵیزمێکی ئەوەندە نەرم رەنگە عێراق پارچە پارچە بکات، بۆیە جموجۆڵەکەی ئێستاش دەبێ لە چوارچێوەی زیاتر بەهێزکردنی بەغدا بخوێنرێتەوە. هەروەها دەبێ نیگەرانی تورکیاش بەرامبەر "کوردستانی گەورە" لەبەرچاو بگیرێت.

## لە 60باڵیۆزی تازەی عێراق 13یان کوردن

## حوسێن سنجاری:

# مام جەلال منی پاڵاوت



### حەزم لە بەرازیل و هیندستانە و گەشتوگوزار تەرک دەکەم

**رووداو-هەولێر**

رۆژی 2009/7/21 ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراق ناوی وەجبەی یەکەمی ئەو باڵیۆزانەی پەسندکرد، کە لەلایەن لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی عێراق پێشکێش کرابوون.

تانیا تەلعەت، ئەندامی پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند، کە ژمارەی باڵیۆزە پاڵێوراوەکان 64باڵیۆزن، لەوانە 13کەسیان کوردن. بەپێی قسەکانی ئەو ئەندام پەرلەمانە" وەجبەی یەکەم لە 30ناو پێکهاتوون، کە 6یان کورد بوون، وەجبەی دووەمیش لە 34کەس پێکهاتوون کە 7یان کوردن، بڕیار وایە رۆژی 2009/7/23 ئەوانیش بخرێنە دەنگدانەوە".

بەپێی سەرچاوەیەک ناوی باڵیۆزەکان لەلایەن فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراق پێشکێش کراون. دوای پەسندکردنی ناوی ئەو باڵیۆزانە لیژنەیەک بەپێی تواناو لێهاتوویی و زمانزانین، باڵیۆزەکان بەسەر وڵاتاندا دابەش دەکات.

یەک لەو پاڵێوراوە کوردانە کە لە وەجبەی یەکەم دا پەسەندکرا حوسێن سنجاری بوو. سنجاری لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی ئەو وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ بۆ ئەم کارە پێشنیاز کراوە" من لە سەر پێشنیازی مام جەلال بۆ ئەم پۆستە پاڵێوراوم، سەرۆک کۆمار بە وەزیری دەرەوەی گوتبوو پێویستە کەسایەتی سەربەخۆش لەنێو لیستی پاڵێوراوانی کورددا هەبن بەتەنیا ئەندامی پارتی و یەکێتی نەبن". بە گوێرەی قسەکانی سنجاری خودی تاڵەبانی ناوی ئەوی بۆ ئەم پۆستە پێشنیاز کردووە.

حوسێن سنجاری، لەساڵی 1950 لە قەزای سنجار لەدایکبووە،لە ساڵی 1971 چووەتە نێو شۆڕش و دواتر چووەتە بەریتانیا، لەساڵی 1988 بەریتانیای بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە شاخ، لە دوای راپەڕین بووەتە وەزیر. سنجاری دەڵێ ئەو شەش زمان دەزانێ ئەوانیش وەک خۆی گوتەنی " کوردییە حەیاتەکەی خۆمان، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فارسی و فەرەنسی".

ئەو کە لەسەردەمی رژێمی سەدام دا، لە ئەوروپا لە چەند خۆنیشاندانێکی ناڕەزاییدا بەشداریکردووە بۆ بەردەم باڵیۆزخانەکانی عێراق، روونیکردەوە کە سروشتی کاری باڵیۆزخانەکانی عێراق لەمەودوا جیاواز دەبێ " لەمەودوا باڵیۆزخانەکانی عێراق بۆ خزمەت بە خەڵکی عێراق و بەهێزکردنی پێگەی ئەو وڵاتە و بەرز راگرتنی تەرخان دەکرێن، نەک بۆ سیخوری و هەواڵکۆکردنەوە لەسەر ئۆپۆزسیۆنەکان".

هەرچەندە ناوی سنجاری وەک باڵیۆزی پۆرتوگال بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئەو رەتیکردەوە کە تائێستا باڵیۆزخانەکان دابەشکرابن و گوتی" تائێستا شوێنەکان دیاری نەکراون،بەڵام خۆم حەز دەکەم ببمە باڵیۆزی عێراق لە وڵاتێکی دیموکراتی و بێ گرفت و پێشکەوتوو، جا با ئەو وڵاتە بەرازیل و هیندستانیش بن".

ئەوەشی روونکردەوە کە حەز و کار لەم پۆستەدا لێک جیاوازن و گوتی" ئەو وڵاتانەی پێشتر بینیومن زیاتر بۆ مەرامی گەشتوگوزار بوون، بەڵام لەمەودوا گەشتوگوزار و کەیف تەرک دەکەم و کاری دیپلۆماسی دەکەم".

## وەزیری دەرەوەی تورکیا:

# هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ کوردی عێراق نییە



### پێویستە لەجیاتی هێرشکردنە بنکەکانی PKK بگەینە چارەسەرێکی هەمەلایەنەی دوور لە کاری سەربازی

**رووداو– ئاژانسی جیهان**

ئەحمەد داود ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا، ئەم هەفتەیە لە دوو بۆنەی جیاوازدا ئەو رێچکەیەی ئاشکراکرد کە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لەم قۆناخەی داهاتوودا دەیگرێتەبەر. داود ئۆغلو لەوکاتەی کە رایگەیاند ساڵی 2009 هەلێکە بۆ تورکیاو بۆ هەمووان تا کێشەکانی تێدا چارەسەربکەن، گوتیشی کە وڵاتەکەی هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کوردی عێراق نییەو ناشبێتە مایەی هەڕەشە بۆ عێراق.

وەزیری دەرەوەی تورکیا، بەدەربڕینی ئەو هەڵوێستانە، رۆشنایی خستە سەر ئەو سیاسەتەی کە وڵاتەکەی لەقۆناخی داهاتوودا لەهەمبەر مەسەلەکانی قوبرس، ئەرمینیا، عێراق و هەرێمی کوردستان دەیگرێتەبەر. لەو چوارچێوەیەدا، داود ئۆغلو رۆژی شەممەی رابردوو لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەڤزیۆنی فەرمی، ساڵی 2009ی بەهەلێک بۆ تورکیاو وڵاتانی دراوسێی ناوبرد تا کێشەکانیان لەسەر زیاد لەئاستێک چارەسەربکەن، چونکە وەک ئەو گوتی "عێراق لەساڵی 2010 سەرقاڵی هەڵبژاردن دەبێت، هەروەک چۆن لەقوبرسی یۆنانیش هەڵبژاردن دەکرێت، تورکیاش دەکەوێتە ئامادەکارییەوە بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی ساڵی 2011، بۆیە تاوەکو کاتی هەڵبژاردنەکە تورکیا ناتوانێ زۆر لەهەڵوێستەکانی خۆی بگۆڕێ".

داود ئۆغلۆ، ساڵی 2009ی بەساڵی قوبرس ناوبردو رایگەیاند کە ئەو کێشەیە لە پێشەوەی کارنامەی سیاسەتی تورکیادایە. لەوبارەوە گوتی "بەگەڕانەوە بۆ پلانەکەی کۆفی ئەنان ئەمینداری پێشووی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، ناکرێ گەمارۆی سەر تورکەکانی قوبرس تاهەتایە بەردەوام بێت وەک ئەوەی تاوانێکیان کردبێت".

ساڵی 1974، سوپای تورکیا لەسەردەمی بولانت ئەجەوید سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی تورکیا، بەناوی پاراستنی تورکەکانی قوبرس، باکووری دورگەکەی داگیرکردو لەبەشە تورکییەکەیدا کۆماری قوبرسی تورکی راگەیاند، بەڵام تائێستا جگە لەتورکیا هیچ دەوڵەتێک دانی بەشەرعیەتی ئەو کۆمارەدا نەناوە. ئێستا ئەو کێشەیە یەکێکە لە لەمپەرەکانی بەردەم بە ئەندام وەرگرتنی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا.

یەکێک لە کێشە مێژووییەکانی تورکیا کێشەی ئەرمینیایە، ئەوەش نەک هەر لەو رووەوە کە تورکیا ناچێتە ژێرباری دانپێدانان بەکوشتاری ئەرمەنەکان لەسەردەستی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵکو بەهۆی ناکۆکییەکانی ئەرمینیاو ئازەربێجانیش لەسەر هەرێمی ناگۆرنۆ قەرەباخ. داودئۆغلۆ، لەوبارەوە گوتی "هەندێ لەئەرمەنەکان پێیانوایە درێژەدان بەداگیرکردنی قەرەباخ دواجار دەبێتە ئەمری واقیع، بەڵام داگیرکاری هەر داگیرکارییە ئەگەر نەوەک 17 ساڵ، 170 ساڵیش بەردەوام بێت".

وەزیری دەرەوەی تورکیا رەتیکردەوە کە روو وەرگێڕانی وڵاتەکەی بەرەو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەهۆی کێشەکانی تورکیا بێت لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، هەروەک چۆن رەتیشیکردەوە کە حیزبی عەدالەت و گەشەپێدان AKP، هیچ خەیاڵێکی دروستکردنی عوسمانیزمی نوێی هەبێت وەک ئەوەی پێشتر رۆژنامەکانی تورکیا لەزاری ئەوەوە بڵاویان کردبووەوە.

سەبارەت بەعێراق و هەرێمی کوردستانیش، وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند کە وڵاتەکەی مکوڕە لەسەر درێژەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکان و گوتی " لە گۆشەنیگای رەوشی باکووری کوردییەوە تەماشای مەسەلەکە ناکەین". هەروەها گوتی "تورکیا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کوردی عێراق نییە، بەهیچ شێوەیەکیش نابینە مایەی هەڕەشە بۆسەر یەکپارچەیی عێراق".

لەسەر ئاستی ناوخۆی تورکیاش داودئۆغلو رایگەیاند کە حکومەتی AKP لەهەنگاوناندایە بۆ فراوانکردنی زیاتری رووبەری مافەکانی کوردو کەمکردنەوەی قەیدوبەندی ئەمنی لەسەر ناوچە کوردییەکان، بەبێ ئەوەی ئەمە کار لە توانا ئەمنییەکانی تورکیا بکات.

داود ئۆغلۆ، رۆژێک پاش ئەو هەڤپەیڤینە، واتە رۆژی یەکشەممە لەدیداریدا لەگەڵ رۆژنامەکانی تورکیا لەئەنقەرە، بەشێوەیەکی درێژترو گەشبینانەتر لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لەباکووری کوردستان راوەستاو گوتی "هەوڵێکی هەمەلایەنە لەئارادایە بۆ ئەوەی کێشەی کورد بەشێوەیەکی سەرتاپاگیرو دوور لەخوێنڕشتن و کاری سەربازی چارەسەربکرێ".

داود ئۆغلو راشکاوانە گوتی "تورکیا لەساڵانی رابردوودا چەندین جار هێرشی سەربازیی کردووەتە سەر پێگەکانی PKK، بەڵام ئێستا ئیدی واپێویست دەکات بگەینە چارەسەرێکی هەمەلایەنەی دوور لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی".

داود ئۆغلۆ، لە وەڵامی ئەو دەنگۆیەی کە گوایە تورکیا خەریکی دانوستانی نهێنییە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان، رایگەیاند کە "چارەسەری کێشەی تیرۆر لەتورکیا تەنیا لەڕێی دەزگا پەیوەندارەکانی دەوڵەتەوە دەکرێ"، لەبارەی ئەو نەخشەڕێیەش کە دەگوترێ ئۆجەلان بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئامادەی دەکات و لە 8/15دا بڵاویدەکاتەوە، داودئۆغلو رەتیکردەوە کە ئۆجەلان بەشێک بێت لەو پلانەو راشیگەیاند کە ئەو هەوڵانە تەنیا لەچوارچێوەی بڕیارو راسپاردەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەنجومەنی وەزیراندا دەدرێن.



قوباد تاڵەبانی لە شاری سورەی بەریتانیا گەورە بووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئەندازیاری لە زانکۆی ئەو شارەدا وەرگرتووەو پێشتر وەک ئەندازیاری میکانیکی ئۆتۆمبێل کاری کردووە، پاشان چووەتە واشنتن و لە نووسینگەی یەکێتی لەگەڵ بەرهەم ساڵح کاری کردووە. لەساڵی 2006 بووەتە نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتن و تائێستا لەکارەکەی بەردەوامە. قوباد دەڵێ" من لە ئەمریکا بم یان ئەفریقیا، هەموو هەوڵی خۆم لەپێناو خزمەتکردنی کوردستان دەخەمە کەڕ". لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (رووداو) قوباد باسی لە هەڵبژاردن، گەندەڵی، پەیوەندی کورد و ئەمریکاو کۆمەڵێک بابەتی دیکە دەکات.

ولادیمێر وێلخنبێرخ
رووداو-سلێمانی

**نێچیرڤان بارزانی سەرکردەیەکی لێهاتووەو کاری باشی بۆ کوردستان کردووە**

**هەر کەس و لیستێک پێی وابێت ئەمریکا لە پشتیەتی زۆر بەهەڵەداچووە**

## قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی کوردستان لە ئەمریکا:

# ئێمەی کورد وادەزانین ئۆباما و جێگرەکەی باسی رووداوەکانی تووی مەلیک دەکەن

**ولادیمێر: ئەمریکا چۆن تەماشای هەڵبژاردن دەکات. هەندێ هەواداری لیستی گۆڕان دەڵێن ئەوان لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتیان لێ دەکرێت؟**

**قوباد تاڵەبانی:** پێموایە ئەمریکا ئێستا خەریکی کۆمەڵێک کێشەی سەرەکی نێودەوڵەتییە وەک رووسیا، قەیرانی کۆریای باکوور، هەژاری ونەداری لە ئەفریقیا و نائارامییەکانی نێو ئێران. بۆیە بەلای منەوە مایەی سەرسووڕمانە ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی پلەبەرزی ئەمریکا بزانن لیستی گۆڕان و لیستی کوردستانی و لیستی چاکسازی و خزمەتگوزاری چین. چونکە ئێمە کوردین و وادەزانین جێی بایەخی ناوەندی بڕیاری ئەمریکاین. بۆیە وادەزانین سەرۆک ئۆباما و جۆ بایدن لە سەر مێزێک دادەنیشن و دەڵێن : (دوو رۆژ لەمەوبەر لە شەقامی تووی مەلیکی سلێمانی شتێک روویدا و ئێمە دەبێ لەمبارەوە کۆبوونەوەیەک بکەین!). ئەمریکا زلهێزی دنیایە و دەست لە کاروباری هەڵبژاردن وەرنادات. هەر کەسێکیش پێیوابێت ئەمریکا لە پشتیەتی زۆر بەهەڵەداچووە. با لێرەدا بەسەرهاتێکی سەیرت بۆ بگێڕمەوە. لە نەوەتەکاندا لە کاتی شەڕی ناوخۆ، ئەمریکا بەتووندی لە پشت رێککەوتنی پارتی ویەکێتی بوو جێبەجێشی کرد، ئەوکاتە هەمیشە بەرپرسانی یەکێتی دەهاتنە لام و دەیانگوت فلانە بەرپرسی ئەمریکی لە جۆری پرسیارەکانیڕا دیارە کە لایەنگری پارتییە! پاشان هەمان بەرپرسی ئەمریکی پێیدەگوتم بەرپرسانی پارتی گومانی ئەوەم لێدەکەن من لایەنگری یەکێتی بم. منیش لەلای خۆمەوە پێم سەیربوو کە چۆن دەکرێ گومان لە بەرپرسێکی ئەمریکی بکرێت کە لایەنگری پارتی یان یەکێتی بێت!. ئەمریکا زۆر لەو شتانە گەورەترە.

**ولادیمێر: وابزانم ئەمریکا لەسەر هەڵبژاردن راهێنان بە هەموو لایەک دەکا؟**

**قوباد تاڵەبانی:** هەردوو رێکخراوی NDI و IRI ی ئەمریکی کە سەر بە دیموکرات و کۆمارییەکانی ئەمریکان کارێکی زۆر باش دەکەن بۆ راهێنان وبڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی هەڵبژاردن.

**ولادیمێر: هەندێ راگەیاندن پێشبینی ئەوەیانکردووە رەنگە سلێمانی شەڕێکی ناوخۆیی بەخۆوە ببینێ، رات چییە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** وابزانم ئەوە پێشبینییەکی زۆر نابەرپرسیارانەیە. بێگومان لێرە خەڵک زۆر بە جۆشوخرۆشن، ئەوەش زۆر گرنگە کە هێزەکانی ئاسایش لە سلێمانی بە بەردەوامی

### رکابەرێتییەکی دروست لەنێوان پارێزگاکانی کوردستان دا هەیە

و پیشەییانە لەکاتی سەرهەڵدانی گرژی و توندوتیژی هەڵسوکەوت دەکەن. ئێمە تازە لە شەڕێکی نەگریسی ناوخۆیی نێوان دوو پارتی سەرەکیی کوردستان رزگارمان بووە. تەنیا 11 یان 12 ساڵ پێش ئێستا ئەم هەرێمە گیرۆدەی شەڕێکی پیس و ناپەسند بوو. خەڵک ئیتر بەرگەی شەڕی براکوژی ناگرن و شەرمەزارییە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت ئەم جۆرە توندوتیژییە بورووژێنێتەوە.

**ولادیمێر: لە ڕاستیدا هەر سەبارەت بەم بابەتە چەند رۆژێک لەمەوبەر دەنگۆیەک لەبارەی وەزیری پێشمەرگە کوردستانەوە بڵاوبووەوە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بەداخەوە هەندێک خەڵک هەن بەدوای کێشەو ئاژاوەدا دەگەڕێن. بەداخەوە ئەوان ئەم بارودۆخە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەقۆزنەوەو ئەمەش لە بەرژەوەندی کوردستاندا نییە، بەڵام گێرەشێوێنەکان ژمارەیان کەمە. خەڵکی سلێمانی بوێر و ژیرن و زۆر باش ئەم گێرەشێوێنانە دەناسن. زۆر زێدەڕۆیی دەکرێت. سلێمانی شاری نزیکەی یەک ملیۆن خەڵکەو زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەم شارە کەسانی راستگۆ و دڵسۆزن کە لە خەمی هەرێمی کوردستان و شارەکەیان و داهاتوویاندان.

**ولادیمێر: وابزانم لەساڵی 2006 نائارامییەک لە هەڵەبجە سەری هەڵدا و مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە لەلایەن خەڵکی ناڕازی لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سووتێنرا. زانیومە کە**

### پەیوەندیم لەگەڵ کاک نەوشیروان و کوڕەکەی باشە

**بەم دواییانە تۆ سەردانی هەڵەبجەت کردووە. ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دەڤەرەدا خزمەتگوزارییەکانی بەرەوپێش بردووە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بەڵێ ئەم خزمەتگوزارییانە پەرەیان سەندووە. ئەگەر سەردانی هەڵەبجە بکەی و سەیری ئەو پرۆژانەی رێگەوبان و ئاو و گەشەسەندنی ئابووری بکەی کە جێبەجێکراون، بە بەراورد لەگەڵ 2005 و 2006 هەست بە گۆڕانێکی بنەڕەتی دەکەی، بەڵام ئەم شارە بە مێژووەکەی کە ئاوێتەیەکە لە خۆشی و نەهامەتی، بەڕاستی کە چاوت پێی بکەوێ جەرگت دەسووتێنێ. وابزانم پێشڤەچوونێک لەبواری خزمەتگوزاریدا هەبووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووەتەوە لەڕووی هێواشی بەجێگەیاندنی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری. وابزانم بەشێک لەم رەخنانە ناڕەوان. ئەگەر بڕوانینە مێژووی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێدەگەین کە تەنیا پاش رووخانی ڕژێمی پێشوو ئەم حکومەتە بوودجەیەکی وەرگرتووە. حکومەتی کوردستان تا ساڵی 2006 نەبووە یەک حکومەت. تا ئەوکات ئێمە دوو حکومەتی نیمچە ناکارامان هەبوو بەبێ ئەوەی سەرچاوەیەکی راستەقینەی بودجەیان هەبێت . ئەم حکومەتانە پشتیان بە بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستبوو کە بە هیچ شێوەیەک لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا نەبوو. کەواتە هەڵبەت هەندێک لە پرۆژەکانی ژێرخانی تاوەکو ساڵانی 2005 و 2006 و 2007 نەخرانە گەڕ. هەر بۆیەشە وا تازە بەتازە خەریکە پرۆژەی گەورەی وەک بەرهەمهێنانی وزە و پرۆژەی ئاو دەبینرێن و دەخرێنە واری جێبەجێکردنەوە. لە هەمانکاتدا ئەم رەخنانە ئاماژە بەوە دەدەن کە خەڵکی کوردستان زۆر بەپەلەن بۆ دیتنی ئەو ژیانە خۆشترەی کە دەمێکە چاوەڕوانین. بەڕاستی من پێموایە شتێکی راستە کە خەڵک داوای زیاتر بکەن چونکە بەم شێوەیە حکومەت ناچار دەبێت وەڵامی بەرامبەر بە خواستەکانیان هەبێت. ساڵی رابردوو لەم کاتەدا کوردستان هەر تەنیا 4 تاوەکو 5 کاژێر کارەبای هەبوو، ئێستا خەڵک لە هەموو شوێنێک 18 تا 19 کاژێر کارەبایان هەیە. پێیانگوتوومە لە کۆتایی ئەمساڵدا کوردستان 24 کاژێر کارەبای دەبێت. ئەمەش پێشکەوتنە. پرۆژەکانی ئاو بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیان سەندووە. ئێستا پرۆژەکانی ئاوی هەولێر و سلێمانی بەبەردەوام ئاوی پاک بۆ خەڵک دابین دەکەن. وابزانم پاش ئاو و کارەبا، پێویستە بایەخی سەرەکی بە پەروەردەو چاودێری تەندروستی بدرێت.

**ولادیمێر: من لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی کوردستان دوام، ئەوان دەڵێن بوونی ئۆپۆزسیۆن بۆ حکومەت شتێکی باشە،رای تۆ چییە لەمبارەوە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بەدڵنیاییەوە وایە. هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنە. بڕوانە چۆن ئەو شێوە ئۆپۆزسیۆنەی لەم هەڵبژاردنانەدا سەریهەڵداوە وزەی بەخشیوەتە هەموو پارتە سیاسییەکان. ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی دروست نەبێت، لیستەکان چ پێویستیەکیان بە بانگەشەی هەڵبژاردن هەیە؟. برۆ سەر شەقامەکانی سلێمانی، بەڕاستی جێی خۆشحاڵییە کە دەبینی خەڵک چەند بە پەرۆش وجۆش وخرۆشە بۆ هەڵبژاردن. هەندێک لە گەنجان کێشە دەنێنەوە، بەڵام ژمارەیان کەمە. تەنانەت ئەمەش نیشانەی ئەو سەربەستیەیە کە ئێستا تێیدا دەژین. هیوادارم خەڵک لەوە تێبگەن کە تەنیا بەهۆی بیروبۆچوونی جیاواز یان لایەنگرییان بۆ حیزبی جیاواز، نابێت یەکتر بە دوژمن لە قەڵەم بدەن. هەمووومان پێویستە لەپێناو کۆمەڵگەدا لێبووردەیی بنوێنین.

**ولادیمێر:هەڵۆی خاڵت ئێستا سەرۆکی لیستێک و پاڵێوراوی سەرۆکایەتییە، ئەو بۆچی لە یەکێتی جیا بووەوە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** پێویستە پرسیار لە خۆی بکەیت.

**ولادیمێر: ئایا دەنگی بۆ دەدەی؟ تۆ مافی دەنگدانت هەیە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بەڵێ دەتوانم لە هەڵبژادنەکان دەنگ بدەم و ئەوە مافی خۆمە، بەڵام وەک هەروەک کارمەند و بەرپرسێکی حکومی بۆم نییە پشتیوانی لە لیستێک یان پاڵێوراوێکی دیاریکراو بکەم.

**ولادیمێر: بڕیارە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پاش هەڵبژاردنەکان کۆنگرە ببەستێت. ئایا بڕیارتداوە هەر وەک بەرپرسێکی حکومی لە ئەمریکا بمێنیەوە یان لە حیزبدا کار بکەی؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئێستا من ئەندامێکی ئاسایی یەکێتیم، بەڵام با ئەوە بۆ رۆژی خۆی هەڵگرین.

**ولادیمێر: هەندێک کەس پێیانوایە لەبەرئەوەی تۆ لە ئەمریکای بۆیە دوای د بەرهەم ساڵح، تۆ بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیران ئامادە دەکەن، راستە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** من گوێنادەمە ئەم جۆرە قسەڵۆکانە. من نوێنەری حکومەتی کوردستانم لە ئەمریکا، لە هەر شوێنێک بم چ لە ئەمریکا چ لە ئەفریقیا بەهەمان گوڕو تین بۆ نەتەوەکەم تێدەکۆشم. کەس باسی وەرگرتنی هیچ پۆستێکی لەگەڵ نەکردووم و خۆشم ئەم داوایەم لە کەس نەکردووە.

**ولادیمێر: من لەگەڵ هەندێک لە بەرپرسانی لیستی گۆڕان دوام، بۆ نموونە کاتێک لەگەڵ محەمەد تۆفیق رەحیم هەڤپەیڤینێکم ساز کرد دەیگوت نەوشیروان مستەفا هیچ رۆڵێکی لە شەڕی ناوخۆدا نەبووە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** پێویستە لەجیاتی گەڕانەوە بۆ رابردوو بڕوانینە داهاتوو و بیر لە دوارۆژ بکەینەوە. ئێمە رابردوویەکی تێکەڵمان هەیە، رابردوویەک پڕ لە دەسکەوت و قارەمانی سەرسوڕهێنەر و رابردوویەکی پڕ لە تراژیدیای دڵتەزێن، ئەو تراژیدیایانەی کە بە سەرماندا سەپێندران و ئەو تراژیدیانەی کە خۆمان بە سەر خۆمانماندا هێناون و کەس ناتوانێت قیت بێتەوەو دەنگ هەڵبڕێت و بڵێ ئەم رابردووە هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نەبووە. هەر کەسەو بەجۆرێک بەشداری لەم رابردووەدا کردووە. کاتێک پرۆسەیەکی ئاشتەوایی راستەقینەش هاتە ئارا کاتی ئەوە دێت بزانین چ کەسانێک ئەرێنی و چ کەسانێک نەرێنی بوون. ئێستا پێویستە لە داهاتوو بڕوانین و خەڵک بەرەو یەکگرتن هانبدەین و بیر لە مەترسییە دەرەکییەکانی سەر هەرێمی کوردستان بکەینەوە، پێویستە کەموکوڕییە ناوخۆییەکان چارەسەربکەین و، ئەم هەڵبژاردنە مەزنە ئەنجام بدەین و، کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەین، پێوەندی لە گەڵ جیهانی دەرەوەدا ببەستین و، بەردەوام هەوڵی پێشکەوتنی کوردستان بدەین.

**ولادیمێر: حەز دەکەم هۆی سەرەکی جیابوونەوەی لیستی گۆڕان لە یەکێتی بزانم. بە بۆچوونی محەممەد تۆفیق رەحیم ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای وشە، هۆی جیابوونەوەکەیان ئەوەیە حکومەت کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەکان. هەندێکی خەڵکی دیکەش لیستی گۆڕان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە ئەوانە تەنیا چاویان لە وەرگرتنی دەسەڵاتە. رات چییە بەرامبەر بەم بۆچوونانە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەوە ئەرکی من نییە بە دوای ئەو قسانەدا بچم. ئەرکی من ئەوەیە پێوەندییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا پتەوتر بکەم.

**ولادیمێر: بیستومە تۆ هاوڕێی کوڕی نەوشیروان مستەفای. ئایا هێشتاش نێوانتان هەیە؟ ئایا هیچ هەوڵت داوە بۆ گەڕاندنەوەی نەوشیروان موستەفا بۆ نێو یەکێتی؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بەڵێ پەیوەندیم لەگەڵی هەیە و، هەرگیز پەیوەندیم لەگەڵ ئەو و باوکی ناخۆش نەبووە.

**ولادیمێر: هەوڵت نەداوە کە ئەوان بگەڕێنیەوە ناو یەکێتی؟**

**قوباد تاڵەبانی:** هەروەک پێم گوتی ئەرکی من پتەوکردنی پێوەندییەکانی کوردستانە لەگەڵ ئەمریکا و بەڕێوەبەرایێتی سەرۆک ئۆباما.

**ولادیمێر: ئەی بە مەزندەی تۆ لیستی کوردستانی لەم هەڵبژاردنەدا چەند کورسی وەدەستدێنێت؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەمە هەڵبژاردنێکی ئازادە نەک هەڵبژاردنێک کە پێشتر بڕیار لە ئەنجامەکانی درابێت. بۆیە من نازانم چەند کورسی دەباتەوە. ململانێیەکی راستەقینەو ئازادییەکی راستەقینەی رادەربڕین هەیە. میدیایەک هەیە کە چالاکانە هەڵبژاردنەکان دەگوازێتەوە. حیزبی سیاسی دەبینین کە بانگەشە بۆ لیستەکانیان دەکەن و خۆیان دەگەیێننە نێو کۆمەڵانی جیاوازی خەڵک وەک پیاوانی ئایینی و پێشمەرگە و خوێندکاران. لە ئەوروپا و ئەمریکا بەردەوام بینیومانە چۆن پاڵێوراوان دەچنە نێو جەماوەر و منداڵەکان ماچ دەکەن. ئێستا ئێمە هەمان ئەو شتە لە کوردستان دەبینین. بانگەشەیەکی راستەقینە دەبینین . دەبینین خەڵک هەڵی بۆ رەخساوە لەنێوان زۆر کاندیددا بۆ خۆی کەسێک هەڵبژێرێت نەک لەبەرئەوەی ئەو کەسەیان خۆش دەوێت، بەڵکو بەهۆی ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە ئەو کەسە نوێنەرایەتیی دەکات، بەڕاستی ساتێکی خۆشە کە ئێستا لە کوردستانم و ئەو کەشە دەبینم. وەک من هەستم کردووە خەڵک ئەم جارە لە هەردوو هەڵبژاردنی 1992 و2005 بە جۆشترن

### هەڵەبجە جەرگت دەسووتێنێ

بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن. پێشتر هەر باسی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا دەکرا، بەڵام ئێستا باسی شارۆچکەیەکی وەک کانی سپی دەکرێ، باسی گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ شارو شارۆچکەکان ولێپرسینەوە دەکرێت، ئەمانە نیشانەی سەرهەڵدانی دیموکراسین لە کۆمەڵگەدا.

**ولادیمێر: بەڵام ئەگەر سلێمانی بە هەولێر و دهۆک بەراورد بکرێ هەست بەوە دەکرێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تارادەیەک سلێمانیی پشتگوێ خستووە، لەم دووساڵەی دواییدا هەوڵەکانی لە چاکسازیی خزمەتگوزارییەکان لە هەولێر و دهۆک چڕ کردووەتەوە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** بڕوا ناکەم ئەم هەڵسەنگاندنە خەملاندنێکی تەواو بێت. سەرانسەری کوردستان گەشەسەندنێکی گەورەی بەخۆیەوە دیوە. برۆ کەلار و کۆیە ببینە ئەم شارە چۆن گەشەی کردووە. مانگی نیسان لە دهۆک و چەند رۆژ بەر لە ئێستاش لە هەولێر بووم، پێشڤەچوون لە سەرانسەری کوردستاندا هەیە. وابزانم جوگرافیاش پێوەندی بەم بابەتەوە هەیە. هەولێر شارێکی تارادەیەک تەخت و

### من تێکەڵەیەکم لە زاخۆ و کۆیە و کەرکووک و سلێمانی



پان کەوتووە و فرەوانکردنی ئاسانە. سلێمانی بە شاخ دەورە دراوە بۆیە رەنگە هەست بە فرەوانبوونی نەکرێت. بۆیە راست نییە بگوترێت شوێنێک پشتگوێ خراوە و شوێنێکی دیکە بایەخی پێدراوە. جیا لەمانەش، هەولێر پایتەختی ئەم هەرێمەیە هەر بۆیەش شتێکی ئاساییە وەبەرهێنانی زیاتر لەم شارەدا ببینرێت. زۆربەی شاندەکانی وەبەرهێنان سەرەتا سەردانی هەولێر دەکەن. ئەوەی راستی بێت رکابەرێتییەکی راست و دروست لەنێوان پارێزگاکانی کوردستاندا هەیە. ئەگەر لە پارێزگایەک نەخۆشخانەیەک یان کۆلێژێک کراوە پارێزگاکەی دیکەش لەچاوی دەکاتەوە. ئەمەش ئەو جۆرە رکابەرێتییە کە کوردستان بەرەوپێش دەبات. خەڵک زۆر هاوسۆزییان بەرامبەر بە زێدی خۆیان هەیە، سوپاس بۆ خواش کە من تێکەڵەیەکم لە زاخۆ و کۆیە و کەرکووک و سلێمانی.

**ولادیمێر: پەیوەندیت لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان چۆنە، دەڵێن پەیوەندی تۆ لەگەڵ ئەو لە پەیوەندی هەموو نوێنەرانی دیکەی حکومەت لە دەرەوە بەهێزترە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** من شانازی بە پێوەندیی بەهێزی خۆم لەگەڵ سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی دەکەم. ئەو سەرکردەیەکی لێهاتووە و کاری باشی بۆ کوردستان کردووە. تەنیا سێ نووسینگەی فەرمی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە هەن، وابزانم نووسینگەکانی لەندەن و واشنتن بە یەکسانی توانای پێوەندیکردن بە نووسینگەی سەرۆک وەزیرانیان هەیە. من ناتوانم بڵێم ئەو هەستی چۆنە، بەڵام بەدڵنیاییەوە زۆر دڵخۆشم بەوەی کارم لەگەڵی کردووە.

**ولادیمێر: لێرە زۆر باسی گەندەڵی دەکرێت، هاوڕێیەکم دەڵێ کێشەکە ئەوەیە کوردستان سیستەمی بانکی نییە کە لەسەر ئاستی ناوخۆی تێپەڕبێت، هەر بەرپرسێک دەتوانێ کاغەزێک بنووسێت و بڵێ ئەوەندە پارە بدەنە فلانە کەس، بۆیە گرفتەکە لە سیستەمەکەدایە؟**

**قوباد تاڵەبانی:** ئەوە رەخنەیەکی رەوایە، بەڵام بە بۆچوونی من بەشێکی زۆری ئەو رەخنانە وەک گەندەڵی ئاراستەمان دەکرێن بەهۆی خراپ بەڕێوەبردنەوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا گەندەڵی هەر هەیە لە کوردستان. حکومەتیش بە تەنیا گەندەڵ نییە، بەڵکو ئەوە کێشەیەکی کۆمەڵایەتیشە. بۆیە ئەم گەندەڵییە هەروەک دەگوترێت بە سیحر و جادوو لەنێو نابرێت. کێشەکە بەوە چارەسەر نابێت بڵێی فلان بەرپرس و وەزیر گەندەڵە وبیهێنیتە سەر تەلەڤزیۆن، بەڵکو کێشەکە تەنیا بە پێشخستنی سیستەمی حوکم و شەفافییەت و دانانی پرۆتۆکۆل و پێڕەوی ئەوتۆ کە گەندەڵکاری بۆ خەڵک ئەستەم بکات، چارەسەر دەبێت. ئێستا خەڵک بە ئاسانی دەتوانێ گەندەڵی بکات چونکە سیستەمی بەڕێوەبردن بە شێوەیەک دانەڕێژراوە تاوەکو بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە. ئێمە ئێستا لە کوردستان بەڕاستی لە قۆناخێکداین کە دەتوانین ئەم کارە بکەین.

ئێمە توانیومانە کونترۆڵی ئاسایشی کوردستان بکەین و ئێستا خەریکە خزمەتگوزاری بنەڕەتی بۆ خەڵکی کوردستان دابین دەکەین . ئێمە کار لە سەر گەشەسەندنی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەم دواییانە سەرۆک وەزیرانی کوردستان ستراتیژیەتی حوکمڕانیی راست و دروستی ئاشکرا کرد . کەس بە ئێمەی نەگوتبوو پێویستە ئەم ستراتیژیەتە دابنێین . ئێمە پێش ساڵێک بە قەناعەتی خۆمان گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە ئاستی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان باشتر بکەین .



## کانی سەرقاڵە

**رووداو- سلێمانی**

**گۆرانیبێژ کانی خەریکی کۆتاییهێنانە بەنوێترین بەرهەمی خۆی کە لە 8 گۆرانی پێکهاتووەو لە چەند مانگی داهاتوو بڵاودەبێتەوە. گۆرانییەکانی ئەو ئەلبوومەی کانی، لە هۆنراوەی شاعیران (مەحوی و وەفایی و هێمن و شێرکۆ بێکەس و کەمال) پێکهاتووە، ئاوازەکانیشی لەلایەن (توانا خورشید، کارزان مەحمود و حەسەن یوسف زەمانی) دانراون. کانی کە تائێستا یەک ئەلبووم گۆرانی هەیە، چەند کۆرسێکی موزیکی لەئەوروپا خوێندووە.**

مەلەک رۆژهات:

# گۆرانیبێژانی کچ ئاسانتر دەتوانن دەربکەون





**رووداو: ماوەیــەک پێش ئێســتا بڵاوتکردەوە کە ناتوانی بگەڕێیەوە باکووری کوردســتان، ئایا کێشەکە هەرماوە یان خۆت حەزدەکەی لە باشوور بمێنیتەوە؟**

**مەلەک رۆژهات:** کێشــەکە هەر بەردەوامە، لەبەر مەسەلەی سیاســی، ئێســتاش ناتوانم بگەڕێمەوە تورکیا، بەڵام پارێزەرمان گرتووە بەدوای مەسەلەکەدا دەڕوات بــۆ ئەوەی چارەســەری بکات. بەڵام ئێرەش کوردستانە و وڵاتی خۆمە.

**رووداو: دەڵێن باوکــت بەردەوام لەگەڵتدایە، بەڵام ئەمجارە لەگەڵت نەبوو، بۆچی؟**

**مەلــەک رۆژهات:** بەڵێ راســتە، پێــش ماوەیەک تووشی رووداوێک بوو، بۆیە ئەو نەیتوانی، ئێستا مامم لەگەڵمدایە.

**رووداو: بەخوێندن یان هەروا بە ئارەزوو دەســتت بەکاری هونەری کرد؟**

**مەلەک رۆژهات:** خوێندن لەپێش هەموو شتێکەوەیە، بۆ هونەرمەندیش هەروا. ئێستا لە بواری هونەردا دەخوێنم و بەردەوامم. من بەدەنگی گۆرانیبێژە میللییەکان گەورە بووم، بۆیە ئەو حەزە لە منداڵییەوە لەناخمدا بوو.

**رووداو: جوانی تا چ رادەیەک یارمەتــی ســەرکەوتنی هونەرمەندانــی کــچ دەدات بــۆ نێوبانگ دەرکردن؟**

**مەلەک رۆژهات:** جوانــی رۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ هونەرمەندی کچ، بــەڵام مەرجی ســەرکەوتنیش نییە. چونکــە بەتێپەڕبوونی تەمەن جوانی نامێنێت، بۆیە بەرزی و نێوەڕۆکی گۆرانییەکانی هونەرمەند گرنگە، بۆ ئەوەی هەمیشە گوێی لێبگیرێت.

**رووداو: هونەرمەندانی کچ دەتوانن زیاتر بەنێوبانگ بن یان کوڕ؟**

**مەلــەک رۆژهات:** بەڕای من رێگە بۆ کچ کراوەترە، کچان زۆرتر دەتوانن دەربکەون.

**رووداو: حەزت لەدەنگی کام هونەرمەندی کوردە لە هەر چوار بەشەکەی کوردستان؟**

**مەلــەک رۆژهات:** نامەوێ ناوی هیچ هونەرمەندێک بێنم، بەڵام دەتوانم ناوی ئەوانەی کۆچیانکردووە بڵێم. سەرسامم بە عایشە شان، مریەم خان، بەتایبەتیتریش بە محەممەد شــێخۆ، ئەو زۆر کاریگەری لەسەر من هەبووە.

### گرنگ نیيە ئەوەی دەبێتە هاوسەرم خەڵکی چ پارچەیەکی کوردستان بێ

**رووداو: چۆن دەڕوانییە بەکارهێنانی کچان لەکلیپی گۆرانیبێژانی پیاودا؟**

**مەلەک رۆژهــات:** ئەوە نێوەڕۆکی کلیپەکە جوانتر دەکات، هەرچەندە هەندێ کەس بەشێوەیەکی دیکە بیر دەکەنەوە.

**رووداو: بەرهەمی نوێت چییە؟**

**مەلەک رۆژهات:** ئێستا بەرهەمێکی نوێم لەبەردەستەو کارەکانی هێشتا تەواو نەبووە.

### سێ کۆنسێرتم بێ پارە سازکردوون

**رووداو: لەو بەرهەمەتدا هیچت بۆ کچ یان ژنی کورد گوتووە؟**

**مەلەک رۆژهات:** بەڵێ لەسەر ژن و لەسەر کچیش دوو گۆرانیم هەیە.

**رووداو: بۆچی هەمیشە جلی کوردیت لەبەرە؟**

**مەلەک رۆژهات:** لەبەرئەوەی من کچێکی کوردم و، نامەوێ بە جلوبەرگی دیکە گۆرانی کوردی بڵێم.

**رووداو: حەزدەکەی هاوسەرەکەت خەڵکی باکووری کوردستان بێ یان بەشەکانی دیکە؟**

**مەلــەک رۆژهات:** کوردبــوون گرنکە، گرنگ نییە خەڵکی کام پارچەی کوردســتان بێت، پێمخۆشــە ئەو کەســە بۆ کورد کار بکات. پێش هەموو شتێک بنچینەی ژیانی هاوسەری لێک تێگەیشتن و پێکەوە گونجانە.

**رووداو: ئێــوە زۆر کۆنســێرت ســاز دەکەن، ئەو کۆنسێرتانە بە پارە یان بێ بەرامبەر سازدەکەی؟**

**مەلەک رۆژهات:** ســێ کۆنســێرتم بەبێ بەرامبەر سازکردوون، ئێستا کاتی هەڵبژاردنە و پێویستە هەموو کەس بە ئەرکی خۆی هەڵبســتێ، هەموو کەســیش دەزانێ کێ شەهیدی داوەو خەباتی کردووە.

**رووداو: داوات چییە؟**

**مەلــەک رۆژهــات:** زۆرجــار رۆژنامەنووســان چاوپێکەوتنم لەگەڵ دەکەن، بەڵام دوایی شــتەکان وەک خۆی بڵاوناکەنەوە. هیوادرم راگەیاندن هاوکاری هونەرمەندان بکات.

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی ayarfalaky@hotmail.com

**کاوڕ**
Mar 21–Apr 19

هەســتەکانتان زیاتر لە جاران ناسکتر دەبێتەوە، ئەمــەش هاوکاریتان دەکات بۆ ئەوەی لە ناخی چواردەورەکەتان تێبگەن، هیچ شتێک باس مەکە دەربارەی پڕۆژەکانی داهاتووت.

**گا**
Apr 20–May 20

پەشــیمان مەبە لەو کارانەی هەندێکت جێبەجێکــردوون، بەپێی پێویســت خۆت ماندوو بکــە، چونکە ماندووبــوون لە کار بێزاریتان بەرامبەر بە کارەکان بۆ دروســت دەکات، وا باشــە ســەردانی هەندێک لەو هاوڕێیانە بکەی کە دڵت ئاسوودە دەکەن.

**جمک**
May 21–Jun 21

دەتوانــن رێکخســتەنەوەیەکی بــاش لــە کارەکانتان بکــەن، پەیوەندی زۆر و سەردانەکان وا دەکات بە کەسایەتییەکی نــوێ دەر بکــەون، کاتێکــی باشــە بۆ گۆرانکاری لە شێکپۆشــی و گرنگیدان بە رووخسار.

**قرژاڵ**
Jun 22–Jul 22

ئازایانــە هەنــگاوی بەرەو پێــش بنێن لە کارەکانتان کاتی بەرنامــە رێژیە لە کارەکان، بەهیچ شــێوەیەک گفتوگۆی کەسانێک مەکەن کە توانای تێگەشتنیان نییە، چونکە دەکەونە ململانێی قورس، ئەوانــەی خێزاندارن گرنگی تەواو بە ماڵ و منداڵەکانتان بدەن.

**شێر**
Jul 23-Aug 22

دڵکــراوە و دەســتکراوە دەبــن لە هەردوو لایەنی دارایی و ســۆزداریەوە، لە کارە قورسەکاندا باشترین توانات بۆ خۆت و چواردەورەکــەت دەر دەکەوێــت، هیچ دوودڵ مەبن لە داوای هاوکاری کەســانی چواردەورتان.

**گوڵەگەنم**
Aug 23–Sep 22

هەوڵبدەن ئەو کەسانە زویر نەکەن لەخۆتان کە ئێوەیان خۆشــدەوێت، زۆری کارەکانیان وایکردووە کە ئازیزانتان گرنگیتان لەسەر کەم بکەنەوە، بۆیە گوێ لە گلەییەکانتان ناگیرێت، وا باشە قەرەبووی ماوەکانی پێشوو بکەنەوە کە کارەکانی بەسەر شانتانەوە زۆر بووە.

**تەرازوو**
Sep 23–Oct 23

هەمــوو ئــەو کارانــەی پەیوەنــدی بــە کەســایەتیتانەوە هەیــە بیخەنە ســەرەتای جێبەجێکردنەکانتانەوە، زیرەکیتان بەکاربێنن بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر، کاتێکی زیاتر بۆ خۆشەویستەکانتان تەرخان بکەن.

**دووپشک**
Oct 24–Nov 21

دوودڵ مەبــن لــە هاوکاری کەســانی چواردەورتان، کەسانێک کە پێشتر ئێوەیان زویر کردبوو ئێســتا هەست بە پەشیمانی دەکەن، هەوڵبــدەن گرنگترین کارەکانتان بکەنە سەرەتای جێبەجێکردنی کارەکانتان.

**کەوان**
Nov 22–Dec 21

فرســەتتان بۆ دەرەخسێت کارەکانتان بەرەوپێــش ببــەن، رێگە بە کەســانێک مەدەن ببەنە بەربەست لە بەدەستهێنانی ئاواتەکانتــان، دەتوانن کارەکانتان بگۆڕن لەپێناو دەسکەوتی باشتر.

**کارژۆلە**
Dec 22–Jan 19

لەپێناو بەرەوپێشچونی خۆتاندا بەشداری بکــەن لە پــڕۆژە نوێیەکانــدا و کاری گرنگ ئەنجامبــدەن بۆ ئــەوەی هێــز و تواناتان بۆ چواردەورەکەتان دەربکەوێت، پێویستە سەردانی ئەو هاوڕێیانە بکەی کە تازە ناسیوتن.

**سەتڵ**
Jan 20– Feb 18

بۆ گەنجان، پەیوەندییەکی رۆمانســی نوێتان بۆ دروست دەبێت، خاوەن خێزانەکان دەتوانــن بەختی خۆتان تاقی بکەنەوە لەو کارانەی پەیوەنــدی بەیاوەربونی بەختەوە هەیــە، هاوڕێیانی کار هاوکاریەکی باشــت دەکەن.

**نەهەنگ**
Feb 19–Mar 20

زیاتر لەگەڵ هاوڕێ و هاوبەشــەکانتان خۆتان بگونجێنن چونکە هەندێک حاڵەتی تێنەگەیشتن لەنێوانتان روودەدات، پشت بە هەوڵ و ماندوبوونی خۆتان ببەســتن نەک بەخت.

# لە کالیفۆرنیاوە دەبنە چاپلینی چیاکان

## بەڕێوەبەری بەرهەم: خەڵک بەگوش پارە وەردەگرێت، بەڵام هیچ نادەنە ئێمەتێناگەین مەسەلە چییە؟



**زیاد ئیسماعیل**
**رووداو– هەولێر**

لە مــاوەی چەند رۆژی رابردوودا لەســەر ئەرکی خــۆی، کۆمپانیــای (ئەڤین فیلم) دەســتیکرد بە وێنەگرتنی فیلمی (چاپلینی چیاکان) لە نووســین و ســیناریۆ و دەرهێنانی ســینەماکاری کورد جانۆ رۆژبەیانی. بەڕێوەبەری بەرهەمەکە دەڵێت "فیلمەکە 90%ی بەزمانی ئینگلیزییە، حکومەت تەنها بەیەک کامێرا هاوکاری کردووین".

ئەنوەر شێخانی، ئەکتەر و بەڕێوەبەری بەرهەمەکە بە (رووداو)ی راگەیاند فیلمەکە باسی 4500 گوندی ئەنفالکــراوی کوردســتان دەکات. یەکێک لەلایەنە گرنگەکانی ئەم فیلمە ئەوەیە : گرووپێک دەیانەوێت کوولتوری خۆیان بەکوردســتان بناسێنن و شارەزای کوولتوری کوردستان بن. شێخانی ئاماژەی بەوەدا کە کۆمەڵێک ئەکتەری بیانی وەک: کەنەدی، فەڕەنسی و ئەمریکی کە لەکالیفۆڕنیاوە هاتوون، بە خۆبەخشی کار لەم فیلمەدا دەکەن. هەروەها دەڵێت" ئەم فیلمە لەسەر بوودجەی تایبەتی کۆمپانیای ئەڤین فیلم بەرهەمهێنراوە، چونکە ئێمە هاوکاری نەکراوین لەلایەن حکومەتەوە، تەنها بەڕێوەبەرایەتی ســینەما کامێرایەکیان پێدایــن، بۆیە بە هەژارانە کاردەکەین، چونکــە بوودجەیەکــی وامان نییە بــۆی تەرخان بکەین".

بەڕێوەبەری بەرهەم ئامــاژە بەوە دەکات لەدوای فیلمی (ژیان) لەساڵی 2001 رێگا بە جانۆ رۆژبەیانی نەدرا کار بکات، دەڵێت "رێگریەک هەیە، بەڵام تائێستا ئێمەش نازانین هۆکارەکــە چییە، بۆیە جانۆ ناچار بوو ئەم فیلمە لە ســەر ئەرکــی خۆی ئەنجامبدات، هەندێک ئامێری سینەماییمان هەبوو ئێستا فرۆشتمان بۆ ئەوەی ئەم فیلمە دروستبکەین"، ئەنوەر شێخانی بەســەر ســوڕمانەوە دەڵێت" خەڵک پارە بەگوش وەردەگرێت، بەڵام هیچ نادەنە ئێمە، نازانم هۆکارەکە چییە، تێناگەین".

# سروە عادیلە خان زیندوو دەکاتەوە



**رووداو– سلێمانی**

سروە خۆش پەیام کچە دەرهێنەرو پێشکەشکار لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات دووەمین کورتە فیلمی خۆی بەرهەمهێناوەو بەمەبەستی بڵاوکردنەوە رەوانەی ئەمریکای کردووە . فیلمەکە باسی بارودۆخی کوردستان بەگشتی و هەڵەبجەو عادیلە خان بەتایبەتی دەکات، لەوبارەیەوە سروە خۆش پەیام بە (رووداو) دەڵــێ "عادیلە خانــم یەکێک لەژنــە فەرمانڕەواکانی ســەردەمی خۆی کە حوکم و دەســەڵاتی بەسەر شــاری هەڵەبجەدا کردووە و یەکەم چاپخانەی هێناوەتە ئەو شــارە و زۆر کاری باشــی وەک ئاوەدانکردنــەوەی لــە هەڵەبجەدا کــردووە. ناوبراو دەسەڵاتدارێکی باش بووە و ناوی وەک ژنێکی ئــازا لەمێژووی کورددا تۆمارکراوە بۆیە من هەوڵمداوە لەم دیکۆمێنتەدا بەرجەســتەی بکەمەوە".

ســروە خەڵکــی ســەقزی رۆژهەڵاتــی کوردســتانەو پێشکەشــکاری بەرنامــەی فارسی (ئادینە)یە لە کوردسات و هەر سێ زمانی کوردی، تورکی، فارســی دەزانێ، ئێســتا لەرادیۆی گەلی کوردســتان بەرنامەیەکی راســتەوخۆی تایبەتی لەســەر توندوتیژی دژی ژنان هەیە، لەبارەی ئەوەی کە هیچ پێشــنیازێکی پێدراوە بەشــداری فیلم و دراما بکات، دەڵێ "زۆر پێشــنیازی کارم پێدراوە، هەم بۆ دراما و هەم بۆ کلیپ، هەروەهــا بۆ ئەوەی وەک ئەکتەری ســەرەکی لە فیلمدا رۆڵ ببینم، بەڵام من خۆم لەبواری ئەکتەریدا نابینمەوە، چونکە من خۆشەویســتی و هۆگریم بۆ پێشکەشکاریەکەم زیاترە لە چاو بوارەکانی دیکە"

لەبــارەی کارو پرۆژەی داهاتووی خۆی، ســروە دەڵێ "بۆ پرۆژەی داهاتووم دەمەوێ فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنی کچان و خۆسووتاندن ئامادە بکەم. لە بوارەکانی دیکەشــدا دەمەوێ گەشــە بدەم بە کارەکانم و هیوادارم دڵی خەڵک لەخۆم رازی بکەم".

ســروە ماوەیەک پێش ئێستا چەند گۆرانییەکی لە کەناڵە کوردییەکانــدا گوت، بەڵام دواتــر وازی لێهێناو رووی لەکاری پێشکەشــکاری کرد، لەوبارەیەوە دەڵــێ "بەهۆی چوونم بۆ تەلەڤزیۆن، بەڕاستی خۆم لەپێشکەشکاری بەرنامەو تەلەڤزیۆندا بینییەوە. چەندەها کەس هەن کە بەڕاستی دەنگیان خۆشەو لە بواری گۆرانی گوتندا سەرکەوتوون، منیش هەر چەندە کە حــەزم کردووە گۆرانی بڵێم بەڵام بەڕاســتی خۆم لەم بوارەدا نابینمەوە و لەوانەشە لە داهاتوودا ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێ بتوانم گۆرانی بڵێم. هەر لەم پێناوەدا زۆر پێشنیازم پێدراوە، بەڵام بە هۆی نەڕەخسینی دەرفەتی گونجاو نەمتوانیوە"

سروە خۆش پەیام:

**دەمەوێ فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر دیاردەی خەتەنەکردنی کچان و خۆسووتاندن دروست بکەم**

## تاراوگە

### فەلەستینییەک هێرشدەکاتە سەر کوردێک

ڕووداو- plymouth.co.uk
پەنابەرێکی فەلەستینی لە شاری پلەیماوتی بەریتانی بۆ ماوەی سێ مانگ زیندانی کرا، بەهۆی هێرش کردنە سەر کوردێک. بەپێی قسەی فەلەستینییەکە، ئەو کردەوەیەی وەک تۆڵەسەندنەوە دژی ئەو کوردە ئەنجامداوە. خالید جەعتوتی، تەمەن 29 ساڵ هێرشی کردووەتە سەر کوردێک و لێیداوە لەکاتی پەرینەوەی لە شەقامێکی شارەکە. جەعتوتی گوتی ئەو کوردە پێشتر لەوی دابوو .دادگە بڕیاری 14 هەفتە زیندانی بەسەر خالید جەعتوتی دا سەپاند.



شێرکۆ عابد، خاوەنی کۆمپانیای بی پلان لە بەریتانیا:

# لەبەشداریکردنم لەشۆڕشدا فێری چاونەترسی بازرگانی بووم

**تایبەت بە ڕووداو**

بەرپرسی پێشووی کۆمەڵەی پشتیوانی کورد لە بەریتانیا داوا دەکات یادی 40ساڵەی فتوا مێژووییەکەی ئایەتوڵڵا موحسین حەکیم زیندووبکرێتەوەو بکرێتە ڕۆژێکی نیشتمانی عێراقی بۆ حەرامکردنی شەڕ دژی گەلی کورد.

شێرکۆ عابد، کادیری کۆنی پارتی و بزنسمانی نێوداری کورد لە بەریتانیا، داوا لە لایەنە کوردی و عێراقییەکان دەکات چل ساڵەی دەرکردنی ئەم فتوایە بەرز رابگیرێ و بکرێتە هۆکارێک بۆ توندوتۆڵکردنەوەی هاوپەیمانێتی لەگەڵ مەرجەعییەتەکانی شیعە لە عێراق و، لەو بارەوە دەڵێ" هاوپەیمانێتی نێوان کورد و بنەماڵەی حەکیم ریشەیەکی دیرۆکی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ شەستەکانی سەدەی رابردوو". بە بڕوای ئەو زیندووکردنەوەی ئەم یادە وەڵامێکی گونجاوە بۆ هەموو ئەوانەی کە هاوپەیمانێتی کورد و مەرجەعیەتەکانی ئاینی عێراق بۆ سەردەمی دوای هاتنی تانکەکانی ئەمریکا دەگەڕێننەوە.

شێرکۆ عابد کە لەساڵی 1946 لە قامشلۆی رۆژئاوای کوردستان لە دایکبووەو، دواتر بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕشی ئەیلول هاتووەتە باشووری کوردستان، هەرلە باشووری کوردستان خوێندنی خۆی تەواوکردووە. ئەو یەکێکبووە لەو کەسانەی لەساڵی 1969 سەرۆکایەتی شاندێکی 150کەسی قوتابیانی زانکۆی سلێمانی کرد بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمی یادی تیرۆرکردنی ئیمام حوسێن لە کەربەلاو سوپاسنامەی گەلی کوردی گەیاندووەتە موحسین حەکیمی گەورە مەرجەعی شیعە. سەرۆکی ئەوکاتی شاندەکە روونیکردەوە" لەساڵی1969 بۆ رەوایی بەخشین بە هێرشەکانیان بۆ سەر گەلی کورد، بەعس کۆنگرەیەکی ئیسلامی لە بەغدا ڕێکخست، کۆنگرەکە بە بەیاننامەیەک کوردی بە خەواریج ناساند و رەوایەتی بەشەڕی کورد بەخشی، بەڵام ئایەتوڵڵا موحسین حەکیم بە فتوایەکی مێژوویی ئەو بەیاننامەیەی رەتکردەوەو، ئەو هێرشەی بۆ سەر کورد بە هێرشەکانی یەزیدی کوڕی مەعاویە بۆ سەر ئیمام حوسێن چوواند". لەبەرامبەردا ئەو شاندە بۆ گەیاندنی سوپاس پێزانین و بەشداریکردن لەو بۆنەیەدا چووە کەربەلا. ئەمەش بە یەکەمین بەشداری لایەنێکی سوننی دادەدنرێت لەو یادەدا لە مێژوودا.



شێرکۆ عابد لەساڵی 1964 کۆلێژی زانستی لە زانکۆی مووسڵ تەواو کردووەو، لە هەمان ساڵ لە زانکۆی سلێمانی دەبێتە موعید. وەک شێرکۆ ئاماژەی پێدەدات زانکۆی سلێمانی لە سەرەتای دامەزراندنیدا هیچیان نەبووە، بە هیمەتی ئەو و شازاد سائیب کەلوپەلی پێویست بۆ زانکۆکە دابین کراوە، بەسواڵکردن و پاڕانەوە لە زانکۆکانی دیکە کەلوپەلیان بۆ پەیداکردووە، مام جەلالیش ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی ئەو پێداویستیانە کردووە. شێرکۆ عابد دەڵێ "ئەوەی جێی سەرنج بوو بەهەوڵی مام جەلال زانکۆکە دامەزرا، بەڵام پارتی بەسەرۆکایەتی بارزانی زۆر پشتیوانی لەو هەوڵە و دامەزرانی زانکۆ کرد".

شێرکۆ عابد، لەو سەردەمدا کە کادیرێکی چالاکی دەزگای پاراستن بووە، ستایشی رۆڵی مام جەلال دەکات لە دامەزراندنی هەندێ دامەزراوی زانستی و نەتەوەیی، لە هەمانکاتدا لەو باڵەی بەناوی مەکتەبی سیاسی لە پارتی جیابووەوە، مام جەلال بە میانڕەوترین و کوردپەروەرترینیان دادەنێ" وێڕای دوورکەوتنەوەیان لە شۆڕش، بەڵام لەو سەردەمیشدا مام جەلال هەرکەسێکی باش بوو، من کە کادیری پاراستن بووم، حەزم نەدەکرد ئەو هیچ زیانێکی پێ بگات". ئەو رایەکی دیکەی لەبارەی نەوشیروان مستەفاوە هەیە، کە ئەوکات کەسێکی دیاری نێو ئەو باڵە و سەرنووسەری گۆڤارەکەیان (رزگاری) بوو" نەوشیروان مستەفا ئەوسا زۆر دڵڕەق بوو، بەهیچ شێوەیەکیش دەستی لە ئەشکەنجەدانی لایەنگرانی شۆڕش نەدەپاراست و هەر خەریکی راپێچکردنی خەڵک بوو بۆ زیندانەکانی بەکرەجۆ، بەڵام مام جەلال پێچەوانەی ئەو کەسێکی میانڕۆ و لەسەرەخۆبوو، لەگەڵ کاری خراپەدا نەبوو، حەزی لە خزمەتکردنی شاری سلێمانی بوو، هەر بۆیە هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دامەزراندنی زانکۆی سلێمانی بۆ دابین دەکردین".

## لە ساڵانی نێوان 66 و 70دا مام جەلال میانڕۆترین و کوردپەروەرترین کەسی گرووپەکەی بوو

بەپێی قسەکانی ئەو شایەدحاڵە هەردوولا هەوڵیانداوە زانکۆی سلێمانی بکەوێتە سەرپێی خۆی، هەردووکیان لەو پرۆژەیەدا یەک ئامانجیان هەبووە.

شێرکۆ عابد ئاماژە بە کاردانەوەی مام جەلال دەکات لەبەرامبەر هەڵوێستی سەرهەنگێکی سوپای عێراق، کە دوای شەڕی قەرەداخ لەگەڵ پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول بە سەرۆکایەتی بارزانی، گوتویەتی"پارچەیەکی خاکی عەرەبمان ئازاد کرد"، لە بەرامبەردا مام جەلال پڕ بەدەستی خۆی شەقەزللەیەکی لێداوە و جنێوێکی ناشیرینی پێداوەو پێیگوتووە "ئێرە خاکی کوردە".

بە بڕوای شێرکۆ عابد، ئەگەر مام جەلال لەگەڵ مەلا مستەفا بووایە دوای ڕێککەوتنی ئاداری 1970 هەر ئەو بۆ پۆستە گەورەکانی کورد پاڵێوراو بوو، چونکە کەسێکی چالاک و بەتوانا بوو، مەلامستەفاش لەسەرەتادا متمانەیەکی زۆری پێ بوو.

لەبارەی هاوپەیمانی ئێستای بارزانی و تاڵەبانیش، د.شێرکۆ عابد کە دۆستی هەردوولایە دەڵێ" لەم هەڵبژاردنەدا شتی وام لە هەردوولا بیستووە، گوایە تاڵەبانی و بارزانی تەسلیم بەیەک بوونەتەوە، من بە پێچەوانەوەی ئەو بیربۆچوونانە پێموایە هەر کوردێک کە تەنازول بۆ کوردێکی دیکە بکات، مێژوویێک بۆ خۆی تۆمار دەکات، چونکە بەدرێژایی مێژوو لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی میدیاوە لە فەرهەنگی کورددا نەبووە تەنازول بۆ یەکتر بکەن، ئەمەش بووەتە مایەی ماڵوێرانی و نەهامەتی و لاوازکردنی کورد، بەڵام لێک تێگەیشتن و تەنازولی کورد بۆ یەکتر کوردی بەهێزتر کردووە، ئەو دەسکەوتانەی ئەمرۆی کوردیش بەڵگەی ئەو راستییەن".

لە ساڵی 1972، شێرکۆ عابد بۆ تەواوکردنی خوێندنی ماستەر دەچێتە بەریتانیا، لە ساڵی1975 کۆمەڵەی پشتیوانی کورد دادەمەزرێنێت، کە هەموو بیرورا و رەنگەکانی تێدابووەو، لە رێگەی ئەوکۆمەڵەیەوە خەڵکێکی بیانیان هێناوەتە نێو ئەو خۆپیشاندانانەی کە بۆ پشتیوانی لە کورد سازیان دەکردن. لە ساڵی 1984 ئەو کۆمەڵەیە بووەتە بەشێک لە مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد لە لەندەن. لە هەمانکاتیش بۆ بژێوی خۆی لە کۆمپانیاکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری کاری کردووە، تاوەکو لە ساڵی 1993 (کۆمپانیای بی پلان) لە بەریتانیا دادەمەزرێنێت، وێڕای ئەوەی تائێستا وەڵاتینامە (جنسیە)ی بەریتانی نییە، بەڵام کۆمپانیاکەی بووەتە یەکێک لە کۆمپانیا هەرە چالاکەکانی بەریتانیا لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاری.

لە کۆنگرەیەکی ئابووریدا لەبارەی عێراق کە لە 30ی نیسانی ئەمساڵدا لە لەندەن بەسترا، لۆرد ماندیلسۆن، کە وەزیری دەوڵەتە بۆ کاروباری بازرگانی و چاکسازی پرۆژەکان لە بەریتانیا، لە هەڵسەنگاندنی تواناو کاری کۆمپانیاکانی وڵاتەکەی ستایشی سەرکەوتنی ئەزموونی (کۆمپانیای بی پلان)ی کرد، کە توانیویەتی رووی کۆمپانیاکانی بەریتانیا سوور بکات و باشترین سیستەمی بانکداری بۆ بانکی رافیدەین لە عێراق دابمەزرێنێت. شێرکۆ عابدی خاوەن کۆمپانیاکە سەرکەوتنی کۆمپانیاکەشی بە ئەزموونە سیاسییەکەی لەنێو بزاڤی سیاسی کوردی دەبەستێتەوە و دەڵێ" کوردایەتی گیانێکی ئازایەتی لە ناخی مندا رووواند، بۆیەش لە بواری بیزنسیشدا چاونەترس دەرچووم". وەک ئەو بیزنسمانە ئاماژەی پێدا کۆمپانیای بی پلان لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریدا ناونیشانی پرۆژە سەرکەوتووەکانە، کەچی لە کوردستان وەک پێویست رێز لە کارەکانی نەگیراوە، لەمبارەوە گلەیی خۆی بەرامبەر خەمساردی بەرپرسانی کورد خستەڕوو، گوتی" پێشکەوتووترین سیستەمی دەنگ و قسەکردنمان لەناو هۆڵی پەرلەمان دامەزراند، کەلوپەلەکانی پرۆژەکەم بە قاچاخ هێنایە کوردستان و لەسەر ئەو کارە درامە دادگا، کەچی کەس پێی نەگوتم ماڵت ئاواو پارەی ئامێر ودانانیشیان تاوەکو ئێستا پێنەداوین، وێڕای بەخششی ئێمە لەم بوارەدا، کەچی پرۆژەی کارتی ئایدی بۆ فەرمانبەرانی حکومەت بە بایی 12 ملیۆن دۆلار داوەتە کۆمپانیایەکی ئیماراتی و، ئێمە کە تایبەتمەندین لەوبوارەدا دەمانتوانی ئەوە هەرزانتر و بە کوالیتییەکی باش بکەین، کەچی ئێمەیان هەر لە بیر نەبوو". بەڵام شێرکۆ عابد "چی بکەم ئێرە ماڵی منە" و، ئامادەیی خۆی بۆ دامەزراندنی حکومەتی ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان نیشاندا، کە بە باشترین کوالیتی و کەمترین خەرجی جێبەجێی بکات.



شێرکۆ عابد لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ موحسین حەکیم لە ماڵەکەی خۆی لە کەربەلا لە شوباتی 1969



رووداو



## کچە خوێندکارێک سووتا

**رووداو-هەولێر**

**رۆژی 2009/7/20 لەگەڕەکی بەختیاری هەولێر کچێک بەناوی ب.ق.19سال، خوێندکاری قۆناخی دواناوەندی، لەنێو ماڵەکەیان سووتا. ئەو کچە کە 87%ی لاشەی سووتاوەو ئێستا لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێرە، رەتیکردووە خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابێت و لە ئیفادەی پۆلیسدا دەڵێت "لەکاتی ئامادەکردنی خواردندا لە چێشتخانەکەمان غازم پێدا تەقیەوە". ناوبراو سکاڵای لە دژی کەس تۆمار نەکردووەو لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە رووداوەکە بەردەوامە.**

# بارزان بە فێڵ لە هەولێر رفێنراو لە بەغدا کوژرا



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

**رووداو-هەولێر**

عەبدولهادی 13 هەزار دۆلار لە دەستی رفێنەران دەکات، تاوەکو بارزانی کوڕی بۆ ئازاد بکەن، دوای چەند خولەکێک بارزان بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ دایک و هاوسەرەکەی و منداڵە دوو ساڵانەکەی دەکات، ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە دوایین قسەی بارزان بوو لەگەڵ خانەوادەکەی، دواتر تەرمەکەی لەلایەن پۆلیسەوە دۆزرایەوە.

لەبەردەم ماڵی بارزان لەگەڕەکی ئیسکانی هەولێر، خزمەکانی کۆ ببوونەوەو یەکەم رۆژی پرسەی بارزان لەنێو خەمێکی قووڵی خانەوادەکەی بەڕێوەدەچوو. بارزان عەبدولهادی ئەحمەد، 28ساڵ، دوای دوو رۆژ لە رفاندنی لەبەغدا تیرۆر کرا، منداڵە دوو ساڵانەکەی بە کۆمەڵێک قەرزەوە جێهێشت.

چیرۆکی مەرگی بارزان لە مەیدانی ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرەکانی هەولێرەوە دەستپێدەکات، کاتێک ژن و پیاوێکی عەرەب بە شۆفێرەکان دەڵێن بارێکمان هەیە بۆ بەغدا، باوکی بارزان لەگەڵیان رێکدەکەوێت، بەڵام دواتر خۆی ناتوانێت بیانگەیێنێت، بە بارزان دەڵێ دوو عەرەبەکە بباتە بەغدا، بەرەبەیانی 2009/7/6 بارزان و دوو عەرەبەکە بەرەو بەغدا بەرێدەکەون.

بارزان بەدەگمەن باری بەغدای بارکردووە، بەڵام ئەمجارە مەرگ بەرەو خاکی عارەبانی دەبات. عەبدولهادی باوکی بارزان، ریشێکی سپی هێشتووەتەوە، دیمەنی ئەو بەسە تا لە قوڵی کارەساتی خێزانەکەی تێبگەی. ئەو پیرە پیاوە بێئاگا لەوەی کوڕەکەی کەوتووەتە داوی ئەو ژن و پیاوە عەرەبەوە، بەردەوام تەلەفۆنی بۆ بارزان دەکات. بەڵام بارزان جارێکیان دەتوانێ پێی بڵێ "من رفێندراوم".

رفێنەرەکان سەرەتا داوای 150 هەزار دۆلار دەکەن، دوای دوو رۆژ مامەڵە رازی دەبن بە 13 هەزار دۆلار بارزان ئازاد بکەن. لەو دوو رۆژەدا، بارزان بەردەوام قسە لەگەڵ بنەماڵەکەی دەکات و دەڵێت ئەوانەی منیان بردووە پۆلیسن و ئەملاو ئەولا نەکەن، یەکسەر پارەکەیان پێبدەن. عەبدولهادی بە پارەوە بۆ ئەو بازاڕە دەچێت کە لە نێوەراستی بەغدا،



بارزان لەگەڵ منداڵەکەی

بۆ شوێنی بەیەکگەیشتنیان دیاریکرابوو لەلایەن رفێنەرەکانەوە. عەبدولهادی دەڵێت "لەناو بازاڕەکە وەستام، مێرد منداڵێک هات گوتی هیچ جوڵەی نەشیاو نەکەی، ئەگەرنا کوڕەکەت دەکوژین، پاشان کوڕێکی 14 ساڵان هات، دەمتوانی پشتی بشکێنم، نەموێرا، پۆلیسیش 10مەتر لێم دوور بوو، پارەکەم دایە کوڕەکەو ماچمکردو گوتم، کوڕەکەم بدەنەوە حەڵاڵتان بێت".

دوای چەند خولەکێک بارزان تەلەفۆن بۆ دایکی دەکات و قسە لەگەڵ ژنەکەی دەکات و دەڵێت وا پارەکە دەژمێرن، نیو کاژێری دیکە بەرمدەدەن.

هۆزانی برای بارزان دەڵێت کوڕەکەی بارزان نازانێت قسە بکات، بەڵام باوکی داوای کرد قسەی لەگەڵ بکات، منداڵەکە هەندێک دەنگی لێوەهات، بارزان دەستی بە گریان کردو تەلەفۆنەکەیان لەسەر داخست "دەنگی چۆن برا، ئێستاو ئێستاش دەنگی بارزانمان نەبیستەوە".

رفێنەرەکان تەلەفۆن بۆ عەبدولهادی دەکەن، دەڵێن شەو ئازادی دەکەین، ئێستا رۆژە ناتوانین، کەچی هەر ئەو شەوە کاژێر 12ەی شەو دەیکوژن و پاش نیوکاژێر پۆلیس تەرمەکەی دەدۆزێتەوە، بەڵام بنەماڵەکەی نازانن، بارزان کوژراوەو 12 رۆژ بەدوایدا دەگەڕێن.

هۆزان ئاماژەی بەوەدا هەرچەندە لەیەکەم رۆژەوە بە ئاسایشی هەولێریان راگەیاندبوو، بەڵام نەیانوێراوە بە پۆلیسی بەغدا بڵێن، هەر وایانزانیووە بارزان زیندووە، ناوە ناوەش کۆمەڵە تیرۆرستێک تەلەفۆنیان کردووە گوتوویانە بارزان لای ئێمەیە و کڕیومانە، پارەمان بدەنێ، بۆتانی دەنێرینەوە "مەرجمان ئەوەبوو تا قسە لەگەڵ بارزان نەکەین، پارەیان نەدەینێ".

هۆزان بۆ ناسینەوەی دوو عەرەبەکە سەردانی بازگەکانی هەولێر دەکات کە دەڵێن کامیرەمان داناوە شتەکان ئاشکرا دەکات، بەڵام هۆزان دەڵێت ئەوە هەر قسەبوو. باوکی بارزان 10 رۆژ بەدوای کوڕەکەیدا دەگەڕێ و سەردانی زۆربەی نەخۆشخانەکانی بەغدا دەکات، دواجار تەرمی کوڕەکەی لەناو ساردکەرەوەیەکی نەخۆشخانەیەکی بەغدادا دەبینێتەوە.

وەک باوکی باسیکرد، بەشێک لە ملی بارزان بڕابووەوە، پۆلیسەکان لە دۆسیەی بارزان نووسیویانە "لە کاتی دۆزینەوەی بارزان هەردوو دەست و پێی بەسترابووەوە، گوریسێکی لە مل بوو، کە نیو مەتری پێوەمابوو، پێدەچوو بە ئۆتۆمبێل رایانکێشابێت". هۆزان دەڵێت وابزانم براکەمیان بەپەت لە سێدارەدابوو.

بارزان مانگێک نەدەبوو ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری جۆری کیای مۆدیل 2009 کڕی بوو، کە لەسەری قەرزدار ببوو، رفێنەرەکان ئۆتۆمبێلەشیان بردووە. عەبدولهادی دەڵێت "ئەوان مەبەستیان پارە نەبوو، بەڵکو تەنیا دەیانویست کورد بکوژن".

ئێستا لە بەغدا ژن و پیاوێک بە تۆمەتی کوشتنی بارزان دەستگیر کراون. هۆزان دوای کوژرانی براکەی ئێستا مەترسی بوونی عەرەبی لە کوردستان لێ نیشتووەو داوا لە حکومەتی کوردستان دەکات "بەدواداچوون بۆ رووداوی رفاندن و کوشتنی بارزان بکەن، چونکە پەیوەندی بەو عەرەبانەوە هەیە کە هاتوونەتە هەولێر".

# شەڕی منداڵان و دایک و باوکان لە کوردستانیش پەردەستێنێ

## "منداڵی ئەو زەمانە بەگوێی دایک و باوکیان ناکەن"

**رووداو-هەولێر**

سیروان نەجم، 19ساڵ، لە رادەبەدەر دایکی خۆی خۆشدەوێت، بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ دایک و باوکی هەرگیز حەزناکات بیانبینێت "باوکم هەرچی دەکات ئەقڵم نایگرێت، زۆرجار دەبێتە کێشەمان، بۆیە ئەگەر بە ساڵ نەیانبینم لەلام ئاساییە".

بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرایەی لە کوردستان روودەدەن، کە تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرەکی خێرابوونی ئەو گۆڕانەیە، رۆژ بە رۆژ درز دەکەوێتە نێوان نەوەکان و لە یەکتر دوور دەکەونەوە. بەجۆرێک نەوەی کۆن و نوێ چیتر ناتوانن بە یەکەوە هەڵبکەن. ئەو ململانێیەش چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە ئەنجامەکەی زۆرجار خۆسووتاندن و هەڵاتنی کچان و، دەرکردن و چوونە هەندەرانی گەنجان و دەرکردنی دایک و باوکە.

ئەڤین ئیبراهیم، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە ئێستا گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دەستی پێکردووەو کاردانەوەیشی دەبێت "کێشەی کۆمەڵگە ئەوەیە دان بەو گۆڕانانەدا نانێن و هەوڵی چارەسەری دەرهاویشتەکانیشی نادەن". ئەو توێژەرە باسی لەوە دەکرد، گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە توانای کەسدا نییە رای بگرێت و بەتەمەنەکان بەدەستی خۆیان نییە دەبێت بگۆڕێن و نەوەی تازە قەبوڵ بکەن "دایک و باوک ناتوانێت ئەقڵی منداڵەکەی قەبوڵ نەکات، رەنگە کاردانەوەی خراپی لێ بکەوێتەوە وەک خۆ لەناوبردن".

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لە نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر، لە ساڵی 2007، 355 ژن و لەساڵی 2008، 311 ژن بە سووتاوی هێنراونەتە ئەو نەخۆشخانەیە، کە زۆریان رێژەی سووتانەکەیان 70% زیاتر بووە، واتە زۆربەیان خۆیان سوتاندووەو مردوون.

کەریم شەریف قەرەچەتانی، پسپۆڕی دەروونی، ئاماژەی بەچەند شێوازێکی پەروەردەکردن دا کە کاریگەری خراپی هەیە، وەک بەناز بەخێوکردنی منداڵ، یان زۆرجار دایک دەڵێت ئەوە مەکە، باوک دەڵێت لێیگەڕێ، هەروەها دەڵێت "هەندێک دایک و باوک هەن توندوتیژن، لە منداڵ دەدەن و جنێویان پێدەدەنەوە، ئەو باوکانەی توندوتیژن کاتی خۆشی بە توندوتیژی پەروەردە کراون".

ئەگەر کوڕان بتوانن لەکاتی نارەزایی لە دایک و باوکیان ماڵ جێبهێڵن، ئەوە بۆ کچان ئەستەمە، بەڵام بەهۆی دامەزراندنی چەندین سەنتەری تایبەت بەپاراستنی ژنان، ئێستا کچانیش دەتوانن بەرووی دایک و باوکیاندا هەڵشاخێن و یاخی ببن. نیگار بەکر، بەڕێوەبەری سەنتەری نەوا، رایگەیاند مانگانە نزیکەی 15 کچی هەڵاتوو روو لە سەنتەرەکەیان دەکەن، نیگار هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە دایک و باوکیان زۆر شتیان لێ قەدەغە دەکەن "ئەوانەی هەڵدێن هەموویان هەرزەکارن، زۆربەیان بەهۆی کێشەیەکی بچووک هەڵدێن".

ئەو دایک و باوکانەی کە بە هەڵسوکەوتی منداڵەکانیان ناڕازین، کچەکانیان سەرکوت دەکەن و زۆرجار کوڕەکانیشیان لە ماڵ دەردەکەن، بەڵام ئەوە لە دوارۆژدا کاردانەوەی خراپی لێدەکەوێتەوە.

مەسعود، 29ساڵ، دەڵێت ئەو کاتەی منداڵ بووە بەردەوام باوکی جوێنی پێداوەو لێیداوە، بەڵام ئەو دەڵێ دوای ئەوەی گەورەبووە "تۆڵە"ی خۆی لە باوکی کردووەتەوەو بەردەوام قسەی ناشرینی پێگوتووەو دواجاریش دەریکردووە. مەسعود کە 9 مانگە باوکی مردووە، زۆر پەشیمانە لەو هەڵسوکەتەی بەرامبەر باوکی نواندی "ئێستا زۆر پەشیمانم، بەڵام باوکم زۆر خراپ بوو لەگەڵم".

خانەی چاودێری بەساڵاچووان، 30 ساڵە لە هەولێر کراوەتەوە، شوێنی ئەو ژن و پیاوە پیرانەیە، کە بێ کەسن یان لەلایەن منداڵەکانیانەوە دەرکراون. ئەو خانەیە ئێستا نزیکەی 45 ژن و پیاوی تێدایە.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەو خانەیەوە دراونەتە (رووداو) لەساڵی رابردوودا بەگشتی 2ژن و 6پیاو لە خانەکە مردوون.

قەرەچەتانی پێیوایە ئەو هۆکارانەی وا لە نەوەکان دەکەن دایک و باوکیان دەربکەن خراپ پەروەردەکردنی منداڵە، ئەگەر دایک و باوک توندوتیژیان بەکارهێنا، وادەکات لەلایەن منداڵەکانیانەوە خۆشەویست نەبن "رەنگە لە داهاتوو دایک و باوکیان دەربکەن".

دایک و باوکانیش زۆر رەخنەیان لە منداڵی ئەو زەمانەیە، کە گوێ لە ئامۆژگاریەکانیان ناگرن. حەسیبە نەعمان، 47 ساڵ، دایکی 3 منداڵە. ئەو دەڵێت منداڵی ئێستا زۆربەیان لە قسەی دایک و باوکیان دەردەچن، بەوجۆرەش تووشی ناخۆشی دەبن "منداڵ لە دەست دایک و باوک دەرچوون، کچە گەورەکەم بەردەوام لەگەڵ باوکی کێشەیەتی".

بەبڕوای ئەڤین ئیبراهیم فەتاح، مرۆڤ لەتەمەنی هەرزەکاری تووشی حاڵەتێک دێت پێیدەڵێن "غروری مەعریفی"، ئەوکاتە خۆی لە هەموو کەس پێ راستترە، دایک و باوکیشی پێ راست نییە. ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە بەپێویستی دەزانێت دایک و باوک رەچاوی ئەو تەمەنەی منداڵەکانیان بکەن "گەنجانیش بزانن، مەرج نییە هەموو شتەکان دایک و باوک کۆن و هەڵە بێت".

زۆرجار ئەو کچانەی خۆیان دەسووتێنن لەسەر ئەو رەخنانەیە کە لەلایەن باوکیانەوە لێیان دەگیرێت، ئەو کاتەی دونیا عەباسی 16ساڵ، خۆی سووتاند، باوکی بە (رووداو)ی راگەیاند، لەبەرئەوە خۆی سووتاند "بە تووڕەیی پێمگوتووە بەبێ دایکت هیچت پێ ناکرێت".



قەرەچەتانی پێیوایە ئەوانەی خۆیان دەسووتێنن کەسایەتییان لاوازەو بێ دەسەڵاتن، چونکە ئەگەر ئەگەر دایک و خراپ بن، هەزار دەروازەی دیکە هەیە بۆ ژیان و هیچ پاساوێک نییە بۆ خۆسووتاندن "راستە زوڵمێکی زۆر لە هەندێک کچ دەکرێت، دەڵێن مردن لەو ژیانە خۆشترە، بەڵام ئەوە هەڵاتنە لە واقیع، زۆر هەڵەیە، چونکە بەدیل زۆرە، حکومەت و رێکخراوی زۆر هەن".

ئەو دەروونناسە ئامۆژگاری دایک و باوکان دەکات، لەبەرئەوەی ئەوان کەسی گەورەن و خاوەن ئەزموونن، دەبێت ئەوان دابەزنە ئاستی منداڵەکانیان و حیسابی ئەوە بکەن ئەوانە هەرزەکارن و سەرەڕۆن "منداڵ ناتوانێت بچێتە ئاستی دایک و باوک".

## دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان لە کوردستان لە زیادبووندایە

# هۆمۆسێکسواڵەکانی کوردستان نامەی خۆشەویستی لەگەڵ یەکتری دەگۆڕنەوە

**رووداو-هەولێر**

لەبەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر ژنێکی تەمەن 35ساڵ، بە گریانەوە قسەی دەکرد، کە کوڕە تەمەن 7 ساڵانەکەی دەستدرێژی کراوەتەسەر، ئەو ژنە ئاماژەی بەوەدا لەگەڵ دراوسێیەکیان بەردەوام سەردانی یەکتر دەکەن و، کوڕێکی تەمەن 22ساڵیان هەیە زۆر لەگەڵیان تێکەڵە. ئەو ژنە دەڵێت ئەو کاتەی کوڕە تەمەن 7 ساڵانەکەی بە تەنیا لە ماڵەوە بووە، کوڕە تەمەن 22 ساڵییەکەی دراوسێیان دەستدرێژی کردووەتە سەر "ئەو کوڕەی دراوسێمان بە زۆر دەستدرێژی کردووەتەسەر منداڵەکەم".

بەپێی ئامارە جیهانییەکان، ساڵانە 50 ملیۆن منداڵ رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، کوردستانیش بەدەر نییە لەو دیاردەیە. بەبڕوای هەندێک توێژەر بەهۆی کارکردنی منداڵ و بەربڵاوی گرتەی سێکسی لە مۆبایلەکان، حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان لە کوردستانیش رووی لە تەشەنەکردنە.

سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، هەفتانە نزیکەی 10 منداڵ دەستدرێژیان دەکرێتە سەرو بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دەگوازرێنەوە، بەڵام موحسین حوسێن بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی فریاکەوتن ئەوەی رەتکردەوەو گوتی "ئاگاداری هیچ حاڵەتی لەو جۆرە نیم، مانگێکیش دەبێت حاڵەتی وا نەهاتووە".

رزگار رەسوڵ، توێژەری کۆمەڵایەتی لە چاکسازی گەورانی هەولێر (محەتە)، ئاماژەی بەوەدا، ئەو منداڵانەی دەستدرێژیان دەکرێتە سەر زیاتر لە کۆڵانە میللییەکانن، کە خانووەکان زۆر بەسەر یەکەوەن، جگە لەوەش زۆربەی ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان، پێشتر دەستدرێژیان کراوەتە سەر.

یوسف عوسمان، پسپۆڕی دەروونی، پێیوایە زۆرترین دەستدرێژی دەکرێتە سەر منداڵانی کارکەر، بە تایبەتی لە ناوچە پیشەسازییەکان و گازینۆو کارگەکان "هەندێک لە خاوەن کارەکان خۆیان دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵەکان، بەرانبەر بڕێک پارە".

سێ جۆر دەستدرێژی هەیە، یەکێکیان جنێوی سێکسی، ئەوەیتر دەست بۆبردن، جۆری سێیەم بە کردارەوەیە کە لە رووی جەستی و دەروونییەوە کاریگەری خراپ لەسەر منداڵ جێدەهێڵێ، وەک یوسف عوسمان دەڵێت، ئەو منداڵانە هەست بە رووخانی کەسایەتی خۆیان دەکەن "کە گەورە دەبن زۆرجار لادەدەن و وەک تۆڵەسەندنەوەیەک دەستدرێژی دەکەنە سەر کەسانی لەخۆیان بچووکتر".

یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969، شەش مادەی تایبەت کردووە بە سزادانی ئەو کەسانەی دەستدرێژی سێکسی دەکەنە سەر منداڵ و نێربازی دەکەن، لە مادەی 393-398 هاتووە هەر کەسێک دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر کەسێک بە شێوەی نێربازی جا کەسەکە رازی بووبێت یان نا، ئەوە بە 10-20ساڵ زیندانی دەکرێت.

سزاکە لە چەند حاڵەتێک توندتر دەبێت، وەک ئەوانەی دەستدرێژیان کراوەتە سەر لە 18 ساڵ کەمتر بن، یان ئەوانەی پۆستەکانیان بۆ ئەو کارە دەقۆزنەوە، یان دەستدرێژی بکاتە سەر خزم، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنرێت.

مەغدید کەریم، قوتابی دکتۆرا لە زانستە شەرعییەکان، ئاماژەی بەوەدا دەستدرێژی سەر منداڵ بە نێربازی دادەنرێ و ئیسلامیش توندترین سزای بۆ داناوە کە کوشتنە.

بەبڕوای یوسف عوسمان، 99%ی منداڵان رازی نین بەو کارە سێکسییەی لەگەڵیان دەکرێت، بەڵکو هەڵدەخەڵەتێنرێن. ئەو نمونەی چەند منداڵێک دێنێتەوە کە لە هەولێر دەستدرێژیان کراوەتە سەر "منداڵێک رازی ببوو دەستدرێژی بکەنە سەر بە مەرجێک لە تیپی تۆپی پێ وەربگیرێت، یەکێکی دیکە بەرامبەر بەوە رازی ببوو کە رێی بدەن بچێتە ناو گازینۆ شت بفرۆشێت".



بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، مانگێک لەمەوبەر دوو زیندانی لە هەولێر نێربازیان لەگەڵ یەکتر کردووە کە پێشتر بەو تۆمەتە گیرابوون، هەر بەپێی ئەو زانیاریانە چەند زیندانییەک کە بەهۆی نێربازییەوە گیراون، نامەی سۆزداری بۆ یەکتر دەنووسن، وەک چۆن کوڕو کچ نامەی خۆشەویستی بۆ یەکتر دەنێرن.

رزگار رەسوڵ، ئاماژەی بەوەدا بەشێکی زۆر لەو کەسانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵان، خێزاندارن "لەرووی دەرونییەوە حەزناکەن لە هاوسەرەکانیان نزیکببنەوە، لێیان بووەتە نەخۆشی، بۆیە بەشێکیان دوای ئەوەی چەندین ساڵ لە زیندان دەمێننەوە، هەر واز لەو کارە ناهێنن".

یوسف عوسمان، ترسی خۆی نەشاردەوە لە زیادبوونی رێژەی دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان، هۆکارەکەیشی بۆ زیادبوونی گرتەی سێکسی لە نێو مۆبایلەکان گەڕاندەوە "ورووژاندنی گەنجان و، کارکردنی منداڵ، هۆکاری سەرەکی ئەو کارەن".

بۆ رێگرتن لە دەستدرێژیکردنە سەر منداڵان، ئەو پسپۆڕە دەروونییە پێیوایە دەبێ دایک و باوک ئاگاداری منداڵەکانیان بن و هەموو کارێکیان پێ نەکەن، جگە لەوەش "چالاکی وەرزشی و هونەری و خولی فێربوون بکرێتەوە بۆ منداڵان و، پێویستیشە پەرلەمان کارکردنی منداڵ بە یاسا قەدەخە بکات".

> **منداڵێک بەرامبەر بەوە رازی ببوو سێکسی لەگەڵ بکرێ کە رێی بدەن بچێتە ناو گازینۆ شت بفرۆشێت**
> یوسف عوسمان، توێژەری دەروونی

> **%99**
> **منداڵان هەڵدەخەڵەتێنرن یان بەناچاری رازیدەبن**

> **50**
> **ملیۆن منداڵ ساڵانە لە جیهان رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە**





# گەنجێن بادینان ژی نوکتەیێن هەلبژاردنێ چێکرن

**نەجمەددین نێروەیی**
**رووداو-زاخۆ**

ل زۆربەیا وەلاتێن جیهانێ د هەلبژارتناندا ل هەر جهەکێ چێ ببیت دێ هندەک کریار و بابەتێن وان هەلبژێرا بنە نووکتە، رەنگە ئەڤ نووکتە و گۆتنە ژ لایێ هندەک کەسانڤە بەس بۆ پێکەنینێ بهێنە گۆتن و نە دیرە ژی بۆ پروپاگندە دژی یێ بەرامبەری خۆ بهێتە بکارئانین، زۆر کەس ئەڤی تشتی ب شێوەیەکێ ئاسایی دزانن و دبێژن خەلکەک یێ ئازادە هەر چ بێژیت لێ ب رەنگەکێ کۆ نەبیتە پالدەرەک بۆ شکاندنا یێ بەرامبەر، ئەگەر نە ئەڤ تشتە ل هەموو جیهانێدا هەیە.

دەڤەرا بادینان ژی ژ ئەڤێ چەندێ قورتار نەبوو. لسەر لیستا کوردستانی دبێژن، لایەنگرەکێ لیستا کوردستانی تەلەفۆن بۆ رادیۆیێ کر لێ دەمێ دگەل بێژەرا رادیۆیێ د ئاخڤی دەنگێ وی خۆش نەدهات و یێ ساف نەبوو، بێژەر ژی دبێژیتێ دەنگێ تە ناهێت، ئەوژی هەر دبێژیتێ چ، دیسا بێژەر دبێژیتێ دەنگێ تە ناهێت دەنگێ تە، ئەو دبێژیتێ ئاها دەنگێ من بۆ لیستا کوردستانی یە، ئینا ئێکسەر تەلەفۆنا وی دهێتە برین، ئەو جارەکا دی پەیوەندیێ ب رادیوێ دکەت دبێژیتە بێژەرێ چییە نە ب دلێ تە بوو من گۆت 54 پا ژ کەربێت تەدا بلا ژمارە 12 ژی دگەلدا بیت.

زور جارا ئەڤ گۆتنێت ب کەنی دێ ژ لایێ لایەنگرێن لیستەیەکێ بۆ لیستەکا دی هێنە گۆتن. مللەت شێروان گەنجەکێ دەڤەرا زاخۆیە، کارێ وی نوکتە چێکرنە لسەر برادەر و کەسێن بەرنیاس و نها ژی چەند پێکەنین لسەر لیستەیان چێکرینە، مللەت دبێژیت مەبەستا من نە ئەوە ئەز کەسێ بشکێنم یان لسەر خاترا لایەنەکێ پێ کەنینەکێ دژی یێ دی چێ کەم، بەلکو بەس من دڤێت گرنژینێ بێخمە سەر لێڤێن یێ بەرامبەری خۆ. ئێک ژ نووکتەیێن مللەتی ئەوە دبێژی: ئەز ل ئەزمونێت وەزاری ب دوو وانا ناجح بوویمە، ئێکێ من 54 برییە و ئێکێ من 59 برییە وەدیارە ئەڤا من 54 بری ئەڤێ دەفتەرا من سەح کری یێ لیستا کوردستانی بوویە و ئەڤا من 59 بری یێ لیستا چاکسازی و خزمەتگوزاری بوویە.

ئەڤ گۆتنێن پێ کەنین زۆربەیا وان ژ لایێ گەنجانڤە دهێنە گۆتن و حەزا وان لدەڤ گەنجان زۆرترە. کامیران گەنجەکێ 15 سالییە، دبێژیت ئەز بەردەوام دناڤ هەڤالان پرسیار دکەم چ نووکتە و پێکەنۆکێن نوی هەنە.

لسەر لیستا چاکسازی و خزمەتگوزاری نووکتەیەک هەیە دبێژیت: گەنجەک چۆ بارەگایەکێ حیزبەکا لیستا چاکسازی و خزمەتگوزاری گۆتێ کا بۆمن فانیلەیەکێ لسەر نڤیسی بیت ژمارە 59 بینن، ئەوانژی فانیلەیەک دایێ، لێ دەما لبەر کری فانیلە یێ بۆ مەزن بوو ئینا بۆ ڤەگەراند و گۆت ئەڤە یێ مەزنە ئێکێ ژمارە 54 بدەنە من.

هەر چ لیستەیەکا پیچەک دیار بیت ژ نووکتان قورتار نەبوویە. لسەر لیستا گۆڕان ژی دبێژن: ل نیڤا بازێڕی لایەنگرەکێ لیستا گۆڕان ترومبێلا خۆ پشت و پشت د هاژۆت، پولیسەکێ هاتنوچۆنێ دبێژیتێ برا تو چ دکەی وها چێ نابیت سینگ و سینگ هەرە، ئەوی ژی بەرسڤا وی ددەت و دبێژیت ئەزێ لیستا گۆڕانم، مە دڤێت هەمی تشتی بگۆڕین.

دڤێ هەلبژاردنێ دا فانیلە بەلاڤکرن کرن گەلەکا زۆربوو، لسەر ڤێ چەندێ ژی نووکتەیەک هەیە دبێژی: هەڤالەک دبێژیتە هەڤالەکێ خۆ خوەزی هەر هەیڤێ جارەکێ هەلبژاردن هەبانە هەڤالێ ویژی دبێژیتێ بۆچی؟ دبەرسڤدا دبێژیت چونکی هندی هەلبژاردن هەبیت دێ جلک و فانیلێن مە دبەلاش بن.

لسەرئێکگرتووی ئیسلامی ژی نووکتەیەک پەیدابوویە کو دبێژی: دەنگێ خۆ بدە لیستا ئێکگرتووی ئیسلامی، چونکی ئەگەر سەربکەڤیت دێ رەمەزانا بهێت کەتە 15 رۆژ.

گەنجەک فەقیر کۆ نەشیایە ژ بەر بارێ دارایی، ژیانا هەڤسەرێ پێکبینی، ل ڤان رۆژان بۆ خۆ کچەکێ دخازیت و دبێژیتە هەڤالەکێ خۆ ئەزێ دترسم من ئەڤ کچە بۆ خۆ خاست، هەڤالێ وی دبێژیتێ بۆچی یا چاوایە؟ ئەو دبێژی: نە ژ وێ دترسم. هەڤالێ وی: پا ژ چ دترسی؟ ئەو دبێژی: ما نە لیستەیان ڤان رۆژان گووتیە دێ دەواتان بۆ گەنجان کەین لسەر حسابا خۆ، هەڤالێ وی: ئێ ڤێجا تۆ بۆچی دترسی؟ کورۆ نەکو حەتا پشتی هەلبژارتنان ل ئاخڤتنێت خۆ لێڤە بین ئەڤە ئەز راستا ڤێ کچێدا شەرمزار بووم.

ل دوماهیێ پێ کەنینەکا دناڤبەرا ژن و مێرەکاندا هەیە کۆ زەلام دبێژیتە ژنکا خۆ من نەدزانی ئەز هۆ یێ شرین و گرنگم و ئەڤ بەرپرسە بیست و چار سەعەتا یێ دگەل من د رووینە خار و سوحبەتان دکەن، د بەرسڤدا ژنکا وی دبێژتێ تو دزانی تو حەتا کەنگی دێ یێ وەسا بی، زەلام دبێژیتێ حەتا کەنگی؟ ژنکا وی دبێژیتێ حەتا هەلبژاردن ب دوماهی دهێن هەکە ب سەرێ تە ئێدی تو وان ب دووربینێ ژی نابینی.

# کچان بۆ شووکردن تەمەنیان بچووک دەکەنەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

نیان بۆ ئەوەی چانسی شووکردنی لەدەست نەدات، لەگەڵ دایکی لەبەردەم دادگای هەولێر خەریکی ئەنجامدانی مامەڵەی بچووککردنەوەی تەمەنی خۆی بوو، کە بەپێی زانیارییەکانی دادگای باری شارستانی هەولێر ئەو دیاردەیە ئێستا لەزۆربووندایە.

نیان تەحسین، ناوێکی خوازراوە و تەمەنی لەسەرووی 35 ساڵییەوەیە، بەجلوبەرگێکی مۆدە، لەبەردەم دادگای هەولێر خەریکی پڕکردنەوەی عەریزەی بچووککردنەوەی تەمەنی خۆی بوو، بەڵام ئەوکاتە رووخساری شێوا کە عەریزە نووسەکە پێی راگەیاند "ئەگەر فەرمانبەر بی داواکەت رەتدەکرێتەوە". لەوکاتەدا نیان پرسیاری کرد"ئایا هیچ رێگەیەکی دیکە نییە، بۆ ئەوەی تەمەنم بچووک بکەمەوە؟"، بەبیستنی وشەی "نەخێر"، بەدڵشکاوی لەگەڵ دایکی شوێنەکەی بەجێهێشت.

بەپێی ئاماری دادگای باری شارستانی هەولێر لەماوەی شەش مانگی رابردوودا، زیاتر لە 200 کچ بەمەبەستی بچووککردنەوەی تەمەنیان داوایان پێشکێشی دادگا کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێک لەو کچانە فەرمانبەری حکومین، دادگا رەزامەندی تەنیا لەسەر 106 داوا کرد، چونکە بەپێی یاسا هەر فەرمانبەرێک دوای جێگیرکردنی تەمەن بۆی نییە تەمەنی بچووک یان گەورە بکات.

دادوەر نەوزاد محەممەد رەئووف، دادوەری دادگای باری شارستانی هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند رۆژ بە رۆژ ژمارەی ئەو داوایانە لەزیادبوونە کە بەمەبەستی بچووککردنەوەی تەمەن روو لە دادگای باری شارستانی دەکەن، لەبارەی ئەو کەسانەی داوای بچووککردنەوەی تەمەن دەکەن، ئەم دادوەرە دەڵێت "بەشی هەرەزۆری داواکان لەلایەن کچانەوەیە، کە بەشێکیان دەیانەوێت لەرێگەی بچووککردنەوەی تەمەن چانسی شووکردنیان بگەڕێتەوە، بەشەکەی دیکەشیان لەخوێندن دابڕاون و دەیانەوێت بە بچووککردنەوەی تەمەن لە قوتابخانە وەربگیرێنەوە"، هەروەها ئەو دادوەرە گوتیشی"هەر کەسێک بیەوێت تەمەنی بچووک بکاتەوە یان گەورە بکات، دەبێت سەرەتا داوایەک پێشکێشی دادگا بکات و، وێنەیەک لە (صورە القید) بێنێت و ئێمەش دوای وەرگرتنی داواکە رەوانەی لێژنەی پزیشکی دەکەین بۆ دیاریکردنی تەمەنی، بەڵام ئەگەر داواکار لە نەخۆشخانە لەدایکبووبێت، یان فەرمانبەر بێت تەمەنی جێگیر کرابێت، داواکەی رەتدەکەینەوە، چونکە بەپێی یاسا ئەو کەسانە بۆیان نییە تەمەنی خۆیان بچووک یان گەورە بکەن".

فەرمانبەرانی دادگا دان بەوە دادەنێن کە بە دەیان کچ کاتێک داواکانیان رەتدەکرێتەوە بەهەر هۆکارێک بێت فرمێسک لەچاوەکانیان قەتیس دەمێنێت، داوا دەکەن بە هەر شێوەیەک بێت داواکەی رەتنەکەنەوە.

ئەڤین ئیبراهیم، کۆمەڵناس باس لەوە دەکات کە تائێستا لەعەقڵیەتی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی، بچووکی تەمەن و ناسکی پێوەری هەرە بنەڕەتی شووکردنن بۆ کچان، چونکە پێیانووایە کچ تەنیا بۆ چێژی پیاو و وەچە نانەوەیە نەک شتێکی دیکە، گوتیشی "بۆیە هەتا کچ تەمەنی بچووک بێت ئەوەندە چانسی شووکرنی زیاترە، بەپێچەوانەوە ئەوانەی تۆزێک بەتەمەن داچوون، هەزاران ناوی وەک قەیرە کچ و گەورە کچیان بەسەردا دەسەپێنرێت، بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر ئەو کچانە بۆ دەرباز بوونیان لەو تێڕوانینە پیاوسالاریە پەنا بۆ دادگا ببەن تەمەنیان بچووک بکەنەوە".

بەیان جادر، یاریدەدەری دادوەری پێشکەوتوو لە دادگای باری شارستانی هەولێر، کە ماوەی 25 ساڵە لە قەلەمی دادگا کار دەکات بە (رووداو)ی راگەیاند "کاتێک کچێکی بەتەمەن بەئاسانی دەتوانێت تەمەنی بچووک بکاتەوە، زۆر دڵخۆش دەبێ، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو کچانەی داواکانیان رەتدەکرێتەوە فرمێسک لە چاوەکانیان قەتیس دەمێنێ". ئەو گوتیشی "زۆر جار فەمانبەری کچ هاتووە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە خزمەتی رابگرێت تەنیا دادگا رێگەی پێبدات تەمەنی خۆی بچووک بکاتەوە، بەڵام دادگا ئەو داوایانە رەتدەکاتەوە".

پەرێز عومەر، 29 ساڵ، کە هێشتا شووی نەکردووە، پێیوایە کاتێک کچ پەنا بۆ بچووککردنەوەی تەمەنی دەبات بۆ شووکردن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی هەڵەی کۆمەڵگە بۆ تەمەنی کچان. ئەو دەڵێت "لەکۆمەڵگەی ئێمە بۆ پیاوان ئاساییە کە کچێکی 15 ساڵ لە خۆیان بچووکتر بێنن، بەڵام ئەگەر کچێک 15 رۆژ لەکوڕێک گەورەتر بێت خێزانەکەی رازی نابێت".

لەبارەی ئەوەی ئایا بچووککردنەوەی تەمەن دەبێتە هۆی رزگاربوونی لە وشەی قەیرەیی و دروستبوونەوەی چانسی شووکردن، پەرێز دەڵێت "ئەم حاڵەتە زۆر جار دەبێتە فریادرەسێک بۆ بەشێک لەو کچانەی کە شێوەیان بچووک دیارە، یان شارەزان لەماکیاژ کردن، چونکە پیاوان بەرواڵەتی جوان هەڵدەخەڵەتێن".

ئەڤین ئیبراهیم زۆر راشکاوانە دەڵێت "کاتێک کۆمەڵگە و پیاو کچ بە پلەدوو بزانن و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی چێژ و وەچەنانەوە سەیری کچ بکەن، ئافەرین بۆ ئەو کچانەی کە دەتوانن بە بچووککردنەوەی تەمەن پیاوان بخەڵەتێنن، چونکە ئەوە کۆمەڵگەیە بەکچ دەڵێ ئەگەر درۆ نەکەی ناتوانی ژیانێکی خۆش بۆ خۆت دەستەبەر بکەی".



**200**
**کچ لە ماوەی شەش مانگی رابردوودا لەهەولێر داوای تەمەن بچووکردنەوەیان کردووە**

**مەرجەکانی تەمەن بچووککردنەوە**
- داواکارییەک پێشکێشی دادگای باری شارستانی بکات.
- لیژنەی پزیشکی رەزامەند بێ.

**ئەوانەی بۆیان ناکرێت**
- ئەگەر لە نەخۆشخانە لە دایکبووبێت.
- ئەگەر فەرمانبەر بێت.

# کچانی عێراق خۆیان جوان دەکەن

**رووداو- AFP**

لە وەتای عێراقییەکان لە خەمی پاراستنی سەرو گیانیان رزگاریان بووە، نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری و بایەخدان بەچارەسەرییە تایبەتەکانی جوانکاری لەنێو هاووڵاتیاندا برەوی پەیداکردووە.

لەگەڵ باشبوونی رەوشی ئاسایش و گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو پزیشکە نەشتەرگەرانەی لەگەڵ پەرەسەندنی توندوتیژییەکاندا لەساڵی 2006 عێراقیان بەجێهێشت، ئێستا ژمارەی ئەوانەی روودەکەنە نۆڕینگەکانی جوانکاری و نەشتەگەری بۆ لووتیان دەکەن، یان چەوری لەشیان کەمدەکەنەوەو لۆچییەکانی سەر جەستە و دەمووچاویان لادەبەن، رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیادبوونە.

دکتۆر فەلاح شەممەری دەڵێت ئەم جۆرە چارەسەرە پێشتر لە عێراقدا باو نەبوو. ئەو دەڵێ عێراقییەکان دوای ئەوەی رێگەی سەفەرکردن بۆ دەرەوەیان بۆ بووەوە، بەو جۆرە چارەسەرو شێوازانەی جوانکاری ئاشنا بوون.

لەگەڵ فراوانبوونی زیاتری کرانەوەی میدیادا، ریکلامی خۆجوانکردن بەنێو ئافرەتانی عێراقیدا بڵاوبووەوە، ئەوانیش کەوتنە خۆ بۆ گەڕان بەدوای نەشتەرگەریی خۆجوانکردندا کە ئەوەش یەکێکە لەنیشانەکانی ئارامی و روو لەسەقامگیری لەعێراقدا.



# ئەمریکا 300 گەنج و منداڵی کورد فێری سەما و میوزیکی خۆی دەکات

**عیسا عەبدولقەهار**
**رووداو-هەولێر**

6 راهێنەری ئەمریکی لە هەولێر 300 گەنج و منداڵی کوردستان فێری مۆسیقا و سەما دەکەن، تا لە فیستیڤاڵی ئەمریکان ڤۆیس بەشداری بکەن. 73 ملیۆن دیناریش بۆ ئەو فیستیڤاڵە خەرج دەکرێ، بەڵام سەرۆکی فیستیڤاڵەکە دەڵێ" ئەو پارەیە زۆر کەمە".

کچ و کوڕان لە ناو هۆڵی پێشەوا، لە وەزارەتی رۆشنبیری راوەستا بوون و تەماشای ئەو ژنە ئەمریکییەیان دەکرد، کە لەسەر تەختی شانۆ سەمای بۆ دەکردن، ئەوانیش هەوڵیاندەدا وەک راهێنەرەکەیان سەما بکەن. (نیلسن وستن)ی سەماکەر گوتی "منداڵ و گەنجی کورد زیرەکن، دەیانەوێت فێرە سەما و مۆسیقا بن، دڵنیام لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانن زۆر بە جوانی سەما بکەن".

نیلسن وستن، 45 ساڵ، لەگەڵ گرووپێکی ئەمریکی راهێنان بە منداڵ و گەنجانی کوردی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دەکات، تا فێرە سەما بن، ئەو ژنە دەڵێت "زۆرم پێ سەیرە کە منداڵان و گەنجانی کورد، ئەوەندە حەزیان لە سەما و مۆسیقایە".

نەسرین محەممەد، کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستانەو ئێستا لە هەولێر دەژی، زۆر حەزی لە سەمایە، دەڵێ "زۆر حەزم لە سەمایە، توانیم بە تەماشاکردنی هەندێک کەناڵی بیانی فێری سەما بم، هەر لە قوتابخانەکەی خۆشمان گرووپێکمان پێکهێناوە بۆ فێربوونی سەما کردن".

گرووپی ئەمریکان ڤۆیس، لە رێگەی کونسولخانەی ئەمریکا لە بەغدا، بە هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری ساڵانە فیستیڤاڵی مۆسیقا و سەما لە شارەکانی کوردستان رێکدەخات، ئەو گرووپە لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا نزیکەی 700 منداڵ و گەنجی شارەکانی کوردستانیان لەسەر مۆسیقا و سەماکردن راهێناوە، ماوەی چەند رۆژێکیشە لە هۆڵی پێشەوای وەزارەتی رۆشنبیری لە هەولێر راهێنان بە منداڵ و گەنجان دەکات، تا لە دوای 10 رۆژ راهێنانیان لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی ئەمریکان ڤۆیس لە هەولێر نمایشەکانیان لە بەرامبەر ئامادەبووان پێشکێش بکەن.



جەیمس تەیسی،کە راهێنانی بە زیاتر لە 100 منداڵ و گەنج دەکرد گوتی "منداڵ و گەنجانی کورد لە ئاستێکی زۆر باشدان، چونکە زۆر حەزیان لە فێربوونە".

بەشێک لەو گەنجانەی بەشداری ئەو فیستیڤاڵەیان کردووە، لە کۆلێژ و پەیمانگە هونەرییەکان دەخوێنن، بەڵام ئەوان پێیانوایە ئەو فیستیڤاڵە سوودێکی زۆری بۆ ئەوان هەیە. داستان بەرهەم، دەڵێ "چونکە مامۆستاکانی ئەو فیستیڤاڵە زانیاری باشیان هەیە، بۆیە سوودێکی زۆرم لێوەرگرتوون". داستان قوتابی بەشی مۆسیقایە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر لە شارۆچکەی کۆیە. داستان دەڵێ "ئەو فیستیڤاڵە بۆ من زۆر باشە، چونکە وادەکات لە وەرزی هاویندا لە مۆسیقا دانەبڕێم".

ئەو منداڵ و گەنجانەی لە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە هاتوونەتە هەولێر، لەلایەن زانکۆی کوردستانەوە بەشە ناوخۆییان بۆ دابین دەکرێ، 73 ملیۆن دیناریش لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری بۆ نان خواردن و گواستنەوەیان دابینکراوە، بەڵام محێدین عەبدوڵڵا، سەرۆکی فیستیڤاڵی ئەمریکان ڤۆیس دەڵێ "ئەو پارەیەی بۆ ئەو فیستیڤاڵە دابین کراوە، زۆر کەمە چونکە ئێمە دەبێ دوو ژەم نانیان بدەینێ، گواستنەوەشیان هەر لە ئەستۆی ئێمەیە".

رێکخەری فیستیڤاڵی ئەمریکان ڤۆیس، حەز دەکات منداڵ و گەنجانی کورد فێری مۆسیقا و سەمای ئەمریکی بن و دەڵێ "هەرچەندە زۆر بەو کارەم ماندووبووم، بەڵام دەبێ منداڵ و گەنجانی کورد فێری مۆسیقا و سەمای رۆژئاوایی ببن، بە تایبەت ئەمریکا کە وڵاتێکی پێشکەووتوە و دۆستی کوردە".

ناز فەلەکەدین، بەرپرسی پەیوەندییەکانی ئاسیای رۆژهەڵات لە وەزارەتی رۆشنبیری و رێکخەری ڤیستیڤاڵی ئەمریکان ڤۆیس، لە ژوورەکەی خۆی لەگەڵ دوو هونەرمەندی کورد دانیشتوە و دەڵێ "من حەز دەکەم فیستیڤاڵی لەو جۆرە بکرێنەوە، چونکە منداڵەکانمان فێری مۆسیقا دەبن، لەو رێگایەشەوە منداڵی کورد شارەزای کولتوری رۆژئاوایی دەبن".



## ئاسایش بە هێمنی وەڵام دەداتەوە

# هەڵبژاردن لە هەولێر زۆر هێمنانە بەڕێوە دەچی

**ولادیمێر فان ویلخنبێرخ**
**ڕووداو-هەولێر**

مرۆڤ چاوەڕێ دەکات بەڕێوەبەری ئاسایش کەسێکی تووڕە و ترسێنەر بێت، بەڵام عیسمەت ئەرگۆشی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی هەرێمی کوردستان لە هەولێر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، بەهێمنی وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە دەربارەی ئاسایشی کوردستان. ناوبراو بەوە ناسراوە کەسی ترسناکی سەر بە قاعیدەی دەستگیرکردووە و شارەزایە لە کاروباری ئاسایش لە عێراق و کوردستان.

لە مانگی نیسانی 2009دا ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ لە راپۆرتێکدا رەخنەی توندی لە ئاسایشی کوردستان گرت بەوەی لەسەرووی یاساوە کار دەکەن و مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ زیندانیان دەکەن، بەڵام ئەرگۆشی گوتی ئەوان بە ئەمنستییان راگەیاندووە کە راپۆتەکەیان ئەوەندە راستی تێدا نەبووە و پشتیان بە سەرچاوەی کۆنی باوەڕ پێنەکراو بەستووەو گوتی"ئێمە یاسای خۆمان هەیە و لە چوارچێوەی یاسایەکدا کاردەکەین کە لەساڵی 2004 بە ژمارەی 24 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەندکراوە، ئێمە دەزگایەکی یاسایین و لەچوارچێوەی ئەو یاسایە کارەکانمان ئەنجامدەدەین". ئەو مەبەستی ئاژانسی پاراستنی هەرێمی کوردستانە.

بەپێی راپۆرتەکەی ئەمنستی، ئاسایش لەساڵی 2008دا 670 بەندکراوی سیاسی لەلابووە، بەڵام ئەرگۆشی گوتی" لە راستیدا ئێمە یەک بەندکراوی سیاسیشمان نییە، تەنانەت ژمارەی هەموو بەندکراوانیش ناگاتە 600 ".

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەمنیستی چۆن دەستی بەو زانیارییە "باوەڕ پێنەکراوانە" گەیشتووە، بەپێی قسەی ئەرگۆشی بۆ دەست گەیشتن بەو زانیاریانە ئەمنستی پشتی بە چەند سەرچاوەیەک بەستبوو لەوانە "چەند کەسێکی عەرەبی شۆڤێنی" و، بەرەی تورکمانی "هەروەها هەندێ رۆژنامە شتی زۆر بێ بەڵگە بڵاودەکەنەوە، بەڵام ئێمە وەڵامیان نادەینەوە، ئەگەر ئێمە وەڵامی ئەو هەموو رۆژنامانە بدەینەوە، ئەوا کاتی ئەوەمان نابێت ئیشی خۆمان بکەین".

### ساختەکاری لە هەڵبژاردندا ناکرێت

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی دەربارەی ئەو پێشبینیانەی رۆژنامەنووسان کە وای بۆدەچن هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەدەردی هەڵبژاردنەکانی ئێران بچن و ساختەکاری و شەڕوئاژاوەی تێدا روودەدات، گوتی:"ئەگەر هەندێ کەس پێیان وابێت بارودۆخەکە وەکو ئێرانی لێدێت، دیارە پیلانێکی پێشوەختەیان هەیە، ئەگەر ئەوانە پیلانێکیان دانەڕشتووە بۆچی باسی ئەو مەسەلەیە دەکەن؟".

ئەرگۆشی دووپاتی کردەوە ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان مەحاڵە "چاودێری بیانی ئامادەی هەڵبژاردنەکان دەبن، نوێنەری هەموو پارتەکان لەوێ دەبن، چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی چاودێری پرۆسەکە دەکەن، نوێنەرانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لێرە دەبن، بۆچی ئەوان تەنها باسی ساختەکاری و توندوتیژی دەکەن، خۆ ئەگەر شتێک روویدا، ئەوە یاسا هەیە و هەر کێشەیەک هەبوو دەبێ لە رێگەی یاساوە چارەسەر بکرێت. من لەو بڕوایەدام ئەو کەسانەی ئەو دەنگۆیانە بڵاودەکەنەوە، بەرگەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ناگرن، بۆیە هەر لە ئێستاوە وادەڵێن".

ئەرگۆشی دەڵێ ئەو کەسانەی "ئۆپۆزسیۆن" ئەو دەنگۆیانە بڵاودەکەنەوە، بەرگەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ناگرن .

### هیچ هێزێک رەوانەی سلێمانی نەکراوە

عیسمەت ئەرگۆشی دووپاتی کردەوە کە دەنگۆی زۆر لەبارەی هێزەکانی ئاسایشی کوردییەوە دەکرێن. ئەوەی راگەیاند کە ڕێکخراوی IRA ی ئەمریکی لە کوردستان راپۆرتێکیان دابووە ئەو کۆلۆنێلەی چاودێری بارودوخی ناوچەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عەرەبەکان دەکات، کە گوایە 6000 هێزی پۆلیس و زێرەڤانی لە هەولێرەوە رەوانەی سلێمانی کراون بۆ پاسەوانیکردنی تاڵەبانی، کە تانکیشیان لەگەڵدان. ئەرگۆشی گوتی" ئەو فەرماندە سەربازییە ئەمریکییە کە کاری ئەوەیە پێشێلکارییەکانی سوپای عێراقی و هێزە کوردییەکان لای خۆی تۆماربکات و بیداتە حکومەتی ئەمریکا، پێیگوتم من خۆم ئەو رۆژە لە سلێمانی بووم کە ئەو هەواڵەیان پێدام، تاڵەبانی ئەو رۆژە هەر لە سلێمانی نەبوو، بەڵکو لە قەڵادزێ بوو، بەچاوی خۆم بینیم جگە لە پۆلیسی هاتووچۆ هیچ هێزێک لەسەر شەقامەکانی سلێمانی نەبوو، بۆیە ئەو پروپاگەندانە بێبنەمان و دوورن لە راستییەوەو دەمودەست وەڵام درانەوە".

### هەڕەشەی تیرۆریستی لە دەرەوەی کوردستان

بۆ ئەوانەی دەیانەوێت سەردانی کوردستان بکەن، هیچ نیگەرانییەک لە ئارادا نییە وئەرگۆشی رایگەیاند هیچ مەترسییەکی قاعیدە لە ناوەوەی کوردستان نییە، بەڵام ئاماژەی بەوەدا کە هێزەکانی ئاسایش هێشتا لەسەر شەقامەکانی کوردستان پێویستن " ئێمە ئەو توانا تەکنیکییەمان نییە چاودێری هەموو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و ناوخۆی شارەکان بکەین، ئەگەر ئێمە نیوەی ئەو توانا تەکنیکیەی هۆڵەندامان هەبێت، یەک ئاسایش لە سەر شەقامەکان نابینی".

# بنەماڵەی مەلا عوسمان سکاڵا لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی تۆمار دەکات



مەلا عوسمان پێش نوێژ بۆ مام جەلال و دوو کەسی دیکە دەکات. وێنەکە لە پێش راپەڕین گیراوە

**ڕووداو-هەولێر**

بنەماڵەی مەلا عوسمان عەبدولعەزیز، رابەری پێشووتری بزووتنەوەی ئیسلامی، رەخنە لە بزووتنەوەی ئیسلامی دەگرن کە وێنەی باوکیان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنن و دەڵێن تائێستا دووجار سکاڵایان لەسەر بزووتنەوەی ئیسلامی تۆمارکردووە، بزووتنەوەی ئیسلامیش بەکارهێنانی ئەو وێنانە بە ئاسایی دەزانێت .

بزووتنەوەی ئیسلامی وەک لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووەو بەشێک لەو پۆستەرانەی کە بۆ ریکلامکردنی لیستەکەیان بەکاریانهێناوە، وێنەی مەلا عوسمان، دامەزرێنەر و رابەری کۆچکردووی پێشووتری بزوتنەوەی لەسەرە، ئەمەش بنەماڵەی مەلا عوسمانی تورە کردووە.

عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا عوسمان، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "جێگەی داخە کە دەبینین وێنەی مامۆستا مەلا عوسمان لەلایەن چەندکەسێک لە لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی بەکارهاتووە، بەمەبەستی کەڵک وەرگرتنی نارەوا لەکەسایەتی مامۆستا و بەنادیدەگرتنی مافی کەسێتی و بنەماڵەیی و گوێ پێنەدانی و ئاگادارکردنەوەی پێشتر".

عەبدولڕەحمان، دەڵێت "ئەم کارە ناشەرعی و ناڕەوایە و دەبێتە هۆی بێ رێزیکردن بەرانبەر وێنەکانی جەنابی مامۆستا و ئازاردانی دڵی بنەماڵەو ڕێژەیەکی زۆری شوێنکەوتووان و خۆشەویستانی".

بنەماڵەی مەلاعوسمان، لەپێناو لادانی وێنەی باوکیان لەسەر پۆستەرەکانی بزووتنەوە پەنایان بردە بەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان. عەبدولڕەحمان دەڵێ "ڕۆژی 2009/6/27 لە بنکەی سەرەکی کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان سکاڵامان تۆمارکرد و بەڵێننامەیان لێ وەرگرتبوون کە لە شوێنی گشتی و نەشیاودا ئەو وێنانە هەڵنەواسن، بەڵام پابەند نەبوون بە بەڵێنەکەیان و جارێکی دیکە لە 7/21 سکاڵایەکی دیکەمان تۆمارکردەوە".

عەبدولڕەحمان، نیگەرانە لە هەڵواسینی وێنەی مەلاعوسمانی باوکی و ئاماژە بە رابردوو دەکات کە چۆن مەلاعوسمان لەرابەرایەتی بزووتنەوە دوورخرایەوە "هەمووان ئاگادارن کە چۆن پاش ئەو کودەتا دەرەکییەی بەسەر شەرعیەتدا کرا لەساڵی 1998 جەنابی مامۆستا لەبەر روونەدانی فیتنە ئەو دەڤەرەشی بەجێهێشت و هەم بزووتنەوە مەحروم بوو لەم رابەرەو هەم جەنابی مامۆستاش هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نەماو کەسایەتی و بەرهەمی تەمەنیشی کەوتەوە بازنەی فراوانی گەلەکەی و گشت موسڵمانان".

بنەماڵەی مەلا عوسمان، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە بزووتنەوەی ئیسلامییەوە نەماوە، رەخنە لەوانە دەگرن کە وێنەی باوکی بەکاردەهێنن. عەبدلڕەحمان گوتی "ئەگەر پاساو ئەوە بێت مامۆستا رەمزە، ئەوەش بەکارهێنانی راستییە بۆ مەبەستێکی ناڕاست، جەنابیان بەو هەموو کەسایەتی یەکپارچە نوورانییەوە لەژیانی موبارەکیدا ئێوەی کەم و بچووک قبوڵتان نەبوو، ئێستا بە چ ڕوویەکەوە پەنا بۆ وێنەکانی دەبەن".

کوڕەکەی مەلا عوسمان، جەخت لەوەشدەکاتەوە کە ئێستا لە بنەماڵەکەیان کەس لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیدا نییە "یەک نەفەر لە کوڕو نەوەی جەنابی مامۆستا لەو کارەدا نییەو دەنگیان پێنادات".

ئەنوەر عەنەبی، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی، لە بارەی ئەو رخنانەی بنەماڵەی مەلا عوسمانەوە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوە شتێکی شەخسی کاک عەبدولڕەحمان خۆیەتی و ئەو ئێستا دوورە لەبزووتنەوەی ئیسلامی و لەوانەیە بنەماڵەی مامۆستا بەو کارەی عەبدولڕەحمان ناڕازیبن، جەنابی مەلا عوسمان وەکو باوکی تاک تاکی خەڵکی بزووتنەوەی ئیسلامی وایە، ئەگەر خەڵکی ئیسلامی وەفای بۆ مامۆستا مەلا عوسمان هەبێت سووکایەتی نییە و وەک عیزەتێک بزووتنەوەی ئیسلامی وێنەی مامۆستا بەکاردەهێنێت".

بەڵام عەبدولڕەحمان مەلا عوسمان، رەتیکردەوە کە ئەو سکاڵایە بەتەنیا رای ئەو بێت "ئەوە رای هەموو بنەماڵەکەمانە کە نە لەگەڵ ئەوان و نە لەگەڵ هیچ لایەنێکی دیکەدا نین ".

بەپێی گوتەی ئەنوەر عەنەبی، ئەوان کۆمسیۆنیان تێگەیاندووە کە پێشتر مەلا عوسمان رابەری بزووتنەوە بووە "لەبەر ئەوەش هەڵواسینی ئەو وێنانە لەروانگەی یاساییەوە هیچ گرفتێکی نییە".

# هەڵبژاردن رۆژنامەنووسان تاقیدەکاتەوە

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسان پێیوایە لادان لە بنەما پیشەیی و ئیتیکییەکانی کاری رۆژنامەنووسی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لەحاڵەتەوە بووەتە دیاردە و رۆژنامەنووسانیش پێداگیری لەسەر گرنگی وێستگەی هەڵبژاردن دەکەن بۆ سەلماندنی بێلایەنی و پیشەیی بوونی رۆژنامەکان.

ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی رۆژنامەنووس بێلایەنی خۆی بەرامبەر تەواوی لیستەکان بپارێزێت و نەبێت بە قەڵغان بۆ بەرگریکردن لە لیستێک و شمشێری لێدانی لیست و پاڵێوراوانی دیکە.

شوان محەممەد، سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە، دەڵێ تەنیا هاوڵاتی و ئاوێنەو گۆڤاری لڤین بە ئەهلی دەزانێت لەکوردستاندا "ئەو دوو رۆژنامەو گۆڤارە سەرچاوەی دارایی و گوتاریان سەربەخۆیە، بۆیە دەکرێت ئەوان بێلایەن بن".

شوان محەممەد، بێلایەنی بوونی رۆژنامە ئەهلییەکان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەگرنگ ناو دەبات و پێشیوایە باشترین حاڵەت بۆ ئەوەی بەلایەنگریکردن تۆمەتبارنەکرێن ئەوەیە کە "هەواڵێکت دەستدەکەوێت هەموو لایەنەکانی رووداوەکە بگری و ئەگەر قسەشت بۆ نەکەن دەتوانی ئاماژە بەوە بکەی کە قسەیان بۆ نەکردووی". سەرنووسەری ئاوێنە، ئەو راپرسیانەی لەکوردستاندا دەکرێن و بڵاوکردنەوەیان بەلایەنگیری کردن بۆ لایەنێک دەزانێت "ئەگەر بتەوێت بێلایەن بیت پێویستە خۆت دوور بخەیتەوە لەو راپرسییە کرچ و کاڵانەی لە کوردستاندا دەکرێن".

بەپێی دوایین ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی کوردستان،921 دەزگاو ناوەندی راگەیاندن لە هەرێمی کوردستاندا هەن، کە لەنێو ئەوانەدا 282 رۆژنامەو 520 گۆڤارن. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لیژنەی داکۆکیکردنی لەمافی رۆژنامەنووسانی هەیە،کە جگە لەکاری خۆی لەدەستپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە سەندیکا رایگەیاند لە رێگەی ئەو لیژنەیەوە چاودێری رۆژنامە و گۆڤارەکان و دەزگاکانی راگەیاندن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا دەکات لەکاتی هەڵمەتەکەدا و لە رۆژی دەنگدان دا.

زیرەک کەمال، سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنووسان بە (ڕووداو)ی راگەیاند "لەهەر کوێیەک بەپێچەوانەی بنەماکانی یاسا مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسدا بکرێت و لەهەر کوێیەکیش رۆژنامەنووس پێچەوانەی بنەماکانی کاری رۆژنامەوانی هەڵسوکەوت بکات و پابەندی ئیشی رۆژنامەنووسی نەبێت، رازی نابین و دێینە مەیدان". زیرەک زیاتر دەدوێت و دەڵێت "ئەگەر رۆژنامەیەک یان رۆژنامەنووسێک پێچەوانەی بنەماکانی کاری رۆژنامەوانی کار بکات ناوی لای خۆمان تۆمار دەکەین و دەیخەینە بەردەمی ئەنجوومەنی سەندیکاو لەوێدا بڕیاردەدرێ کە هەڵوێستی چی دەبێت بەرامبەر بەو رۆژنامەنووسە".

> **لادان لەیاسای رۆژنامەگەری لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەحاڵەتەوە بووەتە دیاردە**
>
> زیرەک کەمال
> سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکرن لە رۆژنامەنووسان

زیرەک کەمال، رەخنەی زیاتر لەرۆژنامەنووسان دەگرێت کە هەندێک لە رۆژنامەنووسان پابەندی بنەماکانی کاریرۆژنامەڤانی نابن "لەکاتیهەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا لادانی رۆژنامەنووسان لەیاسا زیادی کردووە، جاران حاڵەت بوو ئێستا بووەتە دیاردە".

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، چەندین حاڵەتیان دیارکردووە کەدەرچوونە لەئاکاری رۆژنامەنووسی، بەڵام تاوەکو ئێستا سەندیکا بڕیاری نەداوە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو رۆژنامەو رۆژنامەنووسانەدا بکات. زیرەک کەمال، دەڵێت "چەند حاڵەتێک هەبووەو لای خۆمان دیاریمان کردووە، پاش هەڵبژارن دەیخەینە بەردەم ئەنجوومەنی سەندیکا".



### خەنجەر نوری خەنجەر پاڵێوراوی لیستی چاکسازی تورکمانی

# دایکم نەیدەزانی رۆژێک دێت ناوی خەنجەر دەبێتە هێمای توندوتیژی



**ڕووداو-هەولێر**

خەنجەر نوری خەنجەر پاڵێوراوی لیستی چاکسازیی تورکمانی، کە بەجلوبەرگێکی تایبەت وێنەی لە سەر شەقامەکان هەڵواسراوە نکوڵی لەوە کرد، کە ئەو پارچەیەی بەبازنەیی لەسەر سەری خۆی داناوە عەگاڵ بێت و گوتی"ئەوە جەمەدانییە و هەموو سەیدەکانی عەرەب و تورکمان و کورد لەسەری دەنێن".

خەنجەر لە ساڵی 1962 لە گەڕەکی عەرەب لە هەولێر لە دایکبووە، خێزاندارە و 7منداڵی هەیە، لەبارەی ناوەکەشی کە لەبارودۆخێکی سیاسیدا ئاماژەی چەک و هیمایەکی بەرگری لە خۆکردن دەگەیێنێت، خەنجەر لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا روونیکردەوە و گوتی"ئەوە ناوە لەسەر ناوی باپیرم دانراوە، دایکم ئەو کات سیاسەتمەدار نەبووە و نەیدەزانی رۆژێک دێت ناوی من لەگەڵ بارودۆخی سیاسی وەک هێمای توندوتیژی لێک دەدرێتەوە ".

لیستی چاکسازی تورکمان کە ژمارەی 72ە کار بۆپێشخستنی رۆشنبیری و خوێندنی تورکمانی و بەهێزکردنی رۆڵی سیاسی تورکمان دەکات، لە چوارچێوەی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها بڕیاریانداوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەنگ بە مەسعود بارزانی بدەن. بەگوێرەی قسەکانی خەنجەر" چاکسازی تورکمان خاوەن گەورەترین رێکخستنی تورکمانییە لە کوردستان".

ئەو پاڵێوراوەی لیستی چاکسازی رەتیکردەوە، کە تورکمان تایبەتمەندی عەشیرەتگەری هەبێت و گوتی"سیستەمی کۆمەڵایەتی تورکمان لە هەرێمی کوردستان عەشیرەتگەری نییە، وەک هەر هاووڵاتییەکی مەدەنی ژیان دەگوزەرێنێت و بە هەڵبژاردن خۆیان یەکدەخەن، دەنگیان بە چ لایەنێک دا، ئەوا لە ژێر بەرنامەی ئەو لایەنە کۆبوونەتەوە".

لەبارەی کردنەوەی مەیخانە و دیسکۆ، کە هەندێ لیست بانگێشەی بۆ دەکەن خەنجەر نوری خەنجەر گوتی" ڕێزم هەیە بۆ رای ئەوان، بەڵام ئەم لایەنە بەیاسا رێکدەخرێن، ئەگەر حکومەت رێ بە مەیخانە و دیسکۆ بدات، ئەوا پێویستە رێز لەو بڕیارە بگیرێت، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ لەبەرامبەر خودادا خۆی لە هەڵسوکەوتەکەی بەرپرسە".

# عێراق دەیەوێ خۆڵبارین رابگرێ

## وڵاتانی ناوچەکە ناتوانن کێشەی خۆڵبارین چارەسەربکەن

بەڕێوەبەری کەشناسی لەکوردستان

**تایبەت بە رووداو**

حەسەن وەهاب بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی لەکوردستان، بەدووری زانی هەوڵەکانی پێشگرتن لەدیاردەی خۆڵبارین کە چەند ساڵێکە رووی لەعێراق کردووە، ئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەستەوە بدات. ئەو پێیوایە دیاردەکە پەیوەندی بەگۆڕانی کەشوهەوای جیهانەوە هەیە کە یەکێکە لە دەرکەوتەکانی قەتیسبوونی گەرما لەبەرگە هەوای گۆی زەویدا و چەندین دیاردەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، وەک وشکەساڵی و بەبیابانبوون و کەمبوونەوەی رووبەری سەوزایی.

هەریەک لەعێراق و ئێران، ماوەی چەند مانگێکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەرکەوتەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەوانەش کێشەی خۆڵبارین، دەستیان بەگفتوگۆو راگۆڕینەوە کردووە. لەو چوارچێوەیەشدا مانگی تەممووزی رابردوو لەکاتی سەردانی فاتیمە جەوادی یاریدەدەری سەرۆک کۆماری ئێران بۆ کاروباری ژینگە،لەبەغدا لەگەڵ مالیکی دانیشت و هەردوو وڵات یاداشتنامەیەکی لێکگەیشتیان ئیمزاکرد.

جەوادی کە لەگەڵ شاندێک لەشارەزایانی بواری ژینگە هاتبووە بەغدا، لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق دەربارەی دیاردەکانی بەبیابانبوون و خۆڵبارین کە ماوەیەکە رووی لەچەندین ناوچەی ئێران کردووە، گفتوگۆی چڕوپڕیان کرد.

نەرمین عوسمان وەزیری ژینگەی عێراق، چەند رۆژێک پاش ئیمزاکردنی یاداشتنامەکە رایگەیاند کە وەزارەتەکەی بەنیازە هەندێ ئەزموونی جیهانی لەبواری بەرەنگاربوونەوەی هەڵکردنی گێژەڵووکە بگرێتەبەر، وەک چاندنی ناوچە بیابانەکان بەو رووەکەی بە درکی شامی ناسراوەو هەروەها رشاندنی پاشماوەی بەرهەمە نەوتییەکان بەسەر خاکی هەندێ ناوچەی دیکەدا.

حەسەن وەهاب بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی لەکوردستان لەبارەی ئەو هەوڵانەی حکومەتی عێراقەوە بۆ (رووداو)ی روونکردەوە کە خۆڵبارین پەیوەندی بەچەند فاکتەرێکەوە هەیە، لەوانەش قەتیسبوونی گەرما کە گۆڕانی گەورەی بەسەر کەشوهەوای جیهاندا هێناوە.

هەروەها رایگەیاند کە وشکەساڵی هۆکارێکی سەرەکییە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی بیابانن، چونکە لە هەندێک جێگەدا باران هەر نابارێت و بەوەش رووبەری سەوزایی بەتەواوی بەرتەسک بووەتەوە. گوتیشی "هۆکارێکی دیکەی خۆڵبارین دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاکانەی کە فشەڵن، جوگرافیای کوردستانیش وا هەڵکەوتووە کە نزیکی هەندێک وڵاتە کە بیابانیان زۆرە، وەک وڵاتە عەرەبییەکان و باکووری ئەفریقیا، هەربایەکیش لەوناوچانەوە هەڵبکات دەبێتە هۆی خۆڵبارین".

بەڕێوەبەری کەشناسی روونیکردەوە کە ئەو بایە لەباکووری ئەفریقیاوە هەڵدەکات بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی و لەوێشەوە تۆز و خۆڵ هەڵدەگرێت و ئاراستەی بایەکە بەرەو کوێ بڕوات تۆز و خۆڵەکە بۆ ئەوێ دەبات.

بەدووریشی زانی وڵاتانی ناوچەکە توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەیان هەبێت و گوتی "کەشناسی سنووری نییە، بڵێی ئەمە عێراقە یان ئێرانە، ئەو خۆڵە لە باکووری ئەفریقیاوە دەگاتە ئێرەو کەنداوی عەرەبی و ئێرانیش".

هەرچەندە هەوڵەکان بۆبەرەنگاربوونەوەی دیاردەی پەنگخواردنەوەی گەرما لەسەر ئاستی وڵاتانی رۆژئاوا ماوەی چەند ساڵێکە بەچڕی بەڕێوەدەچێت، بەڵام زۆربەی وڵاتە رۆژهەڵاتییەکان هەنگاوی ئەوتۆیان بۆ پاراستنی ژینگە و کەمکردنەوەی ئەو گازو دووکەڵە نەگرتووەتە بەر کە لە ئۆتۆمبێل یان کارخانەکانی پیشەسازییەوە دەردەچن و هۆکاری سەرەکی پەنگخواردنەوەی گەرمان.

دیاردەی خۆڵبارین لەبەهاری رابردووەوە لەهەندێ ناوچەی عێراق، بەتایبەتیش لەبەغدا کە ئێستا ناوی (شاری غوبار)ی لێنراوە، بووەتە دیاردەیەکی رۆژانە، ئەوەش ژیانی هاووڵاتیانی بەتەواوی زەحمەت کردووە بەتایبەتیش ئەوانەی کێشەی تەنگەنەفەسییان هەیە، ئەوە سەرباری سستبوونی جموجوڵی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی کە دەسەڵاتدارانی عێراق چەند جارێک ناچاربوون داخستنی رابگەیێنن. بەڵام دیاردەکە تەنیا پەیوەست نییە بەعێراق و وڵاتێکی وەک عەرەبستانی سعودیە لەماوەی ئەم هاوینەدا خراپترین گێژەڵووکەی خۆڵبارینی بەخۆوەبینی کە پسپۆڕانی کەشناسی لەسعودیە بەخراپترین گێژەڵووکە لەمێژووی ئەو وڵاتە ناویان برد. نێوەڕاستی ئەم مانگەش دیسان پسپۆڕانی کەشناسی لەبارەی گێژەڵووکەیەکی دیکەی هاوشێوەی ئەوەی پێشوو هۆشدارییان داو پێشبینی ئەوەشیان کرد کە ئەم گێژەڵووکەیە بڕی 2،4 ملیار تەن خۆڵ و غوبار بەسەر ئەو وڵاتەدا دەبارێنێ.

بەبڕوای زۆر لە پسپۆڕانی ژینگەو کەشناسی، عێراق بەدووبارە گێڕانەوەی ژیان بۆ هۆڕەکانی باشووری وڵات کە لەسەردەمی رژێمی سەدام حوسێندا وشککران، دەتوانێ تا رادەیەک ئەو گێژەڵووکانە کۆنترۆڵ بکات کە سەرچاوەکانیان عێراقە، بەڵام ئەوەش لەلایەک پێویستی بەپارەیەکی زۆرەولەلایەکی دیکەشەوە بێ بارانی و کەمبوونەوەی ئاوی رووبارەکان، بەتایبەتیش رووباری فورات کە بەرەوڕووی مەترسی وشکبوون بووەتەوە، کارەکەی بەتەواوی زەحمەت کردووە.






وڵاتانی ئەورووپا بۆ بەنداوی ئیلیسو دەڵێن: نا!

# "شەقە زللەیەکی بێ وێنە بە رووی تورکیادا "

**سیروان حاجی بەرکۆ**
**رووداو- بەرلین**

هێشتا مەرەکەبی بڕیاری خۆ کێشانەوەی وڵاتانی ئەورووپا لە پرۆژەی بەنداوی ئیلیسو لە تورکیا وشک نەببوو، بەرپرسانی هەڵمەتی "ستۆپ ئیلیسو- حەسەنکیف بپارێزن!" دەستی بە ئامادەکارییەکانی ئاهەنگێکی سەرکەوتن کرد.

چالاکڤانانی ئەو هەڵمەتە نێونەتەوەییە گەورەیە، بۆ رۆژی هەینی هەموو کەس بانگهێشتی پایتەختی نەمسا دەکەن. کە ئەڵمانیا، نەمسا و سویسرا، بڕیاری وەستاندنی هاوکاریان بۆ ئەو بەنداوە لەگەڵ تورکیا رایگەیاند، ئەنجامی خەباتی سێ ساڵی ئەم دواییەی ئەو چالاکڤانانە بوو. بە بێ ئەوان ئەو ئەنجامە بەدەست نەدەهات .

لە ئاداری 2007 دا ئەو سێ دەوڵەتەی یەکێتی ئەورووپا پەیماننامەیەکیان لەگەڵ تورکیا واژۆکرد، بە بڕوایەکی بەهێزەوە هاتنە پێش کە ئەوان بە کۆمپانیای ئاوەدانکردنەوەو بانکەکان پرۆژەی بەنداوی ئیلیسو دروستدەکەن. بەڵام لەو کاتەوە سەدان چالاکی پرۆتستۆیی، چاپەمەنی و چالاکی دیکەی جیا جیا لە ئەورووپا و تورکیا رێیان لەو باوەڕە بەهێزەی دەوڵەتانی بەشدار گرت:

رۆژی دووشەممە 2009/7/20، هەرسێ وڵاتەکە ئەڵمانیا، نەمسا و سویسرا هەنگاوێکی گەورەیان بەرەو پاش هاویشت و بە تورکیایان گوت، ئیدی ئەوان چیتر لە پرۆژە مەزنەکەی ئەودا بەشدار نابن. هەروەها ئەگەرێکی مەزنیش هەیە کە لەم رۆژانەدا هەردوو بانکی ئەڵمانی و فەرەنسیش، هەروەها کۆمپانیا ئاواکارییەکانی نەمسا، سویسرا و ئەڵمانیا کۆتایی بەشدارییەکەیان لە پرۆژەکەدا رابگەیێنن، روونیشیکردەوە کە ئیدی ئەو ئامادە نییە پشتیوانی ئابووری بداتە پرۆژەی ئیلیسو.

ئۆلریچ ئیچلمان، سەرپەرشتیارو وتەبێژی هەڵمەتی "ستۆپ ئیلیسو- حەسەنکیف بپارێزە!"یە. ئەو دەڵێ "ئەز بێ سنوور دڵخۆشم"، لەبەرئەوەی"ئاشکرا بوو کە لە ئەورووپا هەندێ پێوەری بازرگانی تایبەت بە دەرەوە هەن، کە ناکرێ پێشێل بکرێن". ئەو بە تایبەتی سەرنج رادەکێشێتە سەر دژبەرانی پرۆژەکە لە تورکیا و دەڵێ ئەو بڕیارە بۆ ئەوان "زۆر گرنگ"ە.

لەو مانگانەی دواییدا لە تورکیا ژمارەی ئەوانەی پشتگیرییان لە هەڵمەتەکە کرد و هاوکارانی تا دەهات زیاتر دەبوو. نێودارانی لە نموونەی خاوەن خەڵاتی نۆبل ئۆرهان پاموک، نووسەری کورد یەشار کەمال، هونەرمەند تارکان و سەزەن ئاکسو دەنگی نارەزاییان بەرامبەر بەو پرۆژەیە بڵند کرد . بەڵام دەوڵەت تائێستا پشتڕاستە کە پرۆژەکەی تەواو دەکات . ئیچلمان زۆر بڕوا بە قسەکانی حکومەتی تورکیا ناکات و دەڵێ بڕیاری وڵات و بانکەکانی ئەورووپا "شەقە زللەیەکی بێ هاوتایە" بە رووی حکومەتی تورکیا و ئەوانەی پشتگیری لە پلانەکانی دەکەن. چونکە ئەوە یەکەمین جارە لەسەر ئاستی جیهان مۆرێکی خراپ بە پرۆژەیەکی گەورەوە دەنرێت.

هەرچەندە باری تورکیا زۆر گران بووە،کەچی هەر باسی بەردەوامبوونی پرۆژەکەی دەکات. بەڵام ئولریچ ئیچلمان Ulrich Eichelmann تورکیا نە ئەو توانە ئابوورییەی هەیە و "نە شارەزاییەکەشی بەشی پرۆژەیەکی هێندە مەزن دەکات". لەم رۆژانەی دواییدا ناوی وڵاتانی وەک چین و رووسیا باسکران. بەڵام ئیچلمان گوتی باوەڕ ناکات:"کەسانێک کە لە ئێستا بە دواوە بیانەوێ کار لە پرۆژەی ئیلیسودا بکەن، دەبێ بزانن کە ئەوە پرۆژەیەکی زۆر چەپەڵە، پرۆژەیەکە کە وڵاتانی پێشکەوتوو لە خۆیان ناوەشێننەوە کاری تێدا بکەن". خۆکێشانەوەی وڵاتانی ئەورووپا لە پرۆژەکە وادەکات بە هەلومەرجی سەخت بەڕێوە بچێت. ئیچلمان دەڵێ:"لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار ئاشکرا بوو کە بەشداری ئەورووپاییەکان لە پرۆژەکەدا بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان نییە، لەبەر ئەوەی تورکیا نە دەتوانێ و نە دەیەوێ ئەو پێوانانە پێکبێنێ". ئەو چالاکڤانە ئەڵمانە روونیدەکاتەوە کە"تورکیا چەندین ساڵی دەوێ تا تێبگات هەندێ پێوەری نێودەوڵەتی هەن کە دەبێ رەچاویان بکات".

بە راگەیاندنی بڕیاری دەوڵەتانی ئەورووپا، خەڵکی حەسەنکیف و دەوروبەری کەمێک ئارامیان بۆ گەڕایەوە، بەڵام هێشتا سەرکەوتنی دوایيان بەدەست نەهێناوە . تۆماس وینیدۆپلیر Thomas Wenidoppler لە رێکخراوی ECA Watcی نەمسایی، کە یەکێکە لە گەورەترین رێکخراوەکانی کۆمپانیای"ستۆپ ئیلیسو"ی نێونەتەوەیی، دەڵێ "هیچ کاتێک دەرفەتەکە وەک ئێستا باش نەبووە، کە ئیلیسو بەڕاستی رابگیرێ. ئێمە درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین و هەموو شتێک دەکەین بۆ ئەوەی لە تورکیا رێ لەو پرۆژەیە بگرین و ناوچەی حەسەنکیف بکەینە کەلەپوورێکی جیهانیی سەر بە یونسکۆ".

جەنگە نوێیەکان قوربانیان زۆرترە یان کەمترە؟

# لەسەدەی بیستەم دا 231 ملیۆن کەس کوژران

**رووداو- AFP**

هەرچەندە هاوڕاییەک هەیە کە جەنگ شتێکی نەگریسە، بەڵام لەنێوان لێکۆڵەرانی سەر بەدەزگاکانی ئاشتی لە جیهاندا ناکۆکییەک هەیە لەبارەی ئەوەی ئاخۆ جەنگەکانی ئێستا کەمتر یان زیاتر لەجاران قوربانیی دەوێ.

وێڕای ئەو شەڕانەی لەم 10 ساڵەی دواییدا لە عێراق، ئەفغانستان، دارفۆر، کۆنگۆ و فەلەستین روویاندا، بۆ کەسێک کە چاودێریی هەواڵەکان دەکات ئەستەمە باوەڕبکات کە ئەو کوشتارەی لە جەنگەکانی سەردەمی نوێ دەکەونەوە، لەچاو جاران کەمترە.

لێکۆڵەرانی پەیمانگەی توێژینەوەکانی ئاشتیی جیهان PRIO لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج بە هاوکاریی زانکۆی ئۆپسالا لە سوێد دەڵێن: لەوەتای یەکێتیی سۆڤیەت هەرەسی هێناوە و شەڕی سارد لە 1989دا کۆتایی هاتووە، جەنگەکان وێڕای کارەسات وماڵوێرانی، بەڵام بوونەتە مایەی ژمارەیەکی کەمتر لە کوژران بە بەراورد لەگەڵ جەنگەکانی سەردەمی شەڕی سارد.



ئەوان لەو لێکۆڵینەوەیەدا پشتیان بە پسپۆڕانی دیمۆگرافیا و مێژوونووسان و پسپۆڕانی نەخۆشییە کوشندەکان بەستووە، خشتە و داتاکانیان بەژمارەو ئاماری دەزگاکانی میدیا و حکومەتەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان پشتڕاست کردووەتەوە. لێکۆڵەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە لەساڵانی نێوان- 1946 2002دا نزیکەی 10 ملیۆن کەس لە مەیدانی جەنگدا کوژراون.

بەڵام د.زیاد ئۆبەرمیار کە سەرۆکی تیمێکی سەر بە کۆلیژی پزیشکییە لە زانکۆی هارڤارد، پێیوایە ئەو ژمارەیە زۆر کەم و ناواقیعییە. د.زیاد لەگەڵ هاوکارانی لە زانکۆی واشنتن و پەیمانگەی داتای تەندروستی و هەڵسەنگاندن کار دەکات کە لەلایەن دەزگای گیتسەوە پشتیوانیی دارایی لێدەکرێت.

تیمی ئۆبەرمیار ژمارەکانی پەیمانگەی توێژینەوەکانی ئاشتی جیهانی لەگەڵ ئامارێکی تەندروستیی جیهانی بەراورد دەکات کە لەگەڵ خەڵکی 13 وڵاتدا کراوە لەوانەی شەڕیان دیوەو دەڵێت نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو پرسیارەی لە خێزانەکان کردووە کە ئایا چەند کەس لە خزمانتان لە شەڕەکانی نێوان- 1955 2002دا گیانیان لەدەستداوە؟ بۆیان دەرکەوت کە ژمارەی راستەقینەی قوربانییەکان لە نیو سەدەدا بەلای کەمەوە سێ هێندەی ئەو ژمارەیەیە کە پەیمانگەی توێژینەوەکانی ئاشتیی جیهانی پێی گەیشتووە.

دەکرێ بەشێوازێکی دیکە ئاماری کوژراوان بکرێت، کە وادەکات ژمارەکە زۆر زیاتر بێت. ئەگەر بەرەنجامەکانی جەنگ رەچاو بکەین وەک برسێتی و خێوەتگەی مەرگ لە پاڵ کوژراوانی مەیدانی شەڕ و قوربانیانی جینۆساید، تێکڕای ژمارەکە بۆ 41 ملیۆن بەرز دەبێتەوە، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە کوژراون. ئەوە بە گوێرەی قسەی لمیلتۆن لیتینبێرگ کە لە کۆلیژی توێژینەوەی ئەمنی و جیهانی لە زانکۆی میریلاند توێژەرە.

ئەگەر تێکڕای قوربانییەکانی شەڕیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بژمێرین، ژمارەکە بە گوێرەی لیتینبێرگ دەگاتە 231 ملیۆن کەس.

لیتینبێرگ دەڵێ بە گوێرەی ئامارێک کە ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و دەزگاکانی مافی مرۆڤ ئامادەیان کردووە، ژمارەکانی ئەو پتر جێی متمانەن .لەگەڵ ئەوەشدا دانی پێدادەنێت کە ئەو ژمارانە لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە دەستکاری دەکرێن. هەروەها دەڵێ ژمارەی راستەقینە رەنگە 20 ملیۆن لە تێکڕای ژمارەکەی ئەو زیاتر یان کەمتر بێت.

ئەوەی لیتینبێرگ رەتیدەکاتەوە ئەوەیە کە تەنیا پشت بە داتاکانی حکومەت یان ئەو ئامارانەی قوربانیان ببەسترێ کە لە یەک لایەنەوە رادەگەیێنرێن، کە رەنگە 70 ملیۆن قوربانی کەم بکاتەوە کە قوربانی لە سێدارەدان و سەرکوت و برسێتیی سەردەمی دەسەڵاتی ستالین و برسێتیی ئۆکرانیان، کە بە شێوەیەکی سیاسی بەرنامەڕێژیی بۆ کرا، هەروەها ئەو شاڵاوی جینۆسایدەی هیتلەر دژی جوولەکەکان بەڕێوەی برد، هەروەها"پرۆژەی قەڵەمبازی گەورە بەرەو پێشەوە" لەسەردەمی ماوتسی تۆنگ لەساڵانی نێوان 1959 و 1961.

### ئاماری کوژراوانی شەڕ

ئەندرۆ ماک پسپۆڕی پێشووی نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئێستا بەڕێوەبەری پرۆژەی بڕیاردانی ئاسایشی مرۆییە لە زانکۆی سیمۆن فریزی کەنەدا، پشت بە چەند ژمارەیەک دەبەستێت کە هی مەیدانی جەنگن لەماوەی نێوان 1946 و 2007 و بە 10،095،152 کەس دەیانخەمڵێنێ. ئەو ژمارانە بەکاردەهێنێ کە هی پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتیی جیهانن لە ماوەی نێوان 1946 و 2001، ئەو ژمارانە کە لە زانکۆی ئۆپسالا لە ماوەی نێوان 2002 و 2007 کۆکراونەتەوە.

ئەندرۆ ماک پشتیوانی لە بیرۆکەی لیتینبێرگ دەکات کە دەڵێ پێویستە کار بۆ ژماردنی تێکڕای قوربانیانی شەڕەکان، بەڵام گوتیشی "لە وڵاتانی هەژاردا زۆر جار ئامارەکان جێی متمانە نین و زۆرجار کۆنن و بۆ بەکارهێنان دەست نادەن". ژمارەی مردووانیش یەکجار دەگمەنە، لیتینبێرگیش رەچاوی ناکات. بۆیە ژمارەکانی ئەو زۆر جار تەنیا حاڵەتی مەرگ لە مەیدانی شەڕدا رەچاو دەکەن، هەندێ جاریش مەزەندەی حاڵەتەکانی مردنی ناڕاستەخۆشیان دەخرێتە سەر.



# لوبنانییەکان بۆ هاوسەرگیری ئێکسپرێس دەچنە قوبرس



**رووداو- AFP**

لەبەرئەوەی لوبنان هاوسەرگیریی مەدەنی قبووڵ ناکات، ئێستا ئاژانسەکانی گەشتوگوزار بۆ ئەوانەی پەلەیانە، پێشنیازی گەشتێکی خێرادەکەن بەرەو دوورگەی ئەفرۆدێت لە قوبرس، لەوێ مارەکردن هێندەی چاوتروکانێکە.

گینادی راجی کە بەڕێوەبەری یەک لەو ئاژانسانەیە، دەڵێ "موشتەرییەکانمان بەیانییەکەی لەلوبنان دەردەچن و ئێوارە کە دێنەوە ئەڵقەی هاوسەرگیرییان لە پەنجەدایە".

گینادی دەڵێ تێکڕای کارەکان لە ئەلفەوە تا یا بۆ هاوسەران تەواو دەکەین. ئەوان خەم لە هیچ ناخۆن، هەر هێندەیان لەسەرە لەبەردەم فەرمانبەرەکەی شارەوانیدا کە لە یەکدییان مارە دەکات، بڵێن بەڵێ. ئەوە ماوەی سێ ساڵە، ئەو ئاژانسانە ئەو کارئاسانییە دەکەن و مامەڵەی ئیداری لە کۆڵ هاوسەران دەکەنەوە. لە لوبنان تەنیا هاوسەرگیریی ئاینیی قبووڵە ئەویش بەگوێرەی یاسای باری کەسیی هەریەک لە تایفەکان.

بەڕێوەبەری ئەو ئاژانسە دەڵێت تائێستا نزیکەی 600 ژن و پیاو بەو شێوەیە هاوسەرگیرییان کردووە.

مەرجەعە ئاینییەکانی لوبنان بەتێکڕا دژی دەرکردنی یاسایەکی مەدەنین بۆ رێکخستنی باری کەسێتی و تائێستا چالاکڤانانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرباری هەوڵە زۆرەکانیان نەیانتوانیوە ئەو رایە بگۆڕن. بۆیە ئەو لوبنانیانەی حەز لە هاوسەرگیریی ئاینی ناکەن، بە زۆری روودەکەنە قوبرس کە تەنیا 30 خولەک بە فڕۆکە لەلوبنانەوە دوورە.

راجی دەڵێ کڕیارەکانمان بەگشتی یان تەڵاقکەوتەن و دەیانەوێ بۆ جارێکی دی هاوسەرگیری بکەن، کە بە گوێرەی رێساکانی تایفەکانیان بۆیان ناکرێت، یاخود لوبنانی سەر بە تایفەی جۆربەجۆرن، یان لوبنانین و دەیانەوێ لەگەڵ بیانیدا هاوسەرگیری بکەن.

زۆر کەسیش بەهۆی باوەڕیان بە عەلمانیەت و یاسای مەدەنی، یان بەهۆی ئەوەی ئایین رەتدەکەنەوە، روو لەهاوسەرگیریی مەدەنی دەکەن، بە ئەنجامدانی لە دەرەوەی لوبنان.



رامیار مەحمود - کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

# کەرکووک
# رۆشتن بە پێچەوانەی خەونەوە

پەیوەندی مرۆڤ بە جیۆگرافیاوە لە گۆڕاندایە، لێرەدا مەبەست لەوە نییە دەشێت لەساتەوەختێکدا جیۆگرافی گرنگ نەبێت و قابیلی فەرامۆشکردن بێت و بە دوای جێگرەوەیەکی دیکەدا بگەڕێین، بەڵکو ئەوەی لە گۆڕاندایە ماناکردنەکانی ئێمەیە بۆ جیۆگرافی و چۆنێتی ئەو پەیوەندییەیە کە ئێمە لە گەڵ جیۆگرافیدا دەیبەستین. خاک سەنتەرو بزوێنەری بیرکردنەوەی زیاتر لەسەدساڵی ئێمەیە چونکە خاک شوێنێکە لە ناویدا دەژین و لە پەیوەندییەکی قوڵی خاوەندارێتیدابین لە گەڵیدا، بەهۆی خاکەوە دەتوانین بمێنینەوەو سەرچاوەی ژیان و بژێوی دابین بکەین. ناسیونالیزم دیارترین رێبازی سیاسی وئایدیۆلۆجییە کە بانگەشەی خاک دەکات. ناسیونالیزم خۆمانیڤێستکردنی ئایدیۆلۆجی و دامەزراندنێکی سیاسییە لە سنوورێکی جیۆگرافی دیاریکراودا. ناسیونالیزم سیستەمی ماناکردنە لە نێوان مرۆڤ و خاکەکەیدا، بەڵام ناسیونالیزم چییەو چی دەکات؟ ناسیونالیزم نەخشە دروست دەکات، ئەم نەخشەیە ئەو هێڵە نادیارە پیشاندەدات کە وڵاتێک لە وڵاتێکی دیکە جیا دەکاتەوە. ئەمە سنووری سیاسی دانیشتوانی سەر رووبەرێکی جیۆگرافییە.

کورد لە ناخەوە هەڵگری ئەم بانگەوازەیە، دەیەوێت لە رووی سیاسییەوە خۆی لەسەر خاکەکەی دامەزرێنێت. داگیرکردن بێبەریکردنی مرۆڤی دیکەیە لە وڵاتی خۆی. زۆر کەس لەو بروایەدان داواکردنی خاک هیچ بایەخ و جەدوایەکی نییە. بەڵام کەس بە حوکمڕانیکردنی بێگانە رازی نابێت ئەگەر ئەو بێگانەیە نازیزم بێت یان بەعسیزم یان تەنانەت دەوڵەتێکی دەستوری دیموکراسی، چونکە تۆ لەوێدا دەبێ دەست لە مافە کولتوری و سیاسییەکانی خۆت هەڵبگریت، بۆ دەبێ بشێت خەڵکێکی دیکە لە شوێنێکی دیکەوە بێن حوکمڕانی بەسەر تۆدا بکەن تۆ خۆت مافی حوکمڕانیکردنی خۆت نەبێت. ئەگەر مرۆڤ جارێک سەربەخۆیی تاقیبکاتەوە هیچ هێزێک ناتوانێت بیگەڕێنێتەوە بۆ بندەستی. مرۆڤ کە جارێک ئازادی تاقیکردەوە هەرگیز ناتوانرێت کۆیلە بکرێتەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئێمە گەیشتووینەتە کوێ. ئێمە ئەوە دەزانین ئەوەی دروستی دەکەین دەوڵەت نییە، بەڵام داخوازی خاکە. ئەم داخوازییە گەیشتووەتە قۆناخێکی باش، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆری ئەم خاکە لە باشووری کوردستان پێیدەوترێت ناوچە جێناکۆکەکان و یاخود ناوچە دابڕاوەکان. زۆر کەس رەنگە هیوا بڕاو بووبێت بە گەڕانەوەی ئەم ناوچانە چونکە خەملاندنەکانیان زۆر ئاسانترە لە چاو ئاڵۆزییەکانی گەڕاندنەوەی کەرکووک. خەڵکانێک سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکان تاوانبار دەکەن کە تا ئێستا نەیانتوانیوە کەرکوک بگێڕنەوە، پێیانوایە چەندین هەلی گەڕانەوە لە دەست دراوە، بەڵام پێمان ناڵێن ئەو هەلانە چین (بەلایەنی کەمەوە بۆ من کە دەمەوێت لە کێشەکە تێبگەم). بەڵام هیچ چارەسەرێکی گرنگتر نییە لە چارەسەری دەستووری و دیموکراسی. ئەم چارەسەرە بە خاوی دەڕوات و درێژخایەنە، بەڵام ئەم چارەسەرە شوناسی ئێمەو شوناسی بەرامبەرەکەشمان دەگۆڕێت. یەکێک لە کێشە گەورەکانی کەرکووک ئەوەیە ئێمە دیمەنێکی ئیتنۆجیۆگرافیمان هەیە و گوتارە ناسیونالیستییەکەشمان بناخە و شکڵێکی ئیتۆجیۆگرافی هەیە. دەگەڕێمەوە سەر ئەم گرفتە. بەڵام ئەوە راست نییە کە هەمیشە ناسیونالیزم رەهەندێکی ئیتنی هەبێت، دەشێت ئەمە دۆخێک بێت لە دۆخەکانی ناسیونالیزم، بەڵام ناسیونالیزم دۆخی جیا جیای هەیە دەبێت بزانین ناسیونالیزمی ئیتنیکی واتە ئەو مەیلە ناسیونالستییەی بناخە و وێنەیەکی ئیتنی سەنترالیزە دەکات گرفتی گەورە دروست دەکات بۆ ئێمە. ئەمە دوو ترس دروست دەکات، ترسی ئەو نەتەوە جیاوازانەی لە گەڵمانن، لەوەی ئێمە لە ناو خۆماندا بیانتوێنینەوە لە رووی رەمزییەوە وەک گرووپی پلە دوو دەربکەون. دووەم ساخکردنەوەی ترسی ئەوانەی لە گەڵیان وتوێژ دەکەین لە دەوڵەتی عێراق بەو لایەنانەشەوە کە کاریگەرییان لەسەر پرسی کەرکوک هەیە وەک وڵاتانی ئیقلیمی یان ئەمریکا و ئەوروپا، هەموویان بە دڵەڕاوکێوە سەیری داواکردنی خاک دەکەن لای کورد وەک بەشێک لە ئەجێندەی جیابوونەوە وپارچە پارچەکردنی عێراق، بەڵام مەسەلەیەکی گرنگ هەیە دەبێت بە قوڵی لەسەری رابوەستین و کاری لەسەر بکەین ئەویش ئەو جیاکارییەیە کە ئەیڤری کۆلێرز لە کتێبەکەیدا (Land، Conflict، and Justice_Cambrige University Press 2009) دەیکات کە داواکردنی خاک مەرج نییە بچێتە چوارچێوەی جیابوونەوەو وەک هاوواتای جیابوونەوە سەیر بکرێت. دەگەڕێمەوە سەر کەرکووک و بابەتەکە.



ڤلادیمێر فان ڤیلخنبێرخ
wanwilgenburg@gmail.com

# دیسکۆ لە کوردستان بکەنەوە

قسە لەگەڵ هەر گەنجێکی کورد دەکەم، تەنیا یەک وشەی لە مێشکدایە: ئەوروپا. بەپێی قسەی هاوکارێکی کوردم، ئەمەش تەنیا لەبەر یەک هۆکارە: ئەوان دەیانەوێت ئاهەنگ بگێڕن و پێوەندی خۆشەویستیان هەبێت و هەموو ئەو شتانە بکەن کە "ئێمە" لە ئەوروپا هەمانە. رەنگە پێوەندیشی بە ئاست و دەرفەتی کارکردن و پەروەردەی ئەوروپاشەوە هەبێت، هەروەها لەبەرئەوە بێت وا تێگەیشتبن ئەوروپا بەهەشتی سەر زەمینە.

کاتێک قسەم لەگەڵ سەلاحەدین بەهادین ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کرد، هەرێمی کوردستانم لەگەڵ تورکیادا بەراورد کرد. لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسلامی تورکی، ژمارەیەکی زۆر مزگەوتی لێیە و لەلایەکی دیکەشەوە زۆر دیسکۆی تێدایە. سەرۆکی یەکگرتوو رایگەیاند کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ یانەی شەوان نییە، بەومەرجەی ئەو کەسانەی سەرخۆشن هێرش نەکەنە سەر کەس و کێشە دروست نەکەن. رەنگە مۆدێلی تورکیا زۆر باش بێت بۆ کوردستان و بازاڕێکی جلوبەرگیش لە هەولێر هەیە بەناوی بازاڕی ئیستەنبول.

لیستە رکابەرەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بەرنامەیەکی وردی هەڵبژاردنیان نییە، بەتایبەتی لەسەر کێشەی گەنجی کورد. بۆ ئەوەی گەنجی کورد زیاتر دڵخۆش بکەن و رێگەشیان لێبگرن بۆ چوونیان بۆ ئەوروپا، پێویستە دەسەڵاتی کوردی زیاتر گوێ لە "کێشەکانیان" بگرێت. زۆربەیان رەخنەی ئەوە دەگرن کە هیچ نییە لە کوردستان سەرقاڵیان بکات، روون و ئاشکراشە کێشەکەیان بە کردنەوەی پارکی بۆڵین و رێستۆرنت کە کچی چینی لێیە، چارەسەر نابێت.

لە ئەوروپا یانەی شەوانی تورکی و ئێرانی هەیە و لە سوێدیش دیسکۆیەکی کوردی هەیە بەناوی (ئەڤین). ئەو دیسکۆیە تێکەڵەی کولتووری کوردی و میوزیکی رۆژئاواییە. کوردەکان لە هەموو پارچەکانی ئەوروپاوە سەردانی ئەو دیسکۆیەیان کردووە بۆ بینینی ئەو تێکەڵە کولتورییە بیانییە.

ئەڤین بە مانای خۆشەویستی و جوانی دێت و ئەم یانەیەش "ئاوازە جوانەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان" لەگەڵ میوزیکی دیسکۆ و هیپ-هۆپ و ئاڕ ئاند بی تێکەڵاو کردووە.

چەند گرووپێکی کوردی، چالاکی لەو یانەیەدا ئەنجامدەدەن وەکو وێنەگران، نەخشەکێشی فاشۆن و دیجەی کوردیش. دیجەیەکی کورد بە ناوی روجەم میوزیکی کوردی کرمانجی و هیپ-هۆپ لێدەدات و دیجەی سایەش میوزیکی کوردی سۆرانی و ئاڕ ئاند بی لێدەدات. هەروەها لەساڵی 2008 خاوەنی یانەکە بانگهێشت کرا بۆ رێورەسمێکی حکوومەتی کوردی لە سوێد کە تایبەت بوو بە خەڵاتکردنی ئەو کوردانەی دەستکەوتیان هەبووە لە سوێد و هەروەها رێزلێنان لەو کەسانەی هاوڕێی کورد بوون.

رەنگە بیرۆکەیەکی باش بێت بۆ حکومەتی نوێی کوردی کە لە دوای هەڵبژاردنەکان پێوەندی بە یانەی ئەڤینەوە بکات بۆ ئەوەی شتێکی نوێ لە کوردستان بۆ گەنجی کوردی دابنێت. رەنگە ئەمەش هەنگاوێکی بچووک بێت بۆ ئەوەی گەنجی کورد هەست بە خۆشیی کوردستان بکات، بەڵام رەنگە ئەوەش بەس نەبێت.



مستەفا شەفیق - ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

# کێبرکێی گۆڕاندن یان خولانەوە لە بازنەکان دا

ئەمڕۆ کوردستان شاهیدی رووداوێکی زۆر گرنگە، ئەزموونی دەسەڵات، دیموکراسی و بەڕێوەبردنی خۆسەری کورد قۆناخێکی زۆر گرنگ دەبڕێت. خەونێکی زۆر خۆش هاتووەتە دی کاتێک دەبینین هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا کێبرکێی دەسەڵات دەکەن، بەتایبەتی لە ژینگەیەکی زۆر دوور لە دیموکراسی وەکو خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و لە کوردستانێک کە بەدرێژایی مێژوو لە دیموکراسی بێ بەشکراوە، بۆیەش هەنگاونان بۆ دیموکراسی بەنیسبەت کوردەوە بایەخێکی لە رادەبەدەری هەیە. بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کێبرکێیەکی بە نێوەرۆک بێ.

وەک لە رابردووی بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا بینیمان بەرزکردنەوەی هەندێک ئامانجی خەیالی و دروشمی نا بابەتیانە نابنە نموونەی پێشکەوتووخوازی و دیموکراسی، هەروەک چۆن خۆسپاردنە رابردووش راستی و توانایی هێزێکی سیاسی بۆ داهاتوو دەرناخات. وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی جیهان بۆ کوردستانیش زۆر گرنگە هێزە سیاسییەکانی بتوانن پردێکی راست لە نێوان رابردوو داهاتوو دروستبکەن.

هەموو کەس دەزانێ رابردووی کورد زیاتری تاڵی و نەهامەتییە، ئەگەر بەشێکی ئەم نەهامەتیانە بۆ داگیرکەری بگەڕێنینەوە ئەوا بەشێکی زۆریان بۆ خودی هێزە کوردییەکان دەگەڕێتەوە کە هەر هێزێک بە ئەندازەیەک رۆڵی لە رووداوە نەخوازراوەکاندا هەیە، ئەگەر شانازی بە چاکەیکیان بکەین هەر لایەنێک بەشی ئەوەش خراپی هەیە کە رەخنە لە خۆی بگرێت و رەخنە قبووڵ بکات. خۆ ئەگەر نیاز وابێت هەموو کەسێک بەپێی رابردوو جێی پێبدرێت ئەوا لەلایەک ناکرێت هەر حیساب بۆ لایەنی ئەرێنیمان بکەین و نەرێنییەکان لەبیر بکەین، لەولاشەوە دەبێ هیچ کاتێک هێزی نوێ لەم وڵاتەدا پەیدا نەبن، چونکە رابردوویان نییەو کورد دەبێ هەردەم بەهێزی رابردوو بژیت، کە ئەمەیان بۆ کۆمەڵێکی پێشکەوتووخواز خاڵێک نییە قبووڵ بکرێت.

بەڵام کە لە ململانێی هەڵبژاردنەکان ورد دەبینەوە تێدەگەین کە دابڕانێک لەم رووەوە هەیە. هێزە دەسەڵاتدارەکان کە تا ئێستا لەسەر کورسی دەسەڵاتن و ئەگەری زۆریش هەیە تاقۆناخێکی دیکەی داهاتوو هەر لە دەسەڵات بمێننەوە، زیاتر پشتیان داوەتە رابردوو بۆ داهاتوو، هێشتان هزرێکی روون نیشان نادەن بۆ ئایندە. هەرچی هێزەکانی دیکەن کە لە دەسەڵات نین و خۆیان وەکو ئەلتەرناتیفی دەسەڵات نیشاندەدەن، ئەوانیش وەکو ئەوانی یەکەم جیاوازی خۆیان بە مۆدیلێکی نوێی دەسەڵات و جیاوازیەکی روون لە ئامانج و پرۆگرامدا نیشان نادەن، تەنانەت جیاوازیان لە سەر بنەمای رەخنەکردنی رابردووی هێزە دەسەڵاتدارەکان بنیات دەنێن.

کە بە دیدێکی زانستیانە لەم دوو کارکردنە ورد دەبینەوە هەردووکیان لەسەر رابردوو لە کێبرکێ دان و یەکێکیان خۆی لەسەر لایەنە ئەرێنییەکانی رابردووی خەباتی کورد بنیات دەنێت و تەوەری سەرەکی پرۆپاگەندەی پێکدێنێت، لایەنی دووەم بەهەمان شێوە رای خۆی لەسەر رەخنەگرتن لە رابردووی چەوتی ئەوانیتر بنیات دەنێت، بەوشێوەیە ئەویش ناتوانێت ببێتە خاوەنی دیدێکی راستەقینە بۆ داهاتوو. چەوتییەکانی رابردووی هێزێکی سیاسی بەس نین کە بڵێین ئێمە راستین. پێوەری راستی و دروستی ئێمە ناکرێت چەوتی ئەوانیتر بێت.

رەوشی ئەمڕۆی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێک کە گۆڕانی چۆنایەتی دەسەپێنن بەتایبەتی لەڕووی سیستەمی دەسەڵات و پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی لە سیستەمەکەدا هەن. ئەمەش واتە بوونە خاوەن روانین و فەلسەفەیەکی راستی سیستەمی دەسەڵات کە بۆ ئەمڕۆی کوردستان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. کێبرکێی نێوان هێزەکان لەم رووەوە پێشکەوتنی گرنگ دروست دەکات و تەکانێکی گرنگ بە کاروانی دیموکراسی کوردستان دەدات. بەدەر لەمە خۆحەشاردان لە رابردوو و نەبوونی بۆچوونێکی راست بۆ داهاتوو، نە دەسەڵات پێشدەخات و نە نموونەیەکی بەرهەڵستکاری باش دەهێنێتە بەرهەم. کێبرکێش دەگۆڕێت لە ململانێیەکی دیموکراسیانەی کە خزمەت بە پێشکەوتن بکات بۆ کێشمەکێشێکی سیاسی نەزۆک و بەهەردووکیان کۆمەڵ بەرەو بنبەستی زیاتر دەبەن. نموونەی زۆری واش لە مێژوودا دەبینین کاتێک بەرهەڵستکار دەبێتە کۆپی دەسەڵات، ناتوانێت لە جیهانی ئەو دوور بکەوێتەوە، ئەوکات بەئەندازەی دەسەڵات کۆمەڵ ماندوو دەکات و ناتوانێت پێشکەوتن بخولقێنێت.



مایکڵ ئۆهانلن*

# پێشنیازێک لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و کوردستان

بەشێوەیەکی گشتی، عێراق لە دۆخێکی باشدایە. هێزەکانی ئەمریکا لە 30ی مانگی رابردوو لە سەنتەری شارەکان کشانەوە هەروەکو لە رێککەوتننامەکەی نێوان عێراق و ئەمریکادا هاتبوو، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت، هێشتا عێراق لە ئاشتییەکی نیمچە شەڕاویدا ماوەتەوە، بەڵام زیانی گیانی خەڵکی سیڤیل بە بەراورد لەگەڵ پێش زیادکردنی ژمارەی سەربازانی ئەمریکی بەرێژەی 90% دابەزیوەو بەگشتیش عێراق لە زۆر وڵاتی دیکەی وەکو مەکسیک، کۆلۆمبیا، ئەفریقیای باشوور و رووسیا، ئارامترە.

بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت، بارودۆخەکە هێشتا ناسکە و هەروەکو کێن پۆڵاک توێژەری سیاسی لە پەیمانگەی بڕوکینسی ئەمریکیش دووپاتی دەکاتەوە، ئێستا هەموو شتەکان پابەندن بە سیاسەتەوە و ئەو سیاسەتانەش هەمووی ئاڵۆز و پارچە پارچەکراون.

گەورەترین نیگەرانی باکووری عێراقە. ئەمە کێشە گشتییەکەی سوننە و شیعە نییە کە لەوەوپێش لە عێراق هەبوو، بەڵکو کێشەی کورد و عەرەبە، کە بەرژەوەندی یەک ملیۆن تورکمانیشی تێکەڵاو بووە.

دۆخەکە بەم شێوەیە. کورد کە لە کۆی 25 ملیۆن عێراقی، 4 ملیۆن پێکدێنن و لە هەرێمی کوردستان خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن، لە گەردەولوولی بیابانی ساڵی 1991وە بە ئۆتۆنۆمی ژیاون و ئەو ناسنامەیەشیان لە ساڵی 2005 لەلایەن دەستووری عێراقییەوە سیستەماتیک بووە. ئەوان بڕێکی یەکسانیان بەردەکەوێت لە داهاتە نیشتمانییەکان و هێزێکی تایبەتی خۆیان هەیە بەنێوی پێشمەرگە، نوێنەرایەتی سیستەمێکی بچووکی دیموکراتی دەکەن لەچوارچێوەی ئەو وڵاتەدا.

ئەمەش مۆدێلێکی کارپێکراوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە، کورد داوای خاکی 15 پارێزگاکەی دیکە دەکەن کە بخرێتە سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، کە ئەو ناوچەیەش شاری مێژوویی کەرکووک و کێڵگە نەوتییەکانی دەووروبەری دەگرێتەوە، هەروەها ناوچەکانی دیکەش کە کەوتوونەتە باشووری هەرێمی کوردستانەوە. بەپێی یاسا لە ماددەی 140ی دەستووری عێراقدا، رێگەیان پێدراوە ریفراندۆمێک ئەنجام بدەن بۆ کێشانەوەی "هێڵە سەوزەکان" کە سنووری کوردستان لە عێراق جیا دەکاتەوە و ئەو ریفراندۆمە بڕیاربوو لە کۆتایی ساڵی 2007دا ئەنجام بدرێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی بە هۆکارێکی هەڵگیرساندنی شەڕ تەماشاکرا، دواخرا.

عەرەبەکان کە لە نووری مالیکییەوە دەست پێدەکات، لەو باوەڕەدا نین دەبێ کورد زیاتر لەو هەرێمەی خۆیانیان بەربکەوێت، بەتایبەتی لەوە کە زۆربەی ئەو ناوچانە ژمارەیەکی زۆر عەرەب و تورکمانیشی تێدایە، هەروەها لەو کاتەی سەدامیش چیدیکە لێرە نییە بۆ چەوساندنەوەی کورد. هەروەها زۆربەی عێراقییەکان دەیانەوێت پەتەوی حکوومەتی مەرکەزی بگەڕێتەوە دوای چەندین ساڵ گەرەلاوژێیی، لەجیاتی پاڵپشتی لەو بیرۆکەی جوداخوازی و پارچە پارچەییە کە هۆکاری سەرەکیی کارەساتەکانی رابردووی ئەو وڵاتە بووە.

نەتەوەیەکگرتووەکان لەم ماوەیەدا راپۆرتێکی لەو بارەیەوە ئامادەکرد، بەڵام هیچ شتێکی چارەسەر نەکرد و تەنیا چەند رێگایەکی دەست نیشان کردووە.

ئەمریکا زیاتر کاری بۆ کات کردووە، بەڵام لەو باوەڕەدام کە ئەوە هەڵەیە و کات هاوپەیمانی ئێمە نییە. هەردوولا لە جێ پێی خۆیان شارەزان. ئێستا مالیکی فەرماندەیی سوپایەکی 300 هەزار سەبازی دەکات و زۆربەی شیعە و سوننەکانی نزیک کردووەتەوە بۆ ئەوەی پاڵپشتی لێ بکەن، لەهەمانکاتدا کورد چاوەڕوان دەکەن ئەو پێوەندییە تایبەتییەیان لەگەڵ واشنتندا، شێوازی سروشتی خاوەندارێتیان بەرامبەر بە شاری کەرکووک و جۆری پێشمەرگە و پەرلەمانەکەیان، بڕیارەکە لە بەرژەوەندی ئەوان کۆتایی بێت. هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە زۆر لەیەکتر نزیک بوونەتەوە، ئەمەش مەترسی دروستبوونی شەڕی لێ دەکەوێتەوە.

جۆ بایدن جێگری سەرۆک بەشێوەیەکی زیرەکانە عێراقییەکانی ئاگادار کردووەتەوە کە چاوەڕێی هاتنی هێزی دیکەی ئەمریکا نەکەن، ئەگەر شەڕ روویدا، هاوڕێ کوردەکان چاوەڕێ نەکەن جارێکی دیکە ئێمە قوتاریان بکەینەوە ئەگەر عێراق رووخا، بەڵام هەر ئەوەندە بەس نییە. تۆم فریدمان داوای کردووە ئەمریکا رۆڵێکی گەورەتری لەم مەسەلەیەدا هەبێت، وەکو دانانی نوێنەرێکی تایبەتی ئەمریکا دەربارەی عێراق. پێموابێت ئەمەش کارێکی بەجێیە.

لەکاتێکدا بۆ وڵاتانی بیانی مەسەلەیەکی هەستیارە چارەسەرەکە دەسنیشان بکەن، بەڵام ئەو ئەلتەرناتیڤەی چاوەڕێ بکەی عێراقییەکان کێشەکانی پێ چارەسەربکەن، سەرکەوتوو نییە، بۆیە من پێشنیازێک دەکەم ئەویش ئەوەیە پێویستە شاری کەرکووک لەژێر چاودێری نێودەڵەتیدا ناسنامەیەکی تایبەتی پێ بدرێت، موسڵیش وەکو بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە. هەروەها پێویستە لیژنەیەکی فرەنەتەوەیی کە لەلایەن راوێژکارانی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە یارمەتی بدرێ، گفتوگۆ بکەن لەسەر "هێڵی سەوزی" نوێ لەنێو ناوچە گوندییەکانی ئەو بەشەی عێراق و روونی بکەنەوە کە بۆچی ئەم سنوورە نوێیەی نێوان عێراق و کوردستان کارێکی دادپەروەرانەیە. پاشان پێویستە ریفراندۆم بەڕێوەبچێت کە هەموو لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان قایل بن لەسەری. ئامانجەکەشی دەبێ بریتی بێت لە بەدەستهێنانی پاڵپشتی خەڵکی و بۆ زیاتر دڵنیاییش باشترە لە ماوەی ساڵی داهاتوودا بێت، لەو کاتەی سوپای ئەمریکا هەر لەوێیەو دڵنیایی دەدەنە بارودۆخەکە.

بەدڵنیاییەوە چەند رێگاچارەیەکی دیکەش رەنگە سەرکەوتوو بن، بەڵام پشتگوێ خستن کە تائێستا ئەوە ستراتیجیمان بووە، چیدی سەرکەوتوو نابێت.

*** مایکڵ ئۆهانلن توێژەر لە پەیمانگەی بروکینس و شارەزا لە بواری بەرگری.**

**لە رۆژنامەی Washington Examinerی ئەمریکییەوە**



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# شەهامەتی هەڵبژاردن

ئەوە ئەمڕۆ ئیتر هەڵمەتی پرۆپاگەندەی هەڵبژاردن وەستا، نزیکەی هیچ بەڵێنێک نەما، لیستەکانی بەشداربووی هەڵبژاردن بە خەڵکی کوردستانی نەدەن. هەروا ملیۆن و ملیارە و لە سەر بودجەی حیزب، بۆ خەڵکی بەشەرەف و خەباتگێڕی ئێرە و ئەوێ سەرف دەکرێ. تۆ لەوە گەڕێ ئەم هەموو ملیۆن و ملیارە سەرچاوەکانیان چییە تا ئێستا لە کوێ بوون، ئاخر ئێستا مۆدێلێکی باوە و حیزبی کوردی، دەوڵەمەندترین دامەزراوەی سیاسی وڵاتە.

لە ئەنجامی قەبووڵنەکردنی یەکەمین ئەنجامی هەڵبژاردن لە کوردستاندا، زۆر نەمابوو شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێ، دواتر بە 50بە 50 پێک رازیبوون، بەڵام دواتریش هەر هەڵگیرسا. ئیدی لەو کاتەوە هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەر لە پەرلەمانەوە تا سەندیکای رۆژنامەنووسان، هەمووی بە چەپڵە لێدان و رێککەوتن بەڕێوە دەچن و کەمترین دیموکراسی و مافی لێک جیاکردنەوەی ئەم کاندید لەو کاندید، لە بەردەم دەنگدەری کورددا نەمایەوە.

لە ماوەی هەژدە ساڵدا ئەمە دووەم جارە لیستی بەشداربووی هەڵبژاردن، با گەورەش بێت، دەستی لە سەر دڵیەتی و لە خەمی ژمارەی دەنگەکانیێتی، زۆرترین هەوڵیش دەدا یەک یەک، ژمارەی دەنگەکانی پتر بکات. راستت دەوێ، لە ماوەی هەڵمەتی پرۆپاگەندەدا، بە تایبەتی لە سلێمانی و دەورووبەری، شێوەیەکی تا رادەیەک ناشارستانی بەدیکرا، ئەگەرچی بە هەموو پێوانەیەک لە شەڕە دۆشکەی نێوان قەڵا و شیراتۆنی هەولێر لە ساڵی 1994دا باشترە، بەڵام بایی ئەوەندەش ترسی لە دڵی هەمووماندا دروستکردووە داخۆ چل و هەشت سەعاتی داهاتوو، چۆن دەگوزەرێ.

ململانێی لیستەکان بۆ گەیشتن بە دەسەڵات نەک هەر ئاساییە، بەڵکو خەونی ئێمەشە، لە کوردستاندا ئیدی دەنگی خەڵک، نەک مێژوو دەسەڵاتدار دیاری بکات. هەر لیستێک زۆرینەی دەنگ بەدەست بێنێت، بێگومان هێندە بەڵێنی قەبەی لە خۆ بارکردووە کە جورئەتی بوێ، مل بداتە بەریان.

هیچی تێدا نییە و لە هەموو شوێنێکیش هەروایە و ئاساییە لە سەروەختی هەڵبژاردندا، ئەو سەرۆکانەی کەس لە خەونیشدا نایانبینێت، هەموو رۆژێ لەم کووچە و لەو کۆڵان بسووڕێنەوە، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە، دوای هەڵبژاردن و، تا هەڵبژاردنێکی دیکە، بە هەمان شێوە لە پشت دیوارە بەرزەکانەوە خۆیان حەشار بدەنەوە. زۆر باوە حیزبی بەشداربووی هەڵبژاردن، بەڵێنی قەبە و هەندێ جار لە توانای خۆی گەورەتر بدات، هەموو هەڵبژاردنێک، لە هەموو شوێنێک ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام کەم حیزب هەیە چەرمی رووی هێندە ئەستوور بێت، سەرجەم بەڵێنەکانی، رۆژێک پاش دەنگدان لە بیر بکات.

بەڵێن بردنە سەر شەهامەتە، هەژدە ساڵە سەنگی حیزبی کوردی، لە ناو خەڵکدا روو لە لێژییە. گوێمان لە هەموو بەڵێنەکانتان گرت، ئێستا ئیدی چاوەڕێ دەکەین بزانین کێهانتان شەهامەتی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەیە و کێهانتان هێشتا قسەی بەتاڵ دەفرۆشن.



نوورەدین وەیسی
nuradinwaisi@rudaw.net

# کوردستان دوای 7/25

بەدڵنیاییەوە هەرێمی کوردستانی دوای 7/25 هەمان کوردستانی دوای هەڵبژاردن نابێت و کەمو زۆر گۆڕانکارییەک لە نەخشەی سیاسیدا دێتە گۆڕێ. ئەگەرچی کوردستان دوای ئەو هەموو ساڵە متبوونە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە و بەبێ ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا ناکرێ بانگەشەی دیموکراسی بکەین. بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا لە بانگەشەکارانی گۆڕانکاریدا بینیمان ئەوەیە کە بەهەمان میتۆدی دەسەڵات دەیانەوێ گۆڕان بکەن و هەڵپەی گەیشتن بە دەسەڵات وای لێکردوون بەهەمان مێکانیزمی پارتی ویەکێتی پەنا بۆ ڕەوت وناوەندە ئاینی و پاشڤەڕۆ وخێڵەکییەکان ببەن. ئەمە جیا لەوەی کاراکتەرە سەرەکییەکانی ڕەوتی بانگەشەکارانی گۆڕان دەموچاوی نوێ نین و هەر ئەوانەن کە پێشتر لە ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی پارتی ویەکێتیدا بوون و لە باشی وخراپییەکانی ئەو دوو هێزە بێبەش نین.

بەجیا لە گرینگی و پێویستی گۆڕانکاری، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هیچ پاڵنەرێکی ڕاستەقینەی گۆڕانکاری لەپشتی دەنگدان بە ڕەوتێکی ئاوادا نییەو وردبوونەوە لە قسەو داواکاری لایەنگرانی گۆڕان پێمان دەڵێت هێندەی تۆڵەکردنەوە لە دەسەڵات و هەردوو پارتە سەرەکییەکە لە هزریاندا ئامادەیە، هێندە هێنانەدی گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە پاڵنەری دەنگدەرانی ئەو لیستە نییە .بۆیە دەبیبنین ئەوانەی پشتیوانی خۆیان بۆ لیستی گۆڕان لە میدیاکانی ئەو لایەنە نیشان دەدەن، پاساویان تەنها ئەوەیە " تا ئێستا هیچم بۆ نەکراوە، مووچەو کارم نییە، تا ئێستا ئاوڕیان لێنەداومەتەوە و...هتد". بەهەمان شێوە ئەوانەی دەنگ بە لیستی کوردستانییش دەدەن زیاتر پەرچەکردارە و مەبەستیان ئەوەیە بەهەرنرخێک بێت لیستی گۆڕان شکست بێنێ، هەربۆیەش بەشێک لە لایەنگرانی پارتی و یەکێتی کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا ئامادە نەبوون بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا بکەن، ئەمجارە "لەداخی" لیستی گۆڕان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ڕۆژی هەڵبژاردنن.

ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەیبینین سەرەڕای جۆشو خرۆشی خەڵکی کە تا ئێستا کوردستان دۆخێکی وای بەخۆیەوە نەدیتوە، بەڵام فاکتەری سەرەکی لەپشت ئەو حەماسەتەی خەڵک بەرنامەی لیستەکان و خواستی گۆڕانکاری ڕاستەقینە نییە، بەڵکو ڕق وتۆڵەسەندنەوەیە کە ئەمەش ناکرێت بەدیاردەیەکی تەندروست بزانین. بەشی هەرە زۆری لایەنگرانی لیستەکان هەر ناشزانن بەرنامەو کارنامەی لیستەکانیان چییەو باسی چی دەکات. بەڵام هەرچۆنێک بێت هیوادارین لیستەکان خاوەنی بەڵێنی خۆیان بن لەوەی هەڵبژاردنەکە بەشێوەیەکی شارستانی بەڕێوەببەن وهەموو لایەکیش بە ئەنجامەکانی ڕازی بن.

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com



# پێچەوانەی ڕەگەزچێتی چییە؟

## مامۆستا عەلی باپیر لەبێ ڕێزیکردن بەرامبەر ئەی ڕەقیب ناترسێ

با لە بیرمان نەچێ ڕەگەز شتێکە و نەتەوە شتێکی دیکە. کورد لە ڕووی ڕەگەزایەتییەوە ئارییە و لەڕووی نەتەوایەتییەوە کوردە. ئەو کوردەی دژی سامییەکان ـ وەک نموونەـ لەگەڵ فارسەکاندا کاری بۆ پانئاریاچێتی کردبێ، دەشێ پێی بگوترێ (عونسوری) و نەمزانیوە کورد ئەوەی کردبێ تا وشەیەکی بۆ هەبێ، چونکە ڕەگەزچێتی داتاشینە و ڕەگەزپەرستی داهێنراوە و لەلایەن چەپەکانەوە سەپێندراوە و هەندێ لە ئیسلامییەکانیش قۆستوویانەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، شەڕی لەناوبردنی نەتەوەیەک ناوی پاکتاوی ڕەگەزی لەخۆ دەگرێ نەک پاکتاوی نەتەوەیی یان قەومی. ئەم جۆرە شەڕ و کار و ڕەفتار و کردارانە، پێوانەکاری جیاوازیان هەیە و بوونەتە هەویر بەدەستی ئیسلامی و مارکسییەکانەوەو هەرکەسە بەو جۆرە دایدەدرێ و دەیدوورێ، بە بەری خۆی بکا. کە دژایەتی ڕەگەزێکی دیاریکراوی بەرانبەر خۆت بکەی بە ڕەگەزپەرست و فاشی ناو دەبرێی، بەڵام تائێستا زاراوەیەکی دیاریکراو نییە بۆ ئەوانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەدژی بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیان، کار دەکەن. کام زاراوە بۆ کەس و لایەنێک دانێین کە دژی نەتەوەی خۆیان دەوەستنەوە یان بۆ ئەوە دەخەبتن کورد کۆیلەی نەتەوەکانی دیکە بێ؟ دروستکردنەوەی عێراقی رووخاو لەلایەن کوردەوە، دژی بەرژەوەندی نەتەوایەتی کوردە. بەمە بڵێین چی؟ کەرکووکی ماڵی خۆت بخەیە سەر مێزی قومار، چی پێدەگوترێ؟!

ئێمە یاسامان بۆ ئەوە هەیە ئەگەر کێشەمان لەگەڵ یەکێک لەو عارەبانەدا هەبێ کە دێنە کوردستانەوە، سزابدرێین، با خەتای ئەوانیش بێ. ئەوان ئەگەر بێنە کوردستان و وێنەی سەددام حوسێن بەرز بکەنەوە سزا نادرێن، بەڵام ئەگەر خوێنگەرمێکی کورد لە سەر ئەو ڕەفتارە کارێک بکا دڵی ناسکیان بهێشێ، حوکم دەدرێ. لە ڕەشنووسی دەستووردا یاسا بۆ ئەوە هەیە کورد (ڕەگەزپەرست) و فاشی و تیرۆرست نەبێ، بەڵام چ یاسایەکمان نییە پیرۆزییە نەتەوایەتییەکانمان بپارێزێ و ئەوانە سزابدا کە بێ ڕێزییان پێدەکەن. ئیمامی عومەر بە حەجەروئەلئەسوەدی گوت: من دەزانم تۆ بەردی، بەڵام بڵێم چی پێغەمبەرم دی ماچی کردی بۆیە منیش ماچت دەکەم! حەجەروئەلئەسوەد بەردە، بەڵام پیرۆزە. ئەدی بۆ (ئەی ڕەقیب)ی سروودی نەتەوەیی کە بەرد نییە پیرۆز نەبێ؟!

مامۆستا عەلی باپیر، بۆ ئەوەی دەنگی زۆر لە هەڵبژاردندا بەدەست بێنێ، بێمنەتانە دەڵێ ئەگەر ئەم جارەش بچمەوە پەرلەمان، بۆ ئەی ڕەقیب هەڵناستمە سەرپێ. ئەگەر یاسایەکمان بۆ پاراستنی پیرۆزییە نەتەوەییەکانمان هەبووایە، وەک لە دژی نەتەوایەتی هەمانە، دەبوو ئەو مامۆستا بەرێزەی بێ ڕێزی بە (ئەی ڕەقیب) دەکا، سزا بدرێ. بەڵام یاسامان بۆ ڕێزلێنانی خۆمان نییە، بۆیە جێی خۆیەتی عەلی باپیر لە سزا بێمنەت بێ. سەیر لەوەدایە کە دەیەوێ لەو ڕێگایەوە دەنگ بێنێ! ئەو دەنگانە کامانەن بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن؟! کەسێک لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا قسەی وا بکا، کێ هەیە دەنگی بداتێ؟!

مامۆستا عەلی باپیر ئیسلامییە، کەچی لەگەڵ دوو حیزبی چەپڕەودا کە بنەمایان ماددییە، بۆ بەدەستهێنانی دەنگ، چووەتە بەرەیەکەوە و ئەوەش کارێکی ماکیاڤیللییانەیە، مەگەر تەنها بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئینسانی بێ. دەبوو ئەو بەرەکارییە ببێتە هۆی ئەوەی دەنگ نەهێنن. من ئەگەر ئیسلامی بام یان چەپڕەو هەڵوێستێکی جیاوازم بەرامبەر ئەوە دەبوو. بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا خم شێواوە و هیچ پێوەرێک ناتوانێ بەدیققەت بێ. ئاخر لە شەڕ و نەفیر عامەوە بۆ بەئیمامکردن نێوانیان زۆرە. نێوانی ئەو دووە، وەک نێوانی ئیعدامکردن و بەوەزیرکردنی خائینان فراوانە. کامیان ڕاستە؟! چی ڕاستە؟! کێ ڕاستە؟! فریادڕەسێک، خوایە!

خۆزگە مامۆستا عەلی باپیر بە دروشمی دژە (ئەی ڕەقیب)ەوە بە تەنها دەچووە هەڵبژاردنەوە تا بزانین چەند کورد ڕاستەوخۆ لە دژی بەرژەوەندی نەتەوەیی کار دەکەن. ئایا میللەتی ئاوها ئامادەیە بۆ ئەوەی سەربەخۆبێ یان هەر دەبێ قامچی بەدەستێک بە دیارییەوە بێ؟! دەردی ئێمە چووەتە کرۆمۆسۆممانەوە و هەرچی بۆ تەندروستیی نەتەوایەتیمان خراپ بێ لە لامان پیرۆزە و هەرچییەکی بۆ تەندروستی نەتەوایەتیمان باش بێ و یەکمان بخات، نەفرەتی لێ دەکەین.

مۆتەکەی کەرکووک بە دەمانچەی بێدەنگەوە خەڵک دەکوژن، لە هەموو بابەتێک دەکوژن، عارەب نەبێ. کێ دەتوانێ ئەوە بڵێ و پێی نەڵێن ڕەگەزپەرست؟. کام یاسای نەفرەتی پارێزگاری لەو کوژراوانە دەکا؟ من ئەی ڕەقیب دەخەمە سەر سەرم و ئەگەر تەمەنێک بۆ ڕێزلێنانی بوەستم، مافی خۆی نادەمێ چونکە ئەو سروودە هی هیچ حیزبێک نییە، ئەو سروودە هەڵقوڵاوی ناخی نەتەوەییمانە. کەی مەترسی کەوتە سەر ئیسلام بۆ ڕێزلێنانی (مەولای صلی و سلم) دەوەستم و کەی کارگە ئیبلیسییەکان ئەوەندەیان بەرهەم هەبێ چینی کرێکاران پێکبێنێ و بیچەوسێننەوە، بۆ سروودی کرێکاران دەوەستم، بەڵام ئەوەی مەترسی لە سەرە و لەناوبردن هەڕەشەی لێ دەکا، نەتەوەیەکە نەک ئەو گورگانەی نێوان سوێد و نەرویج کە چەندین جار بۆ پاراستنیان لە ئاستی وەزیری هەردوو دەوڵەت کۆبوونەوەیان کرد و بڕیاری نێودەوڵەتییان لە سەر سنووردارکردنی ڕاوەگورگ ئیمزا کرد.

تا (ئوممە عەرەبییە، وەحدە وەحدە حوڕیە) پەکی نەخستووین، با بە ئەی ڕەقیب یەکگرین. بە باشتر زانینی کورد لە میللەتان ڕەگەزپەرستی بێ، بە خراپتر زانینی کورد لە میللەتان بێ ڕەگەزییە! ئەگەر بێ ڕەگەزی زاراوەیەکی نابەجێیە، هیوادارم ڕۆشنبیران زاراوەیەکی بەجێتری بۆ دانێن، چونکە ئەو بۆچوونە ڕووبەرێکی فراوانی لە هۆشی کورد داگیر کردووە: بەعەنتەرایەتیمان لە ناوخۆمان، شەرمنیمان بەرانبەر بێگانە!

ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com



# پێشبینییەکان و ڕەشبینییەکان

پێموایە25ی مانگ چەند گرنگە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک، بێ فرت و فێڵ و هێمنانە لە کوردستان بەڕێوەبچێت، ڕۆژانی دوای ئەو ڕۆژەش کە ڕۆژی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانە دە ئەوەندە گرنگن. ئایا هەموو لیستەکان بەو ئەنجامانەی کە بەدەستیان هێناون ڕازیدەبن؟ ئایا ڕێژەیەکی سەدی لە کوردستان لە خۆئامادەکردندا نییە بۆ ئەوەی هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت ئەنجامەکان قبوڵ نەکات و خۆپێشاندان بکات؟

لە کاتێکدا ناوەندەکانی ڕاپرسی و هەڵسەنگاندنی دەنگدەران ئاماری جیاجیا بڵاودەکەنەوە،پێشبینی بەهێز ئەوەیە کە لیستی گۆڕان 15 کورسی دێنێت، چوار حیزبەکەش 15 کورسی دێنن و لیستی کوردستانیش 70 کورسی دێنێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەم مەزەندانە هەن. مەلابەختیار، وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش لە دیمانەیەکیدا کە لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو)دا بڵاوکرایەوە، ڕایگەیاندووە کە لیستی گۆڕان ئەوپەڕی 15 کورسی دێنێت. بەم شێوەیە هەر لە ئێستاوەڕا ئاستێک بۆ دەنگی لیستەکانی دیکە پێشبینی کراوە، ئەوەش لە کاتێکدایە کە هەر یەک لەو دوو لیستە نەک هەر باوەڕیان بەو ڕێژانە نییە، بگرە باس لە پێکهێنانی حکوومەتیش دەکەن . بە واتایەکی دیکە پێشبینیی خۆیان زۆر جیاوازە لەوەی کە باس دەکرێت. چ گۆڕان و چ چوار حیزبەکە ئەگەر نەتوانن هەریەکەو 15 کورسی بێنن، من دڵنیام لەوەی کە تانەی توند لە ئەنجامەکان دەدەن و قبوڵیان ناکەن، خۆ ئەگەر لەوە زیاتریش بێنن، دیسان پێیانوادەبێت کە فێڵیان لێکراوە و موستەهەقی لەوە زیاتریش بوونە. بە کورتییەکەی کەشوهەوای پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە، هەرچەند فارس دەڵێن:"ساڵێک کە خۆش بێت لە بەهارەکەیەوە دیارە"، بەڵام مەرج نییە ئەو هێمنییە ڕێژەییەی لە پرۆسەی بانگەشەدا هەبوو، دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیش بەهەمان شێوە بێت.

ئینجا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش دۆخەکە شتێک نییە لەوە جیاوازتر بێت، ئەگەرچی ئۆپۆزسیۆن دەنگدەرانی خۆی ئازاد داناوە بە کەیفی خۆیان دەنگ بدەن، بەڵام لەمەشیاندا تانە هەر دەبێت . بۆ نموونە دکتۆر کەمال میراودەلی کە یەکێکە لە پاڵێوراوەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، لێگەڕێ لە ئەنجامەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم، خۆ کاندیداکردنی بارزانیشی قبوڵ نییە چ جای ئەوەی کە بەسەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێتەوە! بۆیە ڕۆژانی دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان ڕۆژانێکی سەخت و حەساسن کە پێویستی بە ڕۆحی لێبووردەیی، دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە توندوتیژییەک و نائارامییەک هەیە.

ئەم هەڵبژاردنە نابێ وەک شەڕی مانونەمان سەیر بکرێت، چونکە یەکگرتوویی ماڵی کوردی لە مەترسیدا دەبێت ئەگەر وابکرێت ناکۆکییەکان قووڵ بکرێنەوە، چونکە لێگەڕێ ئێستا لە هەڵبژاردنێکی ناوخۆییداین، ئەدی سبەی کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقە چی دەکەین؟ کێ لیستی کوردستانییە؟ ئایا ئەوکاتە دەتوانرێ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان دروست بکرێتەوە؟ ئایا ئەوکاتەش بە سێ لیست بەشدار دەبین؟ ئایا ئێمەش وەکو شیعەکانمان لێدێت؟

ئەمانە پێشبینیی ڕەشبینانە نین، واقیعێکە کە خەریکە بەسەر ڕەوشی سەقامگیری هەرێمدا دێت و لەم هانی هانییەی کە لەسەر کورد و کوردستان هەیە، چەند ئەرکی دەسەڵات قورس بێت و بەرپرسیار بێت، هێندەش ئۆپۆزسیۆنی سیاسی ئەرک و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆیە.

کاوە ئەمین
kawe35@hotmail.com



# قاچاخچییەکانی ئاسمان

یەکێک لەو دەسکەوتانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام شانازی پێوە دەکات، کردنەوەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانییە .نکۆڵی لە گرنگی ئەو دوو پرۆژەیە ناکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە، هەموو ساڵێک لە کاتی هاویندا کە ژمارەیەکی زۆر کوردی هەندەران بۆ سەردانی وڵات و کەسوکاریان دەگەڕێنەوە، تووشی نارەحەتی و ماندووبوونێکی زۆر دەبن، ئەوە سەرەڕای ئەو زیانە داراییەی لێیان دەکەوێت.

هەرئەوەندە دەزانی، یەکێک لە هێڵە ئاسمانییەکان پەکی دەکەوێت بەبێ ئەوەی پێش وەخت ئاگاداری موسافیرەکانی بکاتەوە و تەنانەت بەشێوەیەکی زۆر بازاڕیانە مامەڵە لەگەڵ موسافیرەکان دەکەن. کێ بەرپرسیارە لەم کارە؟ تائێستا هیچ کەس و لایەنێک وەڵامێکی دروستیان پێ نییە و تەنانەت نە حکومەتی هەرێمی کوردستان و نە خاوەن کۆمپانیاکان ماندووبوونی ئەو خەڵکە بە هێند وەرناگرن، وەکو ئەوەی هەر هیچ ڕووی نەدابێت، گرنگ ئەوەیە ئەوان پارەی خۆیان وەرگرتووە. لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەوان و ئەو قاچاخچیانەدا نییە کە سەری دەیان لاوی کوردیان خواردووەو ئێستا بەشێک لەوانە لە کوردستان دەسوڕێنەوە، ئەوە لە کاتێکدا دەبووایە ئەوانە لە زیندان دا بوونایە نەک بە ئارەزووی خۆیان بێن و بچن.

یەکێک لەوانەی کە خاوەنی نووسینگەیەکی گەشتوگوزارییە لە سلێمانی، ڕاستی مەسەلەکەی بەم شێوەیە بۆ گێڕامەوە:"تائێستا هێڵی ئاسمانیی عێراق خاوەنی فڕۆکەی سەربەخۆی نییە، بەتایبەتی بۆ وڵاتانی ئەورووپا، ئەوەی هەیە و نییە ئەوەیە، خاوەن هێڵە ئاسمانییەکان لەگەڵ بەرپرسە عێراقی و کوردەکاندا ڕێکدەکەون و فڕۆکەیەک بەکرێ دەگرن، دوای ئەوەی بەرتیلێکی باش دەدەنە بەرپرسە عێراقی و کوردەکان، مۆڵەتی ئەوەیان دەدرێتی کە فڕۆکە لە ئەورووپا بەرەو کوردستان و بەغدا هەڵبستێت، بەڵام بۆ هەموو گەشتێک دەبێت لەلایەن بەرپرسانی هێڵی ئاسمانی عێراقییەوە چرای سەوزیان بۆ هەڵبکرێت، دەنا بە کەیفی خۆیان گەشتەکان دەوەستێنن، کێ بەرتیلی زیاتریان بداتێ ئەویان شانسی زیاترە، زۆربەی ئەو هێڵە ئاسمانیانەش بەشێوەیەک لە شێوەکان سەر بە بەرپرسێکن لە کوردستان یانیش لە عێراق، کورت و کورمانجی قاچاخچێتی دەکەن".

ئەم دیاردە قێزەونە، گەندەڵییە و، کەس نییە لە تاوانباران و دزەکان بپرسێتەوە و تەنانەت ڕاگەیاندنی ئەهلی و نائەهلی لەم وڵاتەدا گرنگی بەم دیاردەیە نادەن.

وڵاتێکی وەک تورکیا، ساڵانە لە کاتی وەرزی هاویندا، نرخی بلیتەکان بۆ ئەو منداڵ و گەنجە تورکانەی کە دەچنەوە ئەو وڵاتە، دادەشکێنێت، تا زیاتر بە فەرهەنگی خۆیان ئاشنا بن و زمانەکەیان بپارێزن. ئێمەش نەک قروشێک خاترمان ناگرن، بەڵکو بەهۆی ئەو هەموو درۆکردن و ڕاکە ڕاکەیەی پێمان دەکەن، نەک منداڵەکانمان بەڵکو خۆشمان خەریکە ئاوات دەخوازین بەوەی کە سەرەڕای ئەو هەموو سووکایەتییەی پێمان دەکرا بەتایبەتی لە تورکیا، جارێکی دیکە پەنا بەرینەوە بەر ئەوان. سەیرەکە لەوەدایە هەموو ئەم شتانە دەخەنە خانەی کوردایەتییەوە وەکو ئەوەی بە خۆڕایی ئەو خەڵکە بهێننەوە.

بۆ ئەوەی ئەم دیاردە دزێوە جارێکی دیکە ڕوونەداتەوە، پێویستە کوردانی دانیشتووی ئەورووپا ئەوانەی کە زەرەرمەند بوون لەو وڵاتانەی کە لێی دەژین، پەنا بۆ دادگاکان بەرن و چیدیکە ڕێگا بە قاچاخچییەکانی ئاسمان نەدەن لەسەر حسابی ئەوان دەوڵەمەند بن، ئەم کارە بەم شێوەیە بڕوات دەبێ چاوەڕوانی شتی زۆر خراپ بکەین، چونکە پێناچێت ئەو فڕۆکانەی کە لە ئەورووپاوە خەڵک دەگوێزنەوە بۆ کوردستان، بیمەکرابن.

شەرمە بازرگانانی کورد، بازرگانی بە ژیانی هاووڵاتیانی کوردستانەوە دەکەن، ئەوەتا هەرچی خۆراکی خراپە هێنراوەتەوە کوردستان و دەرخواردی ئەو خەڵکە دەدرێت، ئەگەر ئاوا بڕوات ئەنفالی سەکتەی دڵ هەموو کوردستان دەگرێتەوە و دەیان هەزار کورد ساڵانە دەبنە قوربانی چاوچنۆکی بازرگانانی کورد، ئەوەتا ئێستا لە ئاسمانیش قاچاخچێتیمان پێوە دەکەن، تۆ بڵێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاگای لەم ئەنفال کردنەی کورد نەبێت؟ یان کورد مەحکومە بەو هەموو سووکایەتییەی پێی دەکرێت، ئەگەر وابێت ئێمە شایستەی هەموو شتێکین، ئیتر بۆ گلەیی لە "جیرانەکانمان" بکەین؟

پەیامی ڕووداو

# دەنگدانێکی بێ تەقە

هێشتا باس و خواسی هەڵبژاردن و دیاریکردنی وادەکەی دیارینەکرابوو، لە دانیشتنێکدا لەگەڵی، نەوشیروان مستەفا لێی پرسیم بەڕای تۆ ئەمساڵ هەڵبژاردن دەکرێ؟ منیش پێمگوت دەکرێ، بەڵام لە وادەی خۆیدا نا بەڵکو درەنگتر. لەوەدا هەردوولامان یەکڕابووین دوادەکەوێت، بەڵام ئەمساڵیش دەکرێ. بەڵام لەسەر هەستیاری دۆخەکە بۆچوون جیاواز بووین، ئەو پێیوابوو دۆخی هەرێمی کوردستان مەترسی لەسەر نییە و دەروجیران نەک تێکینادەن بەڵکو دەشیپارێزن. ئەو کە لەو باوەڕەوە بوێری بڕیاردانی دروستکردنی لیستێکی وەرگرت، ئازادی سیاسی خۆی بەکارهێناوە، ئەوەش بە یاسا مافی خۆیەتی، بەوەش گوتارێکی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی دوور لە وتاری ئیسلامی سیاسی لە کێبرکێی ئەوجارەدا بینرا، سەرەڕای هەندێ مەترسی کە لە سلێمانی چاوەڕێ دەکرا، سەلامەتی پرۆسەی بانگەشەکە و، گەرمبوونی لیستەکان خۆشیەکی باش بوو، چونکە ئۆپۆزسیۆن لە هەموو وڵاتاندا نەک تەنیا گوڕو تینێک بە تێکەڵبوونی خەڵک بە پرۆسەی سیاسی و ئیداری وڵاتەکەی دەبەخشێ، بەڵکو حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش دەخاتەوە جولە و لەڕووی بزاوتی سیاسییەوە گەنجیان دەکاتەوە.

من کە یەکێکم لەوانەی پێموایە دیموکراسی نێوخۆیی باشترین پارێزەری هەرێمی کوردستانە بەڕووی مەترسی دەرەکیدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە کوردستان کە خەریکە بە سامانە سروشتییەکانی لە هاوکێشە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکاندا شوێنێک بۆخۆی دەکاتەوە، هەندێ لە دراوسێکان پێیانوایە کوردستان لەو قالبەی ئەوان لە مێشکی خۆیاندا بۆیان دانابوو خەریکە دەردەچێ، بۆیەش هەستیاری دۆخی کوردستان هێشتا زۆری ماوە، لە عێراقیش کورد وەک پێکهاتەیەکی سروشتی لەلایەن نەتەوەی سەردەست (عەرەب)ەوە تەماشا ناکرێ، چونکە هەر ئەو هەفتەیە ساڵح موتڵەگ بە ئاشکرا گوتی، حکومەتی ناوەندی کە ئیتیلافی شیعە پێکهێنەری سەرەکییەتی، بۆیە کێشەکانی لەگەڵ کورد چارەسەر ناکات، بۆ ئەوەی سۆزی شەقامی عەرەبی عێراق بۆ خۆی رابکێشێ و هەڵبژاردنەکانی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو پەرلەمانی عێراق بباتەوە. کەواتە دژایەتی کورد هێشتا لە عێراقیش دا دەنگ هێنەرە.

وەلێ دیسانیش دیموکراسی بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆن، سیستەمێکی سەیری لێدەردەچێ نەک ئاسایی، هەر لەبەر نەبوونی ئۆپۆزسیۆن بوو، میدیای کوردی لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی خۆی لێ تێکچووبوو، لەجیاتی چاودێر ببووە ئۆپۆزسیۆن.

بانگەشەکە سەلامەت بوو، باش بوو پێشتر لە ڕاگەیاندن و لیستەکانەوە هۆشداری توندوتیژبوونی درا، بەوشێوەیە ئەو پەندەی کە دەڵێ (الوقاية خير من العلاج) پەیڕەو بوو، ئێستاش هەقە مەترسییەکەی کۆنسولی گشتیی بەریتانیا لە کوردستان بێنینەوە یاد کە گوتی لەوانەیە هەندێ خەڵکی تووڕە لەجیاتی ئەوەی بچن دەنگبدەن، توندوتیژی بنوێنن و جەژنی هەڵبژاردن بشێوێنن. هێورکردنەوەی ئەوانە لەلایەن هەموو لیستەکانەوە پێویستییەکی ئەو پرۆسە دیموکراسییەیە.

لەوانەیە زۆر حیزب و لیست پێیانوابووبێ هیچیان لێ کەمنەبووەتەوە لەو هەڵبژاردنەدا وایان بۆ دەرنەچێ، لەوانەیە هەندێکی خەیاڵی زۆریان بە ئەنجامی کەمتر بکەوێ، هەموو ئەو شتانە چاوەڕوانکراون بەتایبەتی کە ڕاپرسی زۆر ورد لە کوردستان نین، بۆیەش بیرکردنەوە بە مێشکێکی حەساوە لەکاتی دەرکەوتنی ئەنجامەکان زیاتری کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن پێویستە.

ئاکۆ محەممەد






# سنجاری به هیندستانیش رازییه

**رووداو-هەولێر**

رۆژی 2009/7/21 پەرلەمانی عێراق ناوی بەشی یەکەمی باڵیۆزەکانی عێراقی پەسندکرد، کە لەلایەن لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە پێشکێش کرابوون. پەرلەمانتار تانیا تەلعەت بە (رووداو)ی راگەیاند، ژمارەی باڵیۆزە پاڵێوراوەکان 64باڵیۆزن، کە 13یان کوردن.



یەک لەو پاڵێوراوە کوردانەی ناوی پەسەندکرا حوسێن سنجاری بوو. سنجاری لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی ئەو وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ لەلایەن مام جەلال بۆ ئەم کارە پێشنیاز کراوە. سنجاری دەڵێ ئەو شەش زمان دەزانێ "کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، فارسی و فەرەنسی". هەرچەندە ناوی سنجاری وەک باڵیۆزی پۆرتوگال بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئەو دەڵێ تائێستا باڵیۆزخانەکان دابەشنەکراون " بەڵام حەز دەکەم ببمە باڵیۆزی عێراق لە وڵاتێکی دیموکراتی و بێ گرفت و پێشکەوتوو، جا با ئەو وڵاتە بەرازیل و هیندستانیش بن".

6 »

# عەگالی خەنجەر جەمەدانییە

**رووداو-هەولێر**

پاڵێوراوێکی لیستی چاکسازی تورکمانی بەناوی خەنجەر نووری خەنجەر، بەجلوبەرگێکی تایبەت وێنە وپۆستەری خۆی لەسەر شەقامەکان هەڵواسیووە. خەنجەر دەڵێ ئەوەی لەسەریەتی عەگالی عەرەبی نییە بەڵکو جامانەیە " ئەوە جەمەدانییە وهەموو سەیدەکانی عەرەب وتورکمان وکورد لەسەری دەنێن".



بەپێی قسەی ئەو پالێوراوە لیستەکەیان خاوەنی گەورەترین رێکخستنی تورکمانییە لە کوردستان و گوتیشی عەشیرەتگەری لەنێوتورکمانەکاندانییە"

12 »

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو
**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net
**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com
**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com
**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net
**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net
**دیزاین** : عەبدوڵڵا رەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

# Rûdaw
Rudaw readers know more

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی | Tel: 0750 488 5696 | rudaw@rudaw.net | www.rudaw.net

## لەسەر مافی گشتی بە 2 ملیۆن دینار سزا دەدرێت

# میراودەلی دەڵێ تەقەی خۆشی مەکەن

**تایبەت بەرووداو**

مەسعود بارزانی ئەو سکاڵایەی کشاندەوە کە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەسەر د.کەمال میراودەلی بە تۆمەتی ناو زڕاندن تۆماری کردبوو، بەڵام کۆمسیۆن لەسەر پێشێلکردنی مافی گشتی بە 2 ملیۆن دینار د.کەمالی سزادا. لەلایەکی دیکەوە میراودەلی سوورە لەسەر بردنەوەی هەڵبژاردنەکەو دەڵێت بەزۆرینەی دەنگ سەردەکەوم و داوام لەلایەنگرانم ئەوەیە تەقەی خۆشی نەکەن.

لەدووهەفتەی رابردوودا، مەسعود بارزانی، پاڵێوراوی لیستی کوردستانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سکاڵایەکی بەتۆمەتی ناوزڕاندن لەسەر د.کەمال میراودەلی، لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تۆمارکرد. هەندرێن محەممەد، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بە (رووداو)ی راگەیاند " کاک مەسعود سکالاکەی لەسەر د.کەمال میراودەلی کشاندەوە، بەڵام لەبەرئەوەی مافی گشتی لەسەربوو کۆمسیۆن بە 2 ملیۆن دینار غەرامەی کرد چونکە ناوی یەکێک دەزڕێنێ بەو شێوەیە".

لەلایەکی دیکەوە میراودەلی لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) پێیوایە بەزۆرینەیەکی رەها دەبێتە سەرۆکی هەرێم"راستەوخۆ لەگەڵ جەماوەردا قسەم کردووەو سەرجەم چین و توێژەکان پشتگیریان لێکردووم، ئەگەر



**هەڵۆ لە میراودەلی دەپرسێ : لەسەردەمی بەعسدا، چۆن لە رێگەی فرۆکەخانەی بەغداوە سەفەرتکرد بۆ ئەوروپا؟**

سەرۆکەکانیشیان بڵێن دەنگی بۆ مەدەن جەماوەری گۆڕان دەنگم بۆ دەدات، جەماوەری چوار حیزبەکەش لەهەموو شوێنەکان دەنگم بۆ دەدەن، بەشێک لەبەرپرسەکانیان نەک سەرۆکی یەکەمی حیزبەکان پشتگیرییان بۆ دەربڕیم و لەناو خودی پارتی و یەکێتیشەوە پشتگیری دەکرێم".

د.کەمال میراودەلی، پێیوایە ئەگەر دەرنەچێت ئەوە فێڵکراوە" ئەگەر فێڵ و تەزویر نەکرێت، بەزۆرینەیەکی باش سەردەکەوم، جەژنی سەرکەوتن دەگێڕم و هیوادارم هەر واشبێت، داواو تکام لەهەموو خۆشەویستان ئەوەیە گوڵ ببەخشننەوەو بیکەنە جەژن و تەقەی خۆشی نەکەن".

لەلایەکی دیکەوە هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەرۆکی لیستی پێشکەوتن وکاندیدی سەرۆکی هەرێم لە وەڵامی هێرشێکی میراودەلی بۆ سەری، روونکردنەوەیەکی دەرکرد وتێیدا میراودەلی بەوە تۆمەتبار دەکات کە بنەماڵەکەی سەربە حیزبی بەعس بوون" با باسێکی بنەماڵەی کەمال بکەین: سەلیمی مامەند ئاغای برای لە ساڵی 1982 دوە موستەشار بووە و ئەنوەری برای لە سەرەتای هەشتاکاندا لە دائرەی ئەمنی رانیە کاری کردووە و زۆربەی خزمەکانی سەر بە رژێمی بەعس بوون و چەندین مەدالیای "ئازاییەتییان" لە سەر کورد کوشتن لە سەددامەوە وەرگرتووە. ئەمە جگە لەوەی کەمال میراودەلی بەدرێژایی ژیانی دژایەتی جوتیاران و خەڵکی چەوساوەی کوردستانی کردووە. تکایە با کەمال پێشمان بڵێت لەساڵی 1981 دا، لەسەردەمی رژێمی بەعسدا، لە رێگەی فرۆکەخانەی بەغداوە چۆن سەفەریکرد بۆ ئەوروپا؟".

## 1 گوند 2 کاندید 3 لیست

**عەبدوڵڵا نهێلی**
**رووداو-ئامێدی**

لە گوندێکی سەر سنووری هەرێمی کوردستان سێ لیست رکابەری دەکەن و دوو پالێوراوی پەرلەمانیش خەڵکی ئەو گوندەن.

گوندی گوهەرزێ، کە دەکەوێتە سەر رێگەی سەرەکی نێوان قەزای ئامێدی و ناحیەی دێرەلوک، تاکە گوندە لە سنووری قەزای ئامێدی هەر سێ لیستی (کوردستانی، چاکسازی و خزمەتگوزاری، ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی) لەگەڵ دوو پالێوراوی ئەو گوندە بۆ پەرلەمان کێبرکێ دەکەن. گوندەکە 100 خێزانی تێدایە کە 200 کەس مافی دەنگدانیان هەیە.نایف عیسا، کە دانیشتووی ئەو گوندەیە بۆ (رووداو) گوتی "سێ لیست لە گوندەکەمان کێبرکێ دەکەن، لایەنگرانی ئەو لیستانەش پۆستەرو لافیتەی لیستەکانیان بەماڵەکانیاندا هەڵواسیوە".

سلێمان عومەر، کە پالێوراوی لیستی ئازادی و عەدالەتی کومەڵایەتییە و دانیشتووی گوندی (گوهەرز) ە،لەبارەی بوونی سێ لیستی جیاواز لە گوندەکەیان گوتی "لەرووی سیاسییەوە گوندەکەمان لەو ناوچەیە نموونەییە، چونکە لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولەوە، ململانێ لەناو ئەو گوندەدا هەبووە، ئەوەش پەیوەندی بە رۆشنبیری و تێگەیشتنی خەڵکەکەوە هەیە". گوتیشی "لیستەکان لەو گوندەدا بە ئازادی پروپاگەندەی خۆیان دەکەن، هیوادارم نموونەی ئەو جۆرە گوندانە لەکوردستان زۆر بێ".

هەروەها نەسرەت گوهەرزی، پالێوراوی لیستی خزمەتگوزاری و چاکسازی، بوونی سێ لیستی جیاواز لەگەڵ دوو پالێوراو لە گوندەکەیان بۆ کولتور و رۆشنبیری خەڵکی گوندەکە گەڕاندەوەو گوتی "ئەگەر ئەو رۆشنبیرییە نەبووایە بەیەکەوە هەڵمان نەدەکرد". نەسرەت گوتیشی "هەموو لیستەکان بە ئازادی ریکلام بۆ خۆیان دەکەن و تا ئێستا هیچ کێشە لە گوندەکەمان دروست نەبووە، بێجگە لەو سێ لیستە، لیستەکانی دیکەش لەو گوندە لایەنگریان هەیە".

گوندی هیتوتێ، کە دەکەوێتە نزیک گوندی گوهەرز، بەپێی ئاماری کۆمسیۆن 1101 کەس لەو گوندە مافی دەنگدانیان هەیە، کە جگە لە یەک کەس ئەوانی دیکە دەڵێن دەنگدەدەینە لیستی کوردستانی. سەردار هیتوتی، 36 ساڵ گوتی "لە هەڵبژاردنی رابردوو سەرجەم دانیشتووانی گوندەکەمان یەک دەنگ بوون".

فەرهاد ئەتروشی شرۆڤەکاری سیاسی، لەبارەی فرە رەنگی گوندی گوهەرز بۆ (رووداو) گوتی " بوونی سێ لیستی جیاواز لەو گوندە زۆر ئاسایی و تەندروستە، رێگەیەکە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لەنێو خەڵک، جگە لەوەش هەڵبژاردنی ئەمساڵ جیاوازە لە هەڵبژاردنی رابردوو، چونکە خەڵک بەشێوەیەکی دیموکراتی کێبرکێ و ململانێ دەکەن".

Reklam

